

## سەرۆک بارزانی:

شۆڕشی گوڵان هەڵگری پەیام و ئامانجەکانی شۆڕشی مەزنی ئەیلوول بوو، یەکێکە لە قۆناغە گرنگەکانی بەرخۆدانی پێشمەرگە و گەلی کوردستان. ئەو شۆڕشە سەلماندی کە ئەگەر لە قۆناغێکدا خەباتی گەلی کوردستان تووشی وەستان و نسکۆ هاتبێت، بەڵام ئیرادەی تێکۆشان و خەباتی گەلی کوردستان هیچ کات نەشکاوە و بە هەناسە و تینێکی تازە بەردەوام دەبێت بۆ گەیشتن بە ئازادی. ئەو ئازادی و دەستکەوتانەی ئێستا هەن، بەرهەمی خوێن و قوربانیدانی گەلەکەمانە لە شۆڕشی گوڵان و گشت شۆڕشەکانی تر.



شۆڕشی گوڵان پەیامی خۆبەدەستەوەنەدانی گەلی کوردستان و هەستانەوەی شۆڕشی رزگاریخوازی بوو، لە دژی ستەم و داگیرکاری و دیکتاتۆری، پیلانگێڕیی نێودەوڵەتیشی بۆ لەناوبردنی شۆڕشی کورد لە گۆڕ نا. ئەو شۆڕشە درێژەپێدەری شۆڕشەکانی پێشوو و قۆناغێکی گرنگ لە مێژووی خەباتی گەلەکەمان بوو.



# مانگی ڕەمەزان
# مانگی ڕێزگرتن لە یەکتر

مانگی ڕەمەزانی پیرۆز ئەو مانگە پیرۆزەیە لە ئایینی ئیسلامدا کە وەك فەرزێك هەموو ساڵێك دەبێت موسڵمان تێیدا بەڕۆژوو بێت، لە کاتێکی دیاریکراودا، بە مەرجی خۆی کە لە ئایەتی ١٨٣ سوورەتی «البقرة» خوای میهربان لە قورئانی پیرۆز باسی کردووە.

فەرموودەکانی حەزرەتی پێغەمبەر د.خ، بە تەواوی سەرجەم ئەحکامەکانی لە دەیان فەرموودەدا باسی کردووە و لە سەرجەم کتێبە شەرعییەکاندا لە هەر چوار مەزهەبە موعتەبەرەکەی ئیسلامدا دەرگایەکی فیقهی هەیە بە ناوی پەرتووکی ڕۆژوو کە باسی بابەتی ڕۆژوو بە وردەکارییەکانیەوە دەکات.

ڕۆژوو تەنیا بە قەدەغەکردنی خواردن و خواردنەوە ئەنجام نادرێت، بەڵکو بە ڕێزگرتنە لە کەسانی تر و خۆپاراستنی زوبان و بەتایبەت کۆئەندامەکانی ترە لە ئەنجامنەدانی بەدرەوشتی.

دەقەکانی ئیسلام وا دەڵێن کە جاری وا هەیە، ڕۆژووگر تەنیا برسێتی و توونێتی بۆ دەمێنێتەوە. کە پرسیار کرا لە پێغەمبەر د.خ، چۆن وا بە سەر ئەو ڕۆژووگرەدا دێ؟ لە وڵامدا فەرمووی: ئەو کەسە لەگەڵ ئەوەی کە نان و ئاوی لە خۆی قەدەغە کردووە، بەڵام دەم بە جنێوە بە کەسێك و قسەی نەشیاو بە کەسێکی تر دەڵێت، بوختان بۆ کەسێك هەڵدەبەستێت، یان دەستی لە خوێنی کەسانی تردا دەبێت.

شیکردنەوەی ئەم فەرموودەیە ئەوەمان بۆ دەردەخات کە دەبێت بەرامبەرمان بپارێزین و ئازاری دڵی نەدەین و کەسایەتی کەسی دیکە بپارێزین و نەفسی نەخەینە مەترسییەوە.

بابەتێکی دیکە کە دەبێت مانگی ڕەمەزان فێرمان بکات، بۆ ڕێزگرتن لە یەکتر، وازهێنانە



**شێخ ئیبراهیم شێخ محەمەد تاهیر بەرزنجی**
بەڕێوەبەری ئیرشاد و توێژینەوە لە وەزارەتی ئەوقاف و کاروباری ئایینی

■ **بۆ گوڵانی نووسیوە**

لە پرسیارکردن لە کەسانی تر، کە بەڕۆژووی، یان نا؟ وارد نەبووە لەلای پێغەمبەر د.خ، یان لە سەلەفی ساڵحی ئەم ئۆممەتە، کە کەس حەقی بە رۆژووبوون، یان رۆژوونەبوونی یەکترەوە هەبووبێت، چونکە یەکێ لە گەورە حیکمەتەکانی رۆژووگرتن ئەوەیە کە بە نهێنی بێت لە نێوان خۆت و خوداوەندی گەورەدا .

وانەیەکی زۆر گرنگیتر لە رەمەزاندا، ئەوەیە کە رێز لە یەکتر بگرین و هەروەها رێز لە بیروباوەڕی شوێنکەوتووانی ئایینەکانی دیکە بگرین. واتە چۆن منی موسڵمان پێم خۆشە کەسێکی غەیرە موسڵمان رێز لە مانگی پیرۆزی رەمەزان بگرێت، ئاوهاش ئەوانیش پێیان خۆشە تۆی موسڵمان رێز لە پەرستن و مەعبوودات و جەژن و بۆنەکانی ئەوان بگریت.

لەم مانگەدا تۆی موسڵمان لە قوتابخانەی رەمەزان دەبێت فێری رێزگرتن بیت لە کەسانی دیکە و رێزی هەژارو کەمدەرامەت بگریت بە پێشکەشکردنی هاوکاری و خەندە خستنە سەر لێوەکان و رێزگرتن لە کابانی ماڵەکەت کە بێ مننەت و پرت و بۆڵە لە خزمەتی تۆدایە بۆ ئامادەکردنی سفرە و خوانی ماڵەکەت، بۆیە دەبێت رێز لە هیلاکی و ماندووبوونی بگریت، ئەمەش گەورەترین رێزە لە خودی خۆت وەك تاك.

وانەیەکی دیکەی مانگی رەمەزان کە دەبێت فێری بین، رێزگرتنە لە وەزیفە و کاری رۆژانەی خۆت، واتە نابێت رۆژووبوون ببێتە بیانووی تووڕەبوون و بەرێنەکردنی کار خەڵك و بێتاقەتی و لاوازی لە کارەکانماندا.

وانەی زۆر هەن لە مانگی رەمەزان ئەگەر کەسێك بیەوێت فێری ببێت، ئەگەر دڵەکانمان خاوێن بکەینەوە و نییەتی باش و دروستمان بەرامبەر بە یەکتر هەبێت.



مەحمود محەمەد
ئەندامی مەکتەبی سیاسی و وتەبێژی فەرمیی پارتی دیموکراتی کوردستان بۆ گوڵان:

# هاوبەشیی راستەقینە و پێکەوەسازان و هاوسەنگی ئەولەوییەتی پارتین بۆ بەشداری لە حکومەتی داهاتووی عێراق

**پارتی گوێ لە هەموو لایەک دەگرێت، بەڵام مەرج نییە ئەوەی ئەوان دەیڵێن، ئێمە ئەوە بکەین، بەرژەوەندییەکانی کوردستان لە پەیوەندییەکانمان بە گرنگتر دەزانین**

**پارتی لە ئایاری دوای نسکۆ بە هەڵگیرسانەوەی شۆڕشی گوڵان ئومێدی گێڕایەوە و لە ئایاری دوای ١٦ی ئۆکتۆبەریش متمانەدانەوەی خەڵکی کوردستان بە پارتی دیسان ئومێدی دروست کردەوە**

**خەڵکی کوردستان لە هەڵبژاردنەکانی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراقدا، بە دەنگەکانی خۆیان دووپاتیان کردەوە: پارتی دیموکراتی کوردستان دەتوانێت نوێنەرایەتیی خەڵکی کوردستان بکات و بەرژەوەندییەکانیان بپارێزێت. ئەمەو جیاوازیی جۆری پڕوپاگەندەی پارتی لە هەڵمەتی هەڵبژاردنەکان لەگەڵ لایەنە بەشداربووەکانی دیکەی کوردستان، هەروەها هۆکاری کەمیی بەشداریی هاووڵاتیان لە هەڵبژاردنەکەو کێشەکانی پرۆسەی دەنگدانی ئەلیکترۆنی و سووتانی دەنگەکانی سندوقی ئاوارەکانی شنگال و ڕێکارەکانی گەیشتن بە یەکڕیزی و یەکهەڵوێستی لایەنەکان و تاوتوێکردنی پرسی زۆرینەی سیاسی و زۆرینەی نیشتمانی، هەروەها ئەولەوییاتی پارتی بۆ بەشداری لە حکومەتی داهاتووی عێراق و چەند پرسێکی دیکەی هەنووکەیی، ناوەڕۆکی ئەم دیدارەی گۆڤاری گوڵان لەگەڵ مەحمود محەمەد ئەندامی مەکتەبی سیاسی و وتەبێژی فەرمیی پارتی دیموکراتی کوردستان پێکدەهێنن.**

**بوونی بەهێزی کورد لە بەغدا بۆ ئەوەیە نەهێڵین هەندێک خەڵکی نەفسنزم لە پێناوی بەدیهێنانی زۆر خواستی بچووکی کەسی و حزبیی تەسکدا، پشت لەهەموو خواست و داواکان و بەرژەوەندییەکانی خەڵکی کوردستان بکەن**

*** هاوکات لەگەڵ سەرکەوتنەکانی ئایاری ئەمساڵی پارتی دیموکراتی کوردستان لە هەڵبژاردنەکانی پەرلەمانی عێراقدا، ساڵیادی هەڵگیرسانەوەی شۆڕشی گوڵانیشە لە ئایاری ١٩٧٦، ئەمەش واتە ئایاری ١٩٧٦ دووبارە هەستانەوەی پارتی بوو، دوای نسکۆی ١٩٧٥، هەروەها ئایاری ٢٠١٨ش، دووبارە هەستانەوەی پارتییە دوای کارەساتی ١٦ی ئۆکتۆبەری ٢٠١٧، ئایا چۆن ئەم دوو هەستانەوەی پارتی پێکەوە گرێ دەدەنەوە؟**

- لەدوای نسکۆی ١٩٧٥ دەسەڵاتدارانی ڕژێمی بەعس و تەنانەت بەشێك لە چاودێرانی سیاسییش مەزندەی ئەوەیان دەکرد، بەو پیلانە نێودەوڵەتییەی دژی شۆڕشی کوردستان ئەنجامیان داوە، ئیدی شۆڕشی کوردستان جارێکی دیکە هەڵناستێتەوە و لەسەر ئەم بنەمایەش زۆر مەزندەی خەیاڵاوییان هەڵچنیبوو، بەڵام کاتێك لە ٢٦ی ئایاری ١٩٧٥ شۆڕشی گوڵان جارێکی دیکە دەستی پێکردەوە، هەموو مەزندەکانی پێچەوانە کردەوە و بە شێوازێك لە شێوازەکان ئەوانەی بێ ئومێد کرد کە هەموو شتکیان دابوو بۆ ئەوەی پیلانەکەی ١٩٧٥یان دژی شۆڕشی کوردستان سەرکەوتوو بێت، ئەمەش ئەو ڕاستییەی بۆ هەموو لایەك ئاشکرا کرد، کە دەشێت لە بارودۆخێکی تایبەتیدا و بە پشتیوانیی نێودەوڵەتی پیلان دژی شۆڕشی کوردستان بچنرێت، بەڵام بە دڵنیاییەوە ناتوانن تاسەر تێیدا سەرکەوتووبن و ئاوات و خواستی گەلێکی ئازادیخواز سەرکوت و خامۆش بکەن، هەر بۆیە دوای نزیکەی ساڵێك و دوای ئەوەی توانرا سەرلەنوێ خۆڕێکبخرێتەوە، شۆڕشی گوڵان بە شێواز و گڕوتینێکی نوێوەوە هاتەوە مەیدان و دووبارە ئومێدی زیندوو کردەوە.

بێگومان کارەساتی ١٦ی ئۆکتۆبەریش پیلانێکی دیکەیە دژی قەوارەی سیاسیی هەرێمی کوردستان، ئەم پیلانەش تەنیا پیلانێکی ناوخۆیی نەبوو، بەڵکو ئەویش دەستی ئەملاو ئەولاو و دەرەکیشی تێدا بوو، ئامانج لەم پیلانەش دیسان ئەوە بوو کە خواست و هیواکانی گەلی کوردستان لەناو بەرن و قەوارەی هەرێمی کوردستان بسڕنەوە، بەڵام بە خۆڕاگریی هێزی پێشمەرگەی کوردستان توانرا قەوارە سیاسییەکە بپارێزرێت و لە ١٢ی ئایاری ئەمساڵیش خەڵکی خۆڕاگری کوردستان جارێکی دیکە دەنگ و متمانەی خۆی دایەوە بەو لایەنەی کە توانی بەرگری لە کوردستان بکات و شێلگیرانە بەرامبەر ئەو پیلانە گەورەیە ڕاوەستاو ئامانجی سەرەکیی پیلانەکەی هەڵوەشاندەوە. کەواتە ئەو متمانەیەی خەڵکی کوردستان بە پارتی دیموکراتی کوردستانی دایەوە، مانای ئەوەیە خەڵکی کوردستان پەیامی خۆیان بەو جۆرە ئاراستەکردووە کە پارتی دەتوانێت نوێنەرایەتیی خەڵکی کوردستان بکات و بەرژەوەندییەکانی بپارێزێت و ئاوات و خواستەکانی ئێمە بهێنێتەدی، ئەمەش نیشانەی ویژدانی زیندووی خەڵکی کوردستانە و ئاماژەیە بۆ ئەوەی هەستکردن بە بەرپرسیارێتی روو لە هەڵکشانە، ئەمەش بەو مانایەی کە هەم بەرپرسیاریەتی دەخەنە سەرشانی خەڵك و هەمیش متمانەی خۆیان دەبەخشنە ئەو خەڵکانەی کە لەکاتە سەخت و هەستیارەکاندا دەتوانن بەرپرسیاریەتی هەڵبگرن.

*** دیارە پارتی لە سەرەتای دامەزراندیەوە ئامرازێك بووە بۆ زیندووکردنەوەی ئومێد لەناو گەلی کوردستاندا، ئەگەر هەڵگیرسانەوەی شۆڕشی گوڵان و سەرکەوتنەکانی هەڵبژاردنی ئەمجارە پێکەوە گرێ بدەینەوە، دەتوانین بڵێین ئێستاش پارتی ئامرازێکە بۆ زیندووکردنەوەی ئومێد لەناو خەڵکی کوردستاندا؟**

**غەدرێکی دیکە لە خەڵکی شنگال کرا و چۆن لە ساڵی ٢٠١٤ ئەنفال کران، لە هەڵبژاردنی ئەمجارەشدا دەنگەکانیان ئەنفال کرا**

- لە دوای نسکۆی ساڵی ١٩٧٥ و لەئاکامی ئەو پیلانە نێودەوڵەتییە گەورەیەی دژی شۆڕشی کوردستان ئەنجام درابوو، خەڵك هەستی بە جۆرێك لە نائومێدی دەکرد، بەڵام ئومێدەکە نەمردبوو، لەبەر ئەوەی کەرەستەی بەردەوامبوونی شۆڕش بوونی هەبوو، ئەو ئیرادەیەش تەسلیم نەببوو، بۆیە هەموو خەڵکی کوردستان ئەو ئومێدەی هەبوو کە ئەمڕۆ، یان سبەی دەتوانرێت جارێکی دیکە خۆ رێکبخرێتەوە و ئەو بێ ئومێدییە کۆتایی بێت، هەر بۆیە لە دوای نسکۆ و دوای ئەوەی دووبارە هەڵسەنگاندنەوە کراو سەرلەنوێ خۆمان رێکخستەوە، دووبارە شۆڕش دەستی پێکردەوە و ئومێدکە گەورەتر بووەوە، سەبارەت بە کارەساتی ١٦ی ئۆکتۆبەری ٢٠١٧ش، ئەویش هەر بە هەمان شێوە، ئەوانەی بەشێك بوون لە پیلانی ١٦ی ئۆکتۆبەر، وایان مەزندە دەکرد کە دەتوانن بەو پیلانە ئیرادەی خەڵکی کوردستان و پشتی پارتی دیموکراتی کوردستان بشکێنن و، هەموو ئەو دەستکەوتانەی کە بەخوێن و خەباتی چەندین ساڵە بەدەست هاتوون لەناوی بەرن، بەڵام خەڵکی کوردستان بە خۆڕاگری بەرامبەر هەموو گوشارە سیاسی و ئابوورییەکان، بەرگەی ئەو هەموو ناخۆشییەی گرت و تەسلیم نەبوو، پشتگیری لە مقاوەمەی قارەمانانەی ئەو پێشمەرگانە کرد کە لە پردێ و سحیلا و مەخموور و تەلەسقۆف بەرگرییان کرد و نەیانهێشت کوردستان داگیربکرێتەوە، بۆیە دەنگیان بەو سەرۆکە دایەوە کە دەتوانێت بەرگری لە بەرژەوەندییەکانی گەلی کوردستان بکات و بیانپارێزێت.

*** ئەگەر سەرنج لە هەڵمەتی هەڵبژاردنەکانی ئەمجارەی پارتی بدەین، هەست دەکرا، جۆرێك لە جیاوازیی لەگەڵ تەواوی لایەنە بەشداربووەکانی دیکەی کوردستاندا هەبوو، ئەمەش بووە هۆکاری ئەوەی پارتی لە هەندێك ناوچە دەنگەکانی بە شێوەیەکی بەرچاو زیاد بکات و لە هەندێك شوێنی دیکە کەم بکات، لەسەر ئەم واقیعە راتان چییە؟**

- هەڵمەتی هەڵبژاردنەکانی پارتی لەوەدا جیاواز بوو، پارتی دەیزانی ئەم هەڵبژاردنە بۆ پەرلەمانی عێراقە و دەیزانی چۆن هەڵمەتەکەی خۆی ئاراستە دەکات، بەڵام لایەنەکانی دیکە هەڵمەتی هەڵبژاردنیان بەو شێوەیە بوو وەك ئەوەی هەڵمەتی هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان بێت، ئەمەش وایکرد کە خەڵکی کوردستان بە باشی لە پەیامەکەی پارتی تێبگات و متمانەی بداتێ، سەبارەت بە زیاد و کەمکردنی دەنگەکانیشی لە هەندێك شوێن، ئێمە وەك مەکتەبی سیاسیی پارتی دیموکراتی کوردستان لەمبارەوە بەیانێکمان دەرکردووەو ئاماژەمان بەوە کردووە کە لە هەندێك شوێن دەستکاریی دەنگەکان کراوە، بەتایبەتی لە پارێزگای سلێمانی، لەبەر ئەوەی دەنگەکانی پارتی لە سلێمانی دەنگی راستەقینەی پارتی نییە، ئەمەش بۆچی و چۆن؟ بێگومان دراوەتە دەستی یاسا و دەبێت لێکۆڵینەوەی تێدا بکرێت، بۆ ئەوەی بزانین چۆن ئەو گومانانەی ئێمە دەڕەوێنەوە.

*** ئەگەر هەر لەسەر ئەم پرسە باسی بەشداریی هاووڵاتیان بکەین، بێگومان لەگەڵ ئەوەی بەشداریی هاووڵاتیان لە کوردستان لەچاو شارەکانی دیکەی عێراق تا ئاستێکی بەرز بووە، بەڵام دیسان رێژەی بەشداری لە کوردستانیش لە ئاستی پێویست نەبوو، ئایا هۆکاری کەمیی بەشداریی هاووڵاتیان بۆچی دەگێڕنەوە؟**

- رێژەی بەشداریی هاووڵاتیان لە سەر ئاستی عێراق، بە شێوەیەك کەم بوو، ئەگەر ئاستی بەرزیی بەشداریی هاووڵاتیانی کوردستان نەبوایە، رێژەکە نەدەگەیشتە ٣٥٪، واتە رێژەی بەشداری لە دەوروبەری ٣٠ ٪ بووە. بەڵام سەبارەت بەوەی ئێمە ریژەی بەشداریی هاووڵاتیانی کوردستان بە کەم دەزانین، ئەمەش چەندین هۆکاری خۆی هەیە، ئێمە وەك پارتی خەریکی دووبارە هەڵسەنگاندن و لێکۆڵینەوەین لەسەر ئەو هۆکارانە و دەمانەوێت هۆکارەکان بە تەواوی بزانین، بۆیە هەتا ئاکامی ئەو هەڵسەنگاندن و لێکۆڵینەوانە دەردەکەون، لەوانەیە رایەکی دروست نەدەین، بەڵام دوای دەرکەوتنی ئاکامی ئەو لێکۆڵینەوانە بەرچاومان رۆشنتر دەبێت. بەڵام ئەو هۆکارانەی بەشێوەیەکی سەرەتایی پێمان گەیشتوون بریتین لە:

١- مەسەلەی تۆمارکردنی بایۆمەتری کە زۆر کەس نەیتوانیوە ئەنجامی بدات و بەوەش نەیتوانیوە دەنگ بدات.

٢- لەوانەیە لێدوانەکانی کۆمیسیۆن جێگەی رەخنە بێت کە لە سەرەتاوە ئاماژەی کرد هەر کەس کارتی دەنگدانی نەبێت، ناتوانیت دەنگ بدات و لەدواییشدا گۆڕانکاری بەسەردا هات.

٣- لەم هەڵبژاردنە چوار نەوەی تازە کە پێشتر مافی دەنگدانیان نەبووە و لەم هەڵبژادنە مافی دەنگدانیان هەبووە، دەبێت لیکۆڵینەوە بکرێت، ئایا رێژەی دەنگدان لەناو ئەم چوار نەوە تازەیە چەند بووە.

٤- زۆر کەس نەیتوانیوە شوێنی دەنگدانی خۆی

**بناخەی گەشبینیمان متمانەی خەڵکی کوردستانە بە رێبازی بارزانی و پارتی دیموکراتی کوردستان و سەرۆک بارزانی، پشت ئەستورین بەوەی خەڵکی کوردستان چۆن لە هەڵبژاردنەکانی پەرلەمانی عێراقدا متمانەیان بە پارتی دا، ئەمجارەیان زیاتر متمانە بە پارتی بدەن و زیاتر پشتی بگرن**

**خەڵکی کوردستان گەیشتوونەتە ئەو قەناعەتەی پارتی دیموکراتی کوردستان بۆ بەرگری لە کوردستان و پاراستی بەرژەوەندییەکانی خەڵکی کوردستان لە هەموو حیزبەکانی دیکەی کوردستان لێهاتووترە و دەتوانێت بەرگری لە کوردستان بکات و بەرژەوەندییەکانی خەڵکی کوردستانیش بپارێزێت**

**ئێمە پێشتر بۆ بەدیهێنانی یەکڕیزی و تەبایی نێوماڵی کوردستان، دەستمان لە زۆر ئیستحقاقی خۆمان هەڵگرتووە، بەڵام بە خوێندنەوەی دەنگدەرانی پارتی، ئەمە وەک خۆی نەخوێندراوەتەوە و بەپێچەوانە دژی پارتی سوودی لێ وەرگیراوە**

**ڕێککەوتنی ساڵی ٢٠٠٥ ی نێوان پارتی و یەکێتی کە لەلایەن سەرۆک بارزانی و خوالێخۆشبوو مام جەلالەوە ئیمزا کرابوو، تایبەت بوو بە پۆستی سەرۆکی هەرێم و پۆستی سەرۆک کۆمار، بەڵام یەکێتی نیشتمانی پابەندبوونی بەم ڕێککەوتنە نەهێشت و کەوتە پاڵ ئۆپۆزیسیۆن و داوای هەمووارکردنەوەی دەسەڵاتەکانی سەرۆکی هەرێمی دەکرد، بەڵام ئێستا بارودۆخە شتێکی دیکەیە و وەک ئەو کاتە نییە**

**لە ساڵی ١٩٧٤ لەسەر بنەمای بەرژەوەندیی حزبی لەگەڵ ڕژێمی بەعس ڕێکبکەوتینایە، پارتی وەک حزب دەستکەوتی زۆر گەورەی بەدەست دەهێنا، بەڵام بەرژەوەندییەکانی خەڵک و خاکی کوردستان لای پارتی هێندە گەورە بوو، کە نسکۆی شۆڕشی قبووڵ کرد، بەڵام سازشی لەسەر بەرژەوەندییەکانی خەڵکی کوردستان قبووڵ نەکرد**

بدۆزێتەوە و ئەمەش هۆکارێك بووە کە نەیتوانیوە دەنگ بدات.

٥- پرۆسەی دەنگدانی ئەلیکترۆنی بە شێوەیەکی هێواش و لەسەرخۆ بەڕێوە چوو، لە هەندێك شوێنیش ئامێرەکان هەتا نیوەڕۆ کاریان نەکردووە و لە هەندێك شوێنی دیکە ئامێرەکان هەر نەکەوتوونەتە کارو ناچاربوون بەشێوازی دەنگدانی نائەلیکترۆنی دەنگیان داوە و لەهەندێك شوێنیش بە کۆمەڵ و ١٠-١٢ هەزار کەس هەر نەیانتوانیوە دەنگ بدەن .

بۆیە ئەم هۆکارانە دەبێت هەر یەکەیان بە شێوازی خۆی هەڵسەنگاندن و لێکۆڵینەوەی تایبەتی لەسەر بکرێت.

*** باس لەوە دەکرێت ژمارەیەك سندوقی دەنگدانی ئاوارەکانی شنگال بە بیانووی هەژمارکردنی دەنگەکان جیاکراونەتەوە، بەڵام ئاکامی هەڵبژاردن ڕاگەیەندراو دەنگی ئەو سندوقانە سووتان، ئایا ئەمەش کاریگەری نەبووە؟**

- بە دڵنیاییەوە لە سنووری ١١٦ سندوقێك لە دەنگی ئاوارەکانی شنگال بە بیانووی ئەوەی دەبێت بژمێردرێنەوە، ڕاگەیاندنی ئاکامەکەی دواخرا، بەڵام دوای ئەوەی ئاکامی هەڵبژاردنیش ڕاگەیەندرا، دەنگی ئەو سندوقانە حیساب نەکران، ئەمەش زوڵمێکی دیکە بوو کە لە خەڵکی شنگال کرا، لەبەر ئەوەی بەشی هەرە زۆری دەنگی ئەو سندوقانە، دەنگی ئاوارەکانی شنگال بوون، ئەمەش کاریگەریی ڕاستەوخۆی لەسەر دەنگی کاندیدەکانی شنگال هەبوو، سەبارەت بە هۆکاری حیساب نەکردنی ئەم دەنگانە، بە بۆچوونی ئێمە دوو هۆکارە، یەکەمیان ویستی خەڵکانێك بوو لە بەغدا بۆ ئەوەی لیستی پارتی دیموکراتی کوردستان نەبێتە لیستی یەکەم، لەسەر ئاستی پارێزگای نەینەوا، ئەوی دیکەشیان غەدرێکی دیکە بوو لە خەڵکی شنگال کرا، ئەمەش بەو مانایەی چۆن لە ساڵی ٢٠١٤ ئەنفال کران، لە هەڵبژاردنی ئەمجارەشدا دەنگەکانیان ئەنفال کرا.

*** ئەگەر بێینە سەر ئاکامی هەڵبژاردن و هەوڵەکان بۆ یەکڕیزی و یەکهەڵوێستیی لایەنەکان، دوای ڕاگەیاندنی ئاکامەکانی هەڵبژاردن، ئاشکرایە بەڕێز نێچیرڤان بارزانی لە دوایین ڕۆژی هەڵمەتەکانی هەڵبژاردن، لە ناو ئاپۆرای جەماوەری هەولێر ڕایگەیاند، یەکەم کارتان دوای ڕاگەیاندنی ئاکامەکانی هەڵبژاردن، هەوڵدان دەبێت بۆ ئەوەی لایەنەکان پێکەوە کۆببنەوە و پێکەوە بچن بۆ بەغدا، بەڵام وەك ئێستا دەبینین، شاندی پارتی بەتەنیا چۆتە بەغدا، بۆچی نەتانتوانی بە وەفدێکی هاوبەش بچنە بەغدا؟**

- بە ڕاستی هەوڵێکی جددی درا بۆ ئەوەی کۆبوونەوەیەك لەنێوان هەموو لایەنەکان ئەنجام بدرێت و هەمووومان پێکەوە شاندێکی هاوبەش دروست بکەین و بچینە بەغدا، بەڵام بەشێك لەو حزبانە (٦ لایەنەکە) بە بیانووی ئاکامی هەڵبژاردنەکە ڕەتدەکەنەوەو لە پرۆسەی سیاسیی عێراق بەشداری ناکەن، ئامادە نەبوون لە کۆبوونەوەکە بەشداری بکەن، هەروەها ئەمەشمان لەگەڵ یەکێتی باس کردووە، بەڵام دیار بوو، ئەوان پێشتر شاندێکیان بۆ بەغدا ناردبوو، بۆیە لەو پرسەدا نەهاتنە پێشەوە، ئەگەرنا ئێمە وەك پارتی پێمان باش بوو ئێمە و یەکێتی بە هاوبەشی بچین، کە ئەمانەش کران، ئێمە ناچار بووین شاندێك بنێرینە بەغدا بۆ ئەوەی بزانین بەغدا دەیەوێت چی بکات.

*** ئەولەوییاتی پارتی دیموکراتی کوردستان بۆ بەشداری لە حکومەتی داهاتووی عێراقدا چین؟**

- ئێمە وەك پارتی دیموکراتی کوردستان لەسەر بنەمای سێ ئەولەوییەت بەشداری لە حکومەتی داهاتووی عێراق دەکەین کە بریتین لە: هاوبەشی، پێکەوە سازان، هاوسەنگی (شەراکەت، تەوافق، تەوازن)، ئەمەش واتە ئێمە دەمانەوێت لە حکومەتی داهاتووی عێراق هاوبەشی ڕاستەقینە بین، نەك تەنیا بەشدار بین، واتە دەمانەوێت هاوبەش بین لە داڕشتنی بڕیارەکان، نەك ئەوان خۆیان بڕیارەکان دابڕێژن و ئێمە لێی ئاگادار نەبین، قەناعەتی ئێمە بەو جۆرەیە کە دەبێت پێکەوەسازان (تەوافق) لە نێوان هەموو پێکهاتەکان هەبێت، بەتایبەتی لەو بوارانەی کە پەیوەندی بە خەڵکی کوردستانەوە هەیە و نەبێتە زۆرینە و کەمینە، ئێمە لە دوای ساڵی ٢٠٠٣وە لەسەر ئەم پرانسیپانە ڕێککەوتبووین، بەڵام لەو کاتەوە نەتوانراوە ئەم پرانسیپانە بکرێنە یاسا و جێبەجێ نەکراون، پێداگریمان لەسەر تەوافق لەسەر ئەو بنەمایە هاتووە کە ئەم وڵاتە بە یەك پێکهاتە، ئەوجا ئەو پێکهاتەیە ئایینی بێت، یان قەومی، یان تائیفی بەڕێوەناچێت، بۆیە ئێمە سورین لەسەر ئەوەی ئەو تەوافقە بپارێزرێت و بەبێ بوونی تەوافق عێراق نابێتە وڵاتێکی سەقامگیری ئەوتۆ کە بتوانێت خۆشگوزەرانی بۆ هاووڵاتیانی دابین بکات.

خاڵی سێیەم پرسی هاوسەنگیی پشکی هاووڵاتیانی کوردستانە لەناو ئۆرگانەکانی دەسەڵات و حکومەتی عێراقدا، دەبێت ئەم هاوسەنگییە ڕەچاو بکرێت، ئەگەر لەم ڕووەوە سەیری پۆستەکانی (باڵیۆزەکان، بریکاری وەزارەتەکان، بەڕێوەبەرە گشتییەکان، ڕاوێژکارەکان، ڕێژەی کورد لە سوپای

عێراقدا و.. هتد) بکەین، دەبینین چەندین پۆست هەیە کە پێویستە کورد لەو پۆستانە بێت، بەڵام ئێستا بە خەڵکی دیکە پڕکراونەتەوە، لە دوای ساڵی ٢٠٠٣ کە سەرلەنوێ سوپای عێراق دامەزرایەوە، رێژەی کورد لە نێوان ٣٠-٣٥٪ بوو لەناو سوپادا، بەڵام ئێستا ئەم رێژەیە ١,٥٪ تێپەڕ ناکات، کەواتە دەبێت ئەم لایەنانەش هەموو چاوی پێدا بخشێنرێتەوە، بۆ ئەوەی هاوسەنگییەك بگەڕێتەوە و کورد هەست بکات جۆرێك لە هاوسەنگی لەنێوان کورد و شیعە و سوننەدا هەیە.

*** بەپێچەوانەی ئەوەی پارتی پێداگری لەسەر تەوافق دەکات، ئەوا ئێستا هەر پێنج لایەنە شیعە سەرەکییەکە کە بریتین لە لیستەکانی (سائیرون، حیکمە، دەوڵەتی یاسا، فەتح و نەسر) هەموویان بە شێوەیەك لە شێوەکان باس لە دوو شێوازی زۆرینە دەکەن، یەکەمیان زۆرینەی سیاسی، دووەمیان زۆرینەی نیشتمانی، ئایا ئەمە رەتکردنەوەی ئەو تەوافوقە نییە کە ئێوە پێداگری لەسەر دەکەن؟**

- سەبارەت بە زۆرینەی سیاسی، دیارە زۆرینەی سیاسی بۆ وڵاتێك دەبێت کە لە رووی نەتەوەیی و ئایینی و مەزهەبییەوە وەك عێراق هێندە فرەنەتەوەو و فرەئایین و فرەمەزهەب نەبێت، بۆیە عێراق کە وڵاتێکی (فرە نەتەوە و فرەئایین و فرەمەزهەبە) بە شێوازی زۆرینەی سیاسی بەڕێوە ناچێت و، دەبێت هەموو پێکهاتەکان بەتایبەتی هەرسێ پێکهاتەی سەرەکی (کورد و سوننە و شیعە) پێکەوە لە حوکمڕانی هاوبەش بن، سەبارەت ئەوەشی پێی دەڵێن (زۆرینەی نیشتمانی)، ئەمەیان مانای ئەوەیە کە دەبێت زۆرینەی پێکهاتە سەرەکییەکان پێکەوە لە حوکمڕانیی عێراقدا هاوبەش بن، ئەمەیان جۆرێکە لە (تەوافق)، بەڵام ئەم زۆرینە نیشتمانییەش دەبێت بە تەوافق بێت لەنێوان زۆرینەی هەرسێ پێکهاتە سەرەکییەکە، نەك لایەنە شیعەکان خۆیان هاوپەیمانییەك پێکبهێنن و ئەوجا بێن چەند کوردێکی سەربەخۆیان و چەند سوننەیەکی سەربەخۆیان بانگ بکەن و بڵێن، ئەوە کورد و سوننەش لەگەڵمان بەشدارە و ئەمەش زۆرینەی نیشتمانییە، بێگومان ئەمەش سەرکەوتوو نابێت.

*** لەگەڵ ئەوەی هەتا ئێستا (کاتی ئەنجامدانی دیمانەکە)، شاندی پارتی لە بەغدا نەگەڕاوەتە، بەڵام پرسیار ئەوەیە ئایا پارتی خۆی لەگەڵ کام لایەنی براوەی شیعە بە نزیکتر لەوانی دیکە دەزانێت؟**

- دەکرێت ئەمە هەڵبگرین بۆ دوای گەڕانەوەی شاندی پارتی و ئاکامی کۆبوونەوەکانیان لەگەڵ هەر پێنج لیستی (سائیرون و فەتح و دەوڵەتی یاسا و نەسر و حیکمە)، هەروەها لەگەڵ لایەنە سوننەکان و ئەو لایەنانەشی کە کورسییان هێناوە بۆ ئەوەی بزانین بەرنامە و بیرکردنەوەی ئەوان بۆ حکومەتی داهاتوو چۆن دەبێت. ئەوکات دەزانین کام لایەن لە ئێمە نزیکترە لەوانی دیکە. بەڵام بە شێوەیەکی گشتی هەر لایەنێك لەسەر بنەمای (شەراکەت و تەوافق و تەوازن) لەگەڵ ئێمە رێکبکەوێت، ئەوا ئەو لایەنە لە ئێمە نزیکتر دەبێت لەوانی دیکە.

*** بەپێی هەندێك هەواڵ کە دزەی کردۆتە ناو میدیاکانی عێراق، باس لەوە دەکرێت پارتی هێڵی سووری بەرامبەر هەندێك کەس هەیە، ئایا پارتی هێڵی سووری بەرامبەر هیچ کەسێك لە پرۆسەی سیاسیی عێراقدا هەیە؟**

- ئێمە تێبینیمان لەسەر ئەدای هەندێك کەس لە حوکمڕانیی پێشتر هەیە، بەڵام هێڵی سوورمان بەرامبەر هیچ کەسێك نییە، بۆ ئەوەی کێ دەبێتە کاندیدی سەرۆك وەزیرانی داهاتوو. بە بۆچوونی ئێمە ئەمە دەکەوێتە سەر ئەو لایەنە شیعیانەی کە لەسەر ئەم پرسە هاوپەیمانی دەکەن، بۆیە ئێستا وێستگەیەکی نوێیە و لەگەڵ کۆمەڵێك پێشهاتی تازە مامەڵە دەکەین کە بۆ هەر لایەکمان بە جۆرێك گرنگە، ئەم ویستگە نوێیە پاش ئەنجامدانی ریفراندۆمە لە کوردستان، بۆیە بۆ ئێمە گرنگە بزانین ئەوان دەیانەوێت پەیوەندی نێوان کوردستان بەغدا دوای ئەم قۆناخە چۆن بێت، یان کە ئێمە پێداگری لەسەر شەراکەت دەکەین، ئەوان چۆن شەراکەتی ئێمە قبووڵ دەکەن.

*** باسی قۆناخی دوای ریفراندۆمت کرد، بەڵام لە شەقامی کوردستان هەندێك جار ئەو پرسیارە دەکرێت، پارتی کە رێبەرایەتی پرۆسەی ریفراندۆمی کرد، بۆچی شاند دەنێرێتە بەغدا؟**

- ریفراندۆم وەك پرۆسەیەك ئەنجامدراو سەرکەوتووش بوو، لەم پرۆسەیە خەڵکی کوردستان توانی ئازادانە رای خۆی دەرببڕێت، بە شێوەیەکی رێکوپێکیش ئەم خواستەی خەڵکی کوردستان بە جیهان راگەیەندراوە، بەڵام لە دوای ریفراندۆم بارودۆخێك بە دژی خواستی خەڵکی کوردستان راوەستا، ئەمەیان پرسێکی دیکەیە، بۆیە ریفراندۆم لە جێگەی خۆیەتی و پێشتریش گوتوومانە دوای ئەنجامدانی ریفراندۆم بۆ دیاریکردنی پەیوەندییەکانی نێوان هەرێمی کوردستان و بەغدا وتووێژ دەکەین، ئەمەش مانای ئەوەیە تا ئەو کاتەی ئێمە لەگەڵ

**پارتی لەبنەڕەتدا بۆ ئەوە دروست بووە کە بەرگری لە بەرژەوەندییەکانی خەڵکی کوردستان بکات، بۆیە ئاڵاکەی سەر سینگی کاک فازیل ئاماژەیە بۆ ئەوەی شاندی پارتی وەک نوێنەری خەڵکی کوردستان دانوستاندن دەکات**

**ئێرانییەکانیش وەک ئەمریکا، قسەی خۆیان لەسەر ئەو پرۆسەیە هەیە، ئێمە گوێ لە هەموو لایەنێک رادەگرین، بەڵام ئەم گوێگرتنەی ئێمە بەو مانایە نییە، هەرچی ئەوان دەیانەوێت، ئێمە ئەوە دەکەین. ئێمە سەیری بەرژەوەندییەکانی خەڵکی کوردستان دەکەین، لەسەر ئەولەوییەتی بەرژەوەندییەکانی کوردستانیش مامەڵەیان لەگەڵ دەکەین**

عێراقدا بین، دەبێت بە هێزەوە لە بەغدا بوونمان هەبێت، ئەم بوونە بەهێزەش بۆ ئەوەیە نەهێڵین هەندێك خەڵكی نەفسنزم لە پێناوی بەدیهێنانی زۆر خواستی بچووكی كەسی و حزبی تەسكدا، پشت لەهەموو خواست و داواكان و بەرژەوەندییەكانی خەڵكی كوردستان بكەن.

*** لیستی یەكەمی براوەی هەڵبژاردنەكان لەسەر ئاستی عێراق، لیستی سائیرونە بە سەرۆكایەتی موقتەدا سەدر، ئەو دەڵێت: ئێمە كاندیدمان بۆ پۆستی سەرۆك وەزیران نابێت، ئایا ئەمە شتێكی تازە نییە لەناو پرۆسەكەدا؟**

- با راشكاوانە قسە بكەین، پێكهێنانی حكومەت بە تەنیا لە دەستی لایەنە شیعەكانی عێراقدا نییە، وڵاتانی دەورووبەری عێراق و وڵاتانی عەرەبی و ئەمریكا و ئەوروپاش كاریگەریی خۆیان لە سەر ئەو دۆخە هەیە، ئەمەش مانای ئەوەیە رازیكردنی ئەم هەموو لایەنە لەسەر كاندیدێك لەوانەیە كارێكی ئاسان نەبێت، لە كابینەكانی پێشتردا جۆرێك نزیكی لە نێوان ئەمریكا و ئێران هەبوو، بەڵام پێدەچێت ئەمجارەیان تێڕوانینی هەردوولایان بۆ ئایندەی عێراق لە یەكتری دوور بێت، پێشتر هەردوولا دەیانگوت هەر كەسێك ببێتە سەرۆك وەزیرانی عێراق، ئێمە مامەڵەی لەگەڵ دەكەین، بەڵام ئێستا ئەمریكا و ئێرانیش تێبینییان لەسەر هەندێك كەسایەتی هەیە، ئەمەش پرۆسەی پێكهێنانی حكومەتی قورستر كردووە.

*** كەواتە ئەمە مانای ئەوەیە گوشارێك لەسەر هەموو لایەنەكان دروست بووە، ئایا ئەو گوشارانەی ئێران و ئەمریكا لەسەر پارتیش بوونی هەیە؟**

- بێگومان ئێرانیەكانیش وەك ئەمریكا، قسەی خۆیان لەسەر ئەو پرۆسەیە هەیە، ئێمە گوێ لە هەموو لایەنێك رادەگرین، بەڵام ئەم گوێگرتنەی ئێمە بەو مانایە نییە، هەرچی ئەوان دەیانەوێت، ئێمە ئەوە دەكەین. ئێمە سەیری بەرژەوەندییەكانی خەڵكی كوردستان دەكەین، لەسەر ئەولەوییەتی بەرژەوەندییەكانی كوردستانیش مامەڵەیان لەگەڵ دەكەین، لێرەدا نایشارمەوە، لە پێشتردا زۆر جار هەندێك خواست و ویستمان هەبووە، بەڵام دوای ئەوەی لە لایەنێكی نێودەوڵەتییەوە كۆمەڵێك بەڵێنیان پێداوین، ئەو خواست و ویستەمان بۆ ماوەیەك دواخستووە، بەڵام دواتر خۆیان نەكردۆتە خاوەنی بەڵێنەكانیان و جێبەجێیان نەكردووە، ئەمە وامان لێدەكات كە بڵێین، پەیوەندییەكانمان شتێكە و خواست و بەرژەوەندییەكانی خەڵكی كوردستانیش شتێكی ترەو نابێت خواست و بەرژەوەندییەكانی خەڵكی كوردستان بكەینە قوربانیی پەیوەندیەكانمان، بەپێچەوانەوە دەبێت ئەو پەیوەندییانە بەهێز بكەین بۆ چۆنیەتی دەستەبەركردنی بەرژەوەندییەكانی خەڵكی كوردستان، بێگومان ئەو لایەنانەش كە دەبنە هێز و پشتیوانی بۆ بەرژەوەندییەكانی خەڵكی كوردستان، پەیوەندیەكانمان لەگەڵیان بەهێزتر دەبێت، بەڵام لە هەموو بارودۆخێكدا بەشداری ئێمە لە حكومەتی داهاتووی عێراق لەسەر بنەمای ( شەراكەت و تەوافق و تەوازن) دەبێت.

*** بەڕێز فازڵ میرانی وەك سەرۆكی شاندی پارتی سەردانی بەغدای كردووە، بەڵام ئاڵای كوردستانی لەیەخەی خۆی داوە، ئایا ئەو ئاڵایەی سەرسینگی سەرۆكی شاندی پارتی چ مانایەكی هەیە؟**

- بێگومان هەموو ئەو ئەولەوییەتەی پارتی دایناون، بریتین لە بەرژەوەندییەكانی خەڵكی كوردستان، لەبنەڕەتیشدا بۆیە پارتی دروست بووە، بۆ ئەوەی بەرگری لە بەرژەوەندییەكانی خەڵكی كوردستان بكات، بۆیە ئاڵاكەی سەر سینگی كاك فازیل ئاماژەیە بۆ ئەوەی شاندی پارتی وەك نوێنەری خەڵكی كوردستان دانوستاندن دەكات و وەك نوێنەری خەڵكی كوردستان بەشداری دەكەین، پارتی لەسەر بنەمای بەرژەوەندی حزبی ناچێتە بەغدا، هەروەك چۆن ئەگەر لەساڵی ١٩٧٤ لەسەر بنەمای بەرژەوەندیی حزبی لەگەڵ رژێمی بەعس رێكبكەوتینایە، پارتی وەك حزب دەستكەوتی زۆر گەورەی بەدەست دەهێنا، بەڵام بەرژەوەندییەكانی خەڵك و خاكی كوردستان لای پارتی هێندە گەورە بوو، كە نسكۆی شۆڕشی قبووڵ كرد، بەڵام سازشی لەسەر بەرژەوەندییەكانی خەڵكی كوردستان قبووڵ نەكرد. حەزدەكەم راشكاوانە ئاماژە بە پرەنسیپێكی بیركردنەوەی خۆمان بكەم، ئێمە دەڵێین: ئێمە مرۆڤین، كورد و كوردستانین، ئینجا پارتین.

*** دوای گەڕانەوەی ئەم شاندە كە وەك باست كرد، بۆ تێگەیشتنە لە بۆچوونی لایەنەكانی عێراقی، ئایا پارتی هەر بە تەنیا بەشداری دەكات، یان دووبارە هەوڵدەداتەوە شاندێكی هاوبەش دروست بێت و ئەوجا دەست بە دانوستاندنەكان بكاتەوە؟**

- ئێمە پێمان خۆشە هەموو لایەنەكان پێكەوە شاندێكی هاوبەش دروست بكەین، ئەگەر ئەمە نەكرا، چەند لایەنێك پێكەوە شاندێكی هاوبەش پێكبهێنن، بە هەر حاڵ جارێ نازانین ئەو لایەنانەی كە رایانگەیاندووە بایكۆت دەكەن، مەبەستیان لە

**پێشتریش گوتوومانە دوای ئەنجامدانی ریفراندۆم بۆ دیاریكردنی پەیوەندییەكانی نێوان هەرێمی كوردستان و بەغدا وتوویژ دەكەین، ئەمەش مانای ئەوەیە تا ئەو كاتەی ئێمە لەگەڵ عێراقدا بین، دەبێت بە هێزەوە لە بەغدا بوونمان هەبێت**

**ریفراندۆم وەک پرۆسەیەک ئەنجامدراو سەرکەوتووش بوو، لەم پرۆسەیە خەڵکی کوردستان توانی ئازادانە رای خۆی دەرببرێت، بە شێوەیەکی رێکوپێکیش ئەم خواستەی خەڵکی کوردستان بە جیهان راگەیەندراوە**

**عێراق كە وڵاتێكی (فرە نەتەوە و فرەئایین و فرەمەزهەبە) بە شێوازی زۆرینەی سیاسی بەڕێوە ناچێت و، دەبێت هەموو پێكهاتەكان بەتایبەتی هەرسێ پێكهاتەی سەرەكی (كورد و سوننە و شیعە) پێكەوە لە حوكمڕانی هاوبەش بن**

بایکۆتکردنە چییە، پرسیار ئەوەیە ئایا ئەو لایەنانە لە پەرلەمان و حکومەتیش بەشدار نابن، یان لە پەرلەمان بەشدار دەبن و بەشداری حکومەت ناکەن.

*** ئایا لەدوای ڕاگەیاندنی ئاکامەکانی هەڵبژاردن و پێش ئەوەی شاندەکان بچنە بەغدا، هەردوو مەکتەبی سیاسیی پارتی و یەکێتی کۆبوونەتەوە؟**

- لەدوای ڕاگەیاندنی ئاکامەکانی هەڵبژاردنەوە، هیچ کۆبوونەوەیەك لەنێوان هەردوو مەکتەبی سیاسیی پارتی و یەکێتی نەکراوە، دوایین کۆبوونەوە کە کرابێت، ئەو کۆبوونەوەیە لەنێوان شاندی پارتی بە سەرۆکایەتی کاك فازڵ میرانی لەگەڵ شاندی یەکێتی لە بەغدا بووە. بەڵام ئێمە و یەکێتی و حزبەکانی دیکەش پێویستمان بەوەیە لە ناو خۆماندا لەسەر چۆنیەتی بەشداریکردنمان لە حکومەتی عێراقدا ڕێکبکەوین.

*** ئایا بۆچوونەکانتان لەگەڵ یەکێتی لێك نزیکە؟**

- ئەگەر بۆچوونی یەکێتی وەك ساڵێك پێش ئێستا وابێت، ئەو ڕووداوانەی لەماوەی ئەو ساڵە ڕوویانداوە، هیچ کاریگەری نەبووبێت، ئەوا زۆر لەیەك دوور نین، بەڵام لەدوای ١٦ی ئۆکتۆبەر و ئەم پرۆسەی هەڵبژاردنەوە، پێدەچێت جۆرێك لە گۆرانکاری لە تەرازووی هێزی ناو یەکێتی ڕوویداوە، ئەگەر ئەمە ڕووی نەدابێت، بەدڵنیاییەوە لێك نزیکین.

*** ئەمە واتە لەسەر بنەمای ڕێککەوتنە کۆنەکەیە و پۆستی سەرۆك کۆمار بدرێتە یەکێتی؟**

- نەخێر، ئەوەی باسی دەکەیت، ڕێککەوتنی ساڵی ٢٠٠٥ ی نێوان پارتی و یەکێتی کە لەلایەن سەرۆك بارزانی و خوالێخۆشبوو مام جەلالەوە ئیمزا کرابوو، تایبەت بوو بە پۆستی سەرۆکی هەرێم و پۆستی سەرۆك کۆمار، بەڵام یەکێتی نیشتمانی پابەندبوونی بەم ڕێککەوتنە نەهێشت و کەوتە پاڵ ئۆپۆزیسیۆن و داوای هەمووارکردنەوەی دەسەڵاتەکانی سەرۆکی هەرێمی دەکرد، بەڵام ئێستا بارودۆخە شتێکی دیکەیە و وەك ئەو کاتە نییە.

*** ئایا ئەمە تۆڵەکردنەوەیە و ئێستا ئەو پۆستە بە ئیستحقاقی پارتی دەزانن؟**

- نەخێر، تۆڵەکردنەوە نییە، بەڵام لەبەر ئەوەی ئەو ڕێککەوتنە نەماوە، ئەوا دەبێت گفتوگۆ بکەین کێ پۆستی سەرۆك کۆمار وەردەگرێت، سەبارەت بە ئیستحقاقی پارتیش، بێگومان لە ڕووی ژمارەی کورسییەکان و بە خاڵیش بێت، ئەو پۆستە بە مافی پارتی دەزانین کە وەریبگرێت.

*** ئایا ئەم هەڵوێستەی پارتی ڕەنگدانەوەی گوشاری دەنگدەرانیەتی کە جارێکی دیکە ئیستحقاقی پارتی نەداتە لایەنێکی دیکە؟**

- ئێمە پێشتر بۆ بەدیهێنانی یەکڕیزی و تەبایی نێوماڵی کوردستان، دەستمان لە زۆر ئیستحقاقی خۆمان هەڵگرتووە، بەڵام بە خوێندنەوەی دەنگدەرانی پارتی، ئەمە وەك خۆی نەخوێندراوەتەوە و بەپێچەوانە دژی پارتی سوودی لێ وەرگیراوە، بۆیە ئێمە لێرە بەدواوە نامانەوێت ئەمە دووبارە بکەینەوە و دەبێت هەموو شتێك بە تەوافق و بەپێی ئیستحقاقی هەڵبژاردن بەڕێوە بچێت.

*** ئەگەر پۆستی سەرۆك کۆمار بووە پشکی پارتی، ئایا پارتی ئەم پۆستە هەر بەلایەنەکان نادات، یان ئەگەر کەسایەتییەکی نیشتمانی شایستە بۆ ئەو پۆستە هەبێت، دەبێتە کاندیدی پارتی؟**

- کە کاتی هات، قسە لەسەرئەم پرسە دەکرێت، بەڵام پێش هەموو شت، لەناو پارتیدا چەندین کاراکتەری ئەوتۆ هەن کە بتوانێت ئەو پۆستە بەڕێوەبەرێت و بە باشیش بەڕێوەی ببات و جێگەی پەسەندی هەموو لایەنە پەیوەندیدارەکان بەو پۆستەوە بێت، بەڵام ئەگەر بەرژەوەندیی کوردستان لەوەدا بوو کە کەسایەتییەکی نیشتمانی و بێلایەن بۆ ئەو پۆستە کاندید بکرێت، ئەوا سەکردایەتی پارتی لەکاتی خۆیدا بڕیار دەدات، سەبارەت بە دەنگدەرانی پارتیش جارێ نازانین هەر ئەوەیان پێناخۆشە کە پشکی پارتی بدرێتە لایەنێکی دیکە، یان ئەوەشیان پێناخۆشە بدرێتە هەر کەسێکی دیکە، ئەمەشیان دەبێت لە دەنگدەرانی پارتی تێبگەین.

*** دوایین پرسیارم سەبارەت بە هەڵبژاردنەکانی پەرلەمانی کوردستانە، ئایا لە ڕوانگەی ئاکامی هەڵبژاردنەکانی ئەمجارەوە، چۆن سەیری دەنگەکانی پارتی لە هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان دەکەیت؟**

- بە مەزندەی من، ئێمە هەموومان لەناو پارتی گەشبینین، بناخەی ئەم گەشبینییەشمان متمانەی خەڵکی کوردستانە بە ڕێبازی بارزانی و پارتی دیموکراتی کوردستان و سەرۆك بارزانی، پشت ئەستورین بەوەی خەڵکی کوردستان چۆن لە هەڵبژاردنەکانی پەرلەمانی عێراقدا متمانەیان بە پارتیدا، ئەمجارەیان زیاتر متمانە بە پارتی بدەن و زیاتر پشتی بگرن، ئەمەش لەبەر ئەوەیە خەڵکی کوردستان گەیشتوونەتە ئەو قەناعەتەی پارتی دیموکراتی کوردستان بۆ بەرگری لە کوردستان و پاراستی بەرژەوەندییەکانی خەڵکی کوردستان لە هەموو حیزبەکانی دیکەی کوردستان لێهاتووترە و دەتوانێت بەرگری لە کوردستان بکات و بەرژەوەندییەکانی خەڵکی کوردستانیش بپارێزێت.

**لە سنووری ١١٦ سندوقێک لە دەنگی ئاوارەکانی شنگال بە بیانووی ئەوەی دەبێت بژمێردرێنەوە، ڕاگەیاندنی ئاکامەکەی دواخرا، بەڵام دوای ئەوەی ئاکامی هەڵبژاردنیش ڕاگەیەندرا، دەنگی ئەو سندوقانە حیساب نەکران، ئەمەش زوڵمێکی دیکە بوو کە لە خەڵکی شنگال کراو چۆن لە ساڵی ٢٠١٤ ئەنفال کران، لە هەڵبژاردنی ئەمجارەشدا دەنگەکانیان ئەنفال کرا**

**لە هەندێک شوێن دەستکاری دەنگەکان کراوە، بەتایبەتی لە پارێزگای سلێمانی، لەبەر ئەوەی دەنگەکانی پارتی لە سلێمانی دەنگی ڕاستەقینەی پارتی نییە**

**ئەوانەی بەشێک بوون لە پیلانی ١٦ی ئۆکتۆبەر، وایان مەزندە دەکرد کە دەتوانن بەو پیلانە ئیرادەی خەڵکی کوردستان و پشتی پارتی دیموکراتی کوردستان بشکێنن و، هەموو ئەو دەستکەوتانەی کە بەخوێن و خەباتی چەندین ساڵە بەدەست هاتوون لەناوی بەرن**



## ئانۆ جەوهەر عەبدۆکا

**کەسایەتیی ناسراوی کلدانی ئاشووری سریانی بۆ گوڵان:**

# سەرکەوتنی پارتی لە هەڵبژاردنەکاندا بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە سەرجەم پێکهاتەکانی کوردستان متمانەیان پێداوە

**پارتی دیموکراتی کوردستان دوای ئەوەی سەرکەوتنێکی گەورەی لە هەڵبژاردنە پەرلەمانییەکەی عێراقدا بەدەست هێنا، لە ئێستادا خەڵکی کوردستان بەگشتی و پێکهاتە کوردستانییەکان بەتایبەتی، چاوەڕوانی ئەوەن لە گفتوگۆ و دانوستانەکاندا بۆ پێکهێنانی حکومەتی نوێی عێراق مافە دەستووری و یاساییەکانی گەلی کوردستان بە کردارەکی بچەسپێنێت. بۆ قسەکردن لەسەر ئەم پرسە و زانینی هەڵوێستی پێکهاتەی کریستیانەکان لەم رووەوە، گوڵان دیمانەیەکی لەگەڵ ئانو جەوهەر عەبدۆکا کەسایەتیی ناسراوی کلدانی ئاشووری سریانی ئەنجامدا، لێرەدا پوختەی قسەکانی بڵاودەکەینەوە.**

*** وەکو ئاشکرایە پارتی دیموکراتی کوردستان لە هەڵبژاردنە پەرلەمانییەکەی عێراقدا سەرکەوتنێکی گەورەی بەدەستهێنا، وەکو پێکهاتەی کریستیانەکان کە پارتی لەناو ئەم پێکهاتەیەدا دەنگێکی زۆری بەدەستهێناوە، چۆن لەو سەرکەوتنە دەڕوانن؟**

- ئاشکرایە پارتی دیموکراتی کوردستان توانیویەتی سەرکردایەتیی قۆناغێکی هەستیاری کوردستان بکات، تا گەیشتە ئەو رادەیەی کە هەموو هێزە کوردستانییەکان پێکەوە بتوانن ریفراندۆمێك ئەنجام بدەن و بۆ یەکەمجار هەموو پێکهاتە ئایینی و نەتەوەییەکانی کوردستان بە جیهانیان راگەیاند، ئێمە هەین و داوای مافی خۆمان دەکەین و دەمانەوێت خاوەن خواست و ئیرادەی خۆمان بین، دواتریش هەر پارتی دیموکراتی کوردستان بوو کە توانیویەتی سەرکردایەتیی قۆناغەکە بکات لە دوای سەپاندنی سزا و ئابلۆقە نارەواکان لەلایەن حوکمڕانەکانی عێراقەوە. لێرەدا دەمەوێت ئەوە بڵێم کە ریفراندۆمەکە بە شێوازێکی ئاشتییانە و دیموکراتییانە بەڕێوەچوو، ئێستاش چونی ئێمە بۆ بەغدا پەیامی ئاشتی و پێکەوەژیانە، پارتیش لە هەمو شۆڕش و راپەڕینەکاندا کە سەرکردایەتی کردووە، ئەوەی دووپات کردۆتەوە کە کێشەی ئێمە لەگەڵ گەلی عێراقدا نییە، بەڵکو لەگەڵ کاربەدەستانی عێراقە، واتە کێشەی ئێمە

لەگەڵ ئەو سیستمی حوکمڕانییەیە لە عێراق کە دژایەتیی مافی خەڵکی کوردستان دەکات. ئێستاش کە دەچینە بەغدا پێشمەرگائاسا پارێزەر و داکۆکیکاری مافەکانی خەڵکی کوردستان دەبین و دەبینە پارێزەری ئاشتی و سەقامگیری کۆمەڵایەتی. لێرەدا دەمەوێت ئاماژەش بەوە بکەم کە پارتی دیموکراتی کوردستان لە سەر ئاستی عێراق حزبی براوەیە لە هەڵبژاردنەکاندا، چونکە لایەنەکانی دیکە کە دەنگیان هێناوە، حزب نین، بەڵکو هاوپەیمانێتین کە چەندین حزب لە خۆدەگرن، بەڵام وەك حزب پارتی براوەی یەکەمە لەسەر ئاستی عێراق بە مسۆگەرکردن و بەدەستهێنانی ٢٥ کورسی، هۆکاری سەرکەوتنی پارتیش بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە سەرجەم پێکهاتەکانی کوردستان دەنگیان بەم پارتە داوە، بۆ نموونە لە شارۆچکەی عەنکاوە کە لە سەدا ٩٥ی خەڵکەکە مەسیحین، پارتی دیموکراتی کوردستان براوەی یەکەم بووە و زۆرترین دەنگی بەدەست هێناوە، کەواتە زۆربەی زۆری خەڵکی عەنکاوە کە بە نەتەوە کورد نین و بە ئاین ئیسلام نین، دەنگیان بە پارتی داوە، ئەمەش جوانترین نموونەیە کە خەڵکی کوردستان بە سەرجەم پێکهاتەکانیەوە هیوا و ئومێدیان بە پارتی هەیە و باوەڕیان بە سەرکردایەتی و سەرۆکایەتی جەنابی سەرۆك بارزانی هەیە و متمانەیان بە حیکمەتی جەنابی سەرۆکی حکومەت هەیە کە توانیویەتی کوردستان لە ئابلۆقە و سزای سیاسی و ئابووری دەرباز بکات و ببێتە کاراکتەرێکی سەرەکی لە پرۆسەی پێکهێنانی حکومەت کە ئێمە دەزانین پارتی شاندێکی ئاست بڵندی رەوانەی بەغدا کردووە بە سەرۆکایەتی کاك فازڵ میرانی بۆ ئەوەی گفتوگۆ بکەن لەبارەی ئەوەی چۆن حکومەتی داهاتووی عێراق سەقامگیری دەستەبەر بکات و مافەکانی خەڵکی کوردستان بپارێزێت.

*** باسی ئەو پەیوەندییە توندوتۆڵ و مێژووییەت کرد کە کریستیانەکانی کوردستان لەگەڵ پارتی دیموکراتی کوردستان هەیانە، ئایا ئەو پەیوەندییە بۆچی دەگەڕێتەوە؟**

- مێژووی پەیوەندییەکانی پارتی دیموکراتی کوردستان لەگەڵ مەسیحییەکان بۆ پێش دامەزراندنی پارتی دەگەڕێتەوە، چونکە هەمیشە مەسیحییەکان پەیوەندییەکی مێژوویییان هەبووە لەگەڵ بنەماڵەی بارزانی و لە سەردەمی شێخ ئەحمەدی بارزانی و شێخ عەبدولسەلام بارزانی کریستیانەکان بە شێوەیەکی ئاشتییانە و دادپەروەرانە ژیاون، هەروەها مەسیحییەکان لە سەرجەم شۆڕشەکانی بارزاندا بەشدارییان کردووە، تەنانەت کاتێك مەلا مستەفای بارزانی دەچێتە رووسیا، دوو لەو پێشمەرگانەی لەگەڵیدا دەڕۆن، مەسیحی بوون. کەواتە مەسیحییەکان مێژوویەکی دوورو درێژیان هەیە و پارتی بە هاوبەشێکی راستەقینەی خۆیان دەزانن بۆ بەدیهێنانی مافەکانیان.

*** یەکێك لەو ناوچانەی پارتی دیموکراتی کوردستان دەنگێکی زۆری تێیدا بەدەستهێناوە، ناوچەی دەشتی نەینەوایە، کە پێکهاتەیەکی زۆری کریستیانی تێدایە، ئایا کریستیانەکانی ئەم ناوچەیەش هەمان بۆچوونی کریستیانەکانی دیکەی ناوچەکانی کوردستانیان بەرامبەر پارتی و سەربەخۆیی کوردستان هەیە؟**

- بارودۆخی دەشتی نەینەوا زۆر سەختە، چونکە ئەو ناوچانەی کە مەسیحی و ئێزیدی و شەبەکەکانی تێدا نیشتەجێ بوون، هەموویان کاول کراون و خانووەکان سووتێنراون و ژێرخانی ئەو ناوچانە وێران کراون. هەروەها لە دوای ئازادکردنەوەشیان نیوەی دەشتی نەینەوا لەژێر دەستی حەشدی شەعبیدایە، ئەمە لە کاتێکدا بە دەیان هەزار کەس لە هەولێر و دهۆك و سلێمانین و ناگەڕێنەوە سەر زێدی باب و باپیرانیان. راستە بەشێکیان گەڕاونەتەوە، بەڵام تا ئێستا گەورەترین کەمپی ئاوارە لە عەنکاوە ماوە، چونکە ئەو خەڵکانە متمانەیان بەو هێزانەی ئەو ناوچانە نییە کە پارێزگاری لە ئازادی و ژیانیان بکات. داواکاریی ئێمەش ئەوەیە کە مەلەفی ئەمنی ئەو ناوچانە بدرێتە دەستی خەڵکی ناوچەکە بە هەماهەنگی لەگەڵ هێزی پێشمەرگەی کوردستان و هێزە فەرمییەکانی عێراق، نەك هێزە تایەفەگەر و دەمارگیرەکان، ئیدارەی بکەن.

*** دوا ووتەتان چییە؟**

من دەمەوێت ئەوە دووپات بکەمەوە کە سیاسەتی حەکیمانەی رێزدار سەرۆك بارزانی و لێهاتوویی رێزدار نێچیرڤان بارزانی بوو کە وایکرد هاوسەنگی لە کوردستاندا رابگیرێت و پارێزگاری لە هەرێمی کوردستان وەك قەوارەیەکی دەستووری بکرێت. من وەك کەسێکی مەسیحی و وەك هاووڵاتییەك زۆر گەشبینم کە چۆن ئەم سەرکردایەتییە کوردستانیان لە دۆخێکی سەخت رزگارکرد، ئاواش ئەم هەرێمە بەرەوپێش دەبەن، باوەڕم وایە کە دەست لە ناو دەست لەگەڵ هەموو پێکهاتەکانی دیکەی کوردستاندا دەتوانین وڵاتێکی سەقامگیری و ئازاد و پێشکەوتوو بنیاد بنێین.

**پارتی دیموکراتی کوردستان توانیویەتی سەرکردایەتیی قۆناغێکی هەستیاری کوردستان بکات، تا گەیشتە ئەو راددەیەی کە هەموو هێزە کوردستانییەکان پێکەوە بتوانن ریفراندۆمێك ئەنجام بدەن و بۆ یەکەمجار هەموو پێکهاتە ئایینی و نەتەوەییەکانی کوردستان بە جیهانیان راگەیاند، ئێمە هەین و داوای مافی خۆمان دەکەین و دەمانەوێت خاوەن خواست و ئیرادەی خۆمان بین**

**پارتی دیموکراتی کوردستان لەسەر ئاستی عێراق حزبی براوەیە لە هەڵبژاردنەکاندا، چونکە لایەنەکانی دیکە کە دەنگیان هێناوە، حزب نین، بەڵکو هاوپەیمانێتین کە چەندین حزب لە خۆدەگرن**

**خەڵکی کوردستان بە سەرجەم پێکهاتەکانیەوە هیوا و ئومێدیان بە پارتی هەیە و باوەڕیان بە سەرکردایەتی و سەرۆکایەتی جەنابی سەرۆك بارزانی هەیە**

# کاریگەریی هاوکێشە نێودەوڵەتییەکان لەسەر دۆزی کورد

ئاشکرایە هەردوو جەنگی یەکەم و دووەمی جیهانی چەندین دەرهاویشتەی مەزنی لێ کەوتەوە لە سەرجەم ئاستەکانی ئابووری و کۆمەڵایەتی و سیاسیدا، گرنگترین دەرئەنجامەکانی ئەو دوو جەنگە جیهانییەش بەم شێوەیە بوو:

١. پاش رەوینەوەی دووکەڵی جەنگی جیهانیی یەکەم، رێکخراوی کۆمەڵەی گەلان(عصبة الامم) دامەزرێندرا لە سەر بنەمانی راگرتنی هاوسەنگیی هێز لە نێوان وڵاتە دۆڕاوەکانی شەڕەکە کاری دەکرد، بە شێوەیەك کە هێز و سەنگ و پێگەیان جۆرە هاوسەنگییەکی پێوە دیار بێت، تاوەکو زاتی ئەوە نەکەن، جارێکی دیکە هێرش بکەنە سەر یەکدی، بۆیە رێککەوتننامەیەك بە ناوی (سایکس – پیکو- ١٩١٦) لە نێوان فەرەنسا و بریتانیا واژۆ کرا و میراتی پیاوە پیرەکە کە ئیمپراتۆریەتی عوسمانی بوو، دابەش کرا، لەو پێودانگەدا هیچ حیسابێك بۆ مافە نەتەوەییەکانی کورد نەکرا و لەبەر دۆزینەوەی چەندین سەرچاوەی سرووشتی بەنرخی وەك نەوت، ئەو بەشەی بن رکێفی عوسمانییەکان دابەشکرا بەسەر دوو وڵاتی عەرەبی تازە دروستکراو بە ناوی (عێراق و سووریا) و دەوڵەتی تورکیای نوێ و ئەو بەشەش کە لە بن رکێفی سەفەوییەکاندا بوو بەدەست ئێرانییەکانەوە مایەوە. بەمشێوەیە کوردزمانان کە گەورەترین نەتەوەی بێ دەوڵەتن لە ناوچەکەدا، بوونە قوربانیی هاوکێشەیەکی نێودەوڵەتی و ئیقلیمی دوای جەنگی یەکەمی جیهان.

٢. پاش جەنگی جیهانی دووەمیش دوای ئەوەی کۆمەڵگەی مرۆڤایەتی لاپەڕەیەکی رەشی لە شەڕ وماڵوێرانی تۆمار کرد، ریکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان (الأمم المتحدة) لە ساڵی (١٩٤٥) دامەزرا و بابەتی مافەکانی مرۆڤ بووە سەردێڕی سەرجەم کۆڕ و کۆبوونەوە نێودەوڵەتیوەکان، ئەمجارەیان پاراستنی ئاشتی و ئاسایشی نێودەوڵەتی بە دیاریکردنی مافی چارەی خۆنووسینی ئەو گەلانەی کە ئیستیعمار کرابوون لەلایەن دەوڵەتە زلهێزەکانەوە بووە بنەمای کارکردنی رێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان و سەروەریی دەوڵەتەکان بە پێویست زانرا، هەر لەبەر رۆشنایی بەڵگەنامە نێودەوڵەتییەکەی نەتەوە یەکگرتووەکان جاڕنامەی جیهانی مافەکانی مرۆڤ لە ساڵی (١٩٤٨) هاتەئاراوە کە لە پێشەکییەك و (٣٠) بەند پێکهاتووە، لەم سەروبەندەشدا لەبەر ئەوەی نەتەوەی کورد وەك دەوڵەتێکی ئیستیعمارکراو هەژمار نەکرا، دیسان نەیتوانی بە مافە نەتەوەییەکانی خۆی بگات، کە بریتییە لە دەوڵەتێکی سەربەخۆ.

**● هەوڵی نەتەوەی کورد بۆ گەیشتن بە مافەکانی:**

نەتەوەی کورد لە هەر چوار پارچەکەی کوردستان لە شۆڕش و بزووتنەوەی نەتەوایەتیی خۆی دانەبڕا، بەتایبەتی لە عێراق بە رابەرایەتی (مستەفا بارزانی) ی نەمر، جووڵانەوەیەکی شۆڕشگێڕانەی دەست پێ کرد و توانی سەرجەم چین و توێژە جیاوازەکانی کوردستانی عێراق لەخۆی کۆ بکاتەوە و قۆناغەکانی ئەم بزووتنەوە نیشتمانییەش کە هەوڵی بۆ سەرجەم پێکهاتەکانی خاکی کوردستان دەدا، بە رەچاوکردنی بارودۆخی ئیقلیمی و نێودەوڵەتی و ناوخۆیی بەم شێوەیەی خوارەوە بوو:

**ئـ/ عێراقێکی دیموکراتی کە مافی کورد تێیدا پارێزراو بێت:**

لە قۆناغی هەوڵدان بۆ بەدەستهێنانی مافەکانی نەتەوەی کورد لە چوارچێوەی عێراقێکی دیموکراتیدا، ئەوە بوو بەیاننامەی (١١ی ئازاری ١٩٧٠) هاتەئاراوە کە بۆ یەکەم جار لە بەڵگەنامەیەکی فەرمی وەك دەستوور ناوی نەتەوەی کورد هێنرا و ددان نرا بە مافە کەلتووری و نەتەوایەتییەکانیدا و مافی خودموختاری پێ درا، ئەم دەستکەوتە گەورەیە لە هیچ پارچەیەکی دیکەی کوردستاندا نەهاتۆتەدی، بەڵام زۆری نەبرد، رێکەوتننامەی جەزائیر دژی شۆڕشەکەی کوردستان لە نێوان عێراق و ئێران و لە جەزائیر و ساڵی (١٩٧٥) ئیمزا کرا، کە عێراق چەند بیرە نەوتێکی لە باشووری عێراق پێشکەش بە ئێران کرد، بەرانبەر بە داخستنی سنوور بە رووی شۆڕشی کوردستاندا، ئەوە بوو پاش پێنج ساڵ

**(٩٢,٧٪)ی دەنگدەران لەگەڵ سەربەخۆیی کوردستان بوون، بە کەرکووک و ناوچە دابڕێنراوەکانیشەوە، بەڵام ئەم هەوڵە دیموکراتییانەیەی کوردستان، دەوڵەتە نادیموکراتییەکانی ناوچەکەی هێنایە لەرزە و لە ترسی بە دیموکراتی بوون و لاساییکردنەوەی ئەزموونە دیموکراتییەکەی کوردستان، کەوتنە خۆ و پلانێکی هەرێمی دژی ریفراندۆمەکەی کوردستان چێ کرا و هێڵێکی خیانەتی نێوخۆییشی بۆ دۆزرایەوە**



د. ڕێبین سەلام
دکتۆرا لە یاسای دەستووریدا

بۆ گوڵان نووسیویەتی

واتە لە ساڵی (١٩٨٠)دا عێراق بانگەشەی خاوەندارێتی ئەو بیرە نەوتانەی دەست پێ کردەوە و شەڕی عێراق و ئێران هەڵگیرسا.

**ب/ لەناوبردنی ڕژێمی فاشیی بەعس و بونیادنانی عێراقێکی فیدراڵی:**

دوای ئەوەی شۆڕشی کوردستان بۆی دەرکەوت، ڕژێمی عێراق پابەندی گفت و بەڵێنەکانی خۆی نابێت، بەردەوام بوو لە خەباتی خۆی، ئەمجارەیان بۆ لەناوبردنی ڕژێمەکە و هێنانە کایەی ڕژێمێکی فیدراڵی کە مافەکانی خەڵکی کوردستان تێیدا پارێزراو بێت، ئەوە بوو ڕژێمی بەعسیی فاشیست لە ساڵی (٢٠٠٣) لەناوبرا و لە ساڵی (٢٠٠٥) دەستووری فیدراڵی بە دەنگدانێکی گشتی لە سەرتاپای عێراقدا پەسەند کرا و هەرێمی کوردستان وەك هەرێمێکی فیدراڵی ناسێنرا.

**ج/ لە فیدراڵییەوە بۆ سەربەخۆیی:**

لە ساڵی (٢٠٠٥)ـەوە دەستووری فیدراڵیی عێراق پەسەند کراوە لە لایەن گەلی عێراقەوە کە پێکهاتووە لە (١٤٤) بڕگەی دەستووری، بەڵام زۆربەی هەرە زۆری ماددەکانی ئەم دەستوورەش پاش تێپەڕبوونی سێ خولی پەرلەمان کە (١٢) ساڵ دەکات، جێبەجێ نەکراوە، کە گرنگترینیان بە فیدراڵی بوونی دەسەڵاتی یاسادانان و جێبەجێکردن و دادوەرییە، هەروەها ماددەی (١٤٠)ی تایبەت بە ناوچە دابڕێنراوەکان کە بریتییە لە کەرکووك و ناوچەکانی تر، سەرەڕای ئەم پێشێلکارییانەی دەستوور، قوت و مووچەی خەڵکی کوردستانیش بڕێنرا، جێبەجێنەکردنی دەستوور لە لایەن حوکمی شیعە مەزهەبی زۆرینەوە، دوو سەرئەنجامی لێ کەوتەوە لە عێراق:

یەکەم: سوننەکان پەنایان بردە بەر توندوتیژی و بزووتنەوەیەکی تیرۆریستی وەك داعشیان داڵدە دا و بۆ ماوەی دوو ساڵ ناوچە سوننەکانی عێراقیان خستە ژێر ڕکێفی خۆیانەوە.

دووەم: خەڵکی کوردستان دوای لەناوبردنی داعش و هاوکاریکردنی حکومەتی عێراق لەو شەڕەدا دژی تیرۆریستان، ناوبانگێکی نێودەوڵەتیی باشی بەدەست هێنا، هەروەها لەبەر جێبەجێ نەکردنی دەستووری فیدراڵی لە ساڵی (٢٠٠٥)ـەوە لە (٢٠١٧/٩/٢٥)دا بە شێوەیەکی ئاشتییانە و وەك بەشێك لە مافەکانی مرۆڤ داوای سەربەخۆیی کرد لە عێراق، ئەوە بوو (٪٩٢,٧)ی دەنگدەران لەگەڵ سەربەخۆیی کوردستان بوون، بە کەرکووك و ناوچە دابڕێنراوەکانیشەوە، بەڵام ئەم هەوڵە دیموکراتییانەیەی کوردستان، دەوڵەتە نادیموکراتییەکانی ناوچەکەی هێنایە لەرزە ولە ترسی بە دیموکراتی بوون و لاساییکردنەوەی ئەزموونە دیموکراتییەکەی کوردستان، کەوتنە خۆ و پلانێکی هەرێمی دژی ریفراندۆمەکەی کوردستان چێ کرا و هێڵێکی خیانەتی نێوخۆییشی بۆ دۆزرایەوە، بۆیە لە (٢٠١٧/١٠/١٦)دا هێرش کرایە سەر کەرکووك، هەرچەندە هێڵەکانی بەرگریی هێزی پێشمەرگەی کوردستان زۆر بەهێز و تۆکمە بوون، بەڵام لە بەرەکانی پشتەوە خیانەت لە کوردستان کرا و ئەو ڕۆژە بە خیانەتی (١٦ ی ئۆکتۆبەر) ناوبانگی دەرکرد و شاری کەرکووکی خۆشەویست رادەستی سوپای عێراق و حەشدی شیعە کرا.

بەڵام لەبەر ئەوەی گەل باڵاترین دەسەڵاتە و سەرجەم دەسەڵاتەکانی دیکە لە گەلەوە سەروەری وەردەگرن، بۆیە بڕیاری ریفراندۆمەکەی کوردستان تەنیا لەلایەن خودی گەلی کوردستانەوە هەڵدەوەشێنرێتەوە، ئەویش بە ڕێژەیەکی بەرزتر لەو ڕێژەیەی کە دەنگی بە (بەڵێ) بۆ سەربەخۆیی کوردستان و گەڕاندنەوەی کەرکووك و ناوچە دابڕێنراوەکان بۆ باوەشی کوردستان داوە، بۆیە ریفراندۆمەکەی کوردستان و دەرئەنجامەکەی لەگەڵ هاتنەئارای هەل و مەرجی گونجاو لە نزیکترین دەرفەتدا دەهێنرێتەدی و گرنگترین بەڵگەنامەی ڕەسمییە بەدەست کوردستانییانەوە کە بە شێوەیەکی ڕوون و ئاشکرا خواست و ئیرادەی خەڵکی کوردستان دەربخات بۆ سەربەخۆیی و مافی چارەی خۆنووسین وەك بەشێك لە مافەکانی مرۆڤ.

**ساڵی (٢٠٠٥)ـەوە دەستووری فیدراڵیی عێراق پەسەند کراوە لە لایەن گەلی عێراقەوە کە پێکهاتووە لە (١٤٤) بڕگەی دەستووری، بەڵام زۆربەی هەرە زۆری ماددەکانی ئەم دەستوورەش پاش تێپەڕبوونی سێ خولی پەرلەمان کە (١٢) ساڵ دەکات، جێبەجێ نەکراوە**



ئایدن مەعرووف

سەرۆکی بەرەی تورکمانی لە هەرێمی کوردستان بۆ گوڵان:

# گرنگە بە یەکگرتوویی و یەکڕیزییەوە بچینە بەغدا

## سەرۆکی حکومەتی کوردستان سیاسەتێکی نەرمی پەیڕەو کردووە و دەبێت هەموو لایەنەکان پشتیوانی لێ بکەن

تورکمانەکان رۆڵی سەرۆك بارزانی و پێشمەرگە لە پێکەوەژیانی نێوان پێکهاتەکان و زامنکردنی مافەکانیان بەرز دەنرخێنن. هەمووان لە چاوەڕوانی ئەوەدان لەحکومەتی نوێی عێراقدا وەکو هەموو جارێك پارتی دیموکراتی کوردستان بە رۆڵی مێژوویی خۆی هەستێت و پێگەی گەلی کوردستان بەگشتی و تورکمانەکان بەتایبەتی لە حکومەتدا بچەسپێنێت. بۆ قسەکردن لەسەر ئەم پرسەو بۆ زانینی هەڵوێستی بەرەی تورکمانی چەند پرسیارێکمان ئاراستەی ئایدن مەعرووف سەرۆکی بەرەی تورکمانی لە هەرێمی کوردستان کرد، لێرەدا پوختەی وەڵامەکانی بڵاودەکەینەوە.

*** لە دوای یەکلابوونەوەی دەرئەنجامەکانی هەڵبژاردنەکانی پەرلەمانی عێراق، ئایا پێتوایە پێویستە حزبە و لایەنە سیاسییەکانی ئێمە لە بەغدا بۆ پاراستنی پێگەی هەرێم و دەستەبەرکردنی مافی سەرجەم پێکهاتەکانی دەبێت چی بکەن؟**

- هەمووان لەسەرە ئەوە کۆکین کە یەکڕیزی و یەکدەنگیی نێوان لایەنە سیاسییەکانی کوردستان و داکۆکیکردن لە مافە دەستوورییەکانی هەرێمەکە زۆر گرنگە، بەڵام ئێستاکە کەسەیر دەکرێت، دوای هەڵبژاردنەکان هەر حزبەو بە شاندێکی جیا سەردانی بەغدایان کردووە بۆ گفتوگۆ و دانوستاندن لەگەڵ لایەنەکانی عێراقی بۆ دامەزراندنی حکومەتی تازەی عێراق، کە من پێموایە ئەمە کاریگەری خراپی لەسەر هەڵوێستی سیاسیی هەرێمی کوردستان دەبێت، بۆیە لەم قۆناغەدا زۆر گرنگە حزب و لایەنەکانی کوردستان یەکڕیز و یەکدەنگ بن لەبەغدا، تاوەکو ئەو کیانە سیاسییەی کە لە هەرێمی کوردستان و هەولێر هەیە، بەرەوپێش بچێت، ئەمەش بە گەڕانەوەی متمانەو لێکترنزیکبوونەوەی نێوان لایەنە سیاسییەکان دێتەدی، بەڵام بەداخەوە ئێستاکە متمانەیان بە یەکتر نەماوە، بۆیە بە چەند شاندی جیاجیا چوونەتە بەغدا. هەروەها نەمانی ئەم متمانەیە کاریگەری و ڕەنگدانەوەی لە ناوخۆشدا هەبووە، ئەوەتا ئەمە هۆکارێکە بۆ ئەوەی پڕۆژەی چاکسازی لە پەرلەماندا تێنەپەڕێ و پەسەند نەکرێ. کە پڕۆژەیەکی گرنگە و کاریگەر و ئیجابی دەبێت لەسەر ڕەوشی ئابووری لە هەرێمی کوردستاندا. کە هیوادارم حزبەکان لەم ڕووەوە لە موزایەدەکردن دوور بکەنەوە و بە گیانی حزبییەوە مامەڵەی لەگەڵدا نەکەن، بەڵکو وەك پەرلەمانتارێك شان بدەنەبەر ئەو بەرپرسیارێتیە و هەوڵی پەسەندکردنی بدەن.

*** کێشەی هەڵبژاردنەکانی کەرکووك لەکاتێکدایە کە ئەو پارێزگایە چەندین کێشەی ئەمنی و سیاسی تێدایە، ئایا ئێوە وەکو پێکهاتەی تورکمان چۆن دەڕواننە ئەو کێشەیە و ڕێگەی چارەسەر بۆ ئاساییکردنەوەی دۆخی کەرکووك چییە؟**

- هەڵوێستی ئێمە دیارە کە ئێمە دەرئەنجامی هەڵبژاردنەکەی کەرکووکمان قبووڵ نەکرد، لەبەر ئەوەی پێمانوایە خرووقات و دەستتێوەردان کراوە، کە ئەمەش کاریگەری خراپی دروست کردووە لەسەر ڕەوشی پێکەوەژیانی ئەم شارە، چونکە کەرکووك شارێکی هەستیارە و هەر دەبێت بەم شێوەیەش مامەڵەی لەگەڵدا بکرێت. داواشمان لەکۆمسیۆنی باڵای عێراق کردووە کە سیستەمی ئەلیکترۆنی ڕەت بکاتەوەو بە دەستی دەنگەکان لە یەکتر جیا بکرێنەوە، بەڵگەشمان هەیە بۆ ئەو ساختەکارییانە و گەڕەك هەیە لە کەرکووك تورکمان نشینە و دوو هەزار دەنگدەری هەیە و لە ٩٠٪ی ئەو دەنگدەرە بەشداربوون لە هەڵبژاردنەکاندا، کەچی حزبێکی وەکو بەرەی تورکمانی کە لایەنێکی گەورەیە لە کەرکوك دەنگێکی زۆر کەمی لەو گەڕەکە هێناوە، بەپێچەوانەشەوە لایەنی تر هەیە لە ٪٩٠ دەنگەکانی هێناوە، کە ئەمەش جێی گومانە و دەرئەنجامی خراپیشی لێدەکەوێتەوە. چونکە مەترسیی ئەوەی هەیە کە کێشە سیاسییەکانی شاری کەرکووك ڕەنگدانەوەی لەسەر ڕەوشە کۆمەڵایەتییەکەش هەبێت، ئەمە لە کاتێکدا لە شارێکی وەك هەولێر، ئەگەر کێشەی سیاسیش هەبێت، ئەوا پێکەوەژیان و پەیوەندییەکان ئەوەندە تۆند و تۆڵن کە ئەو کێشە سیاسییە لەسەر ڕەوشی کۆمەڵایەتی کاریگەری نابێت، بۆیە پێویستە دۆخی کەرکووکیش هاوشێوەی هەولێر بێت و پرسە سیاسییەکان کاریگەرییان لەسەر تەبایی و پێکەوەژیان نەبێت.

*** باسی پڕۆژەی چاکسازیی حکومەتی هەرێمی کوردستانت کرد، هەڵبەتە حکومەتی هەرێم بەناو کۆمەڵێك کێشەی سیاسی و حزبی و قەیرانی دارایی و شەڕی داعش و دابەزینی بەهای نەوتدا تێپەڕ بوو، تەنانەت ئابڵوقەو سزای دارایی توندیش خرایە سەر خەڵکی کوردستان، ئایا چۆن لە هەنگاوەکانی دەربازبوون لە قەیرانەکان دەڕوانن؟**

- من پێموایە بەڕێز کاك نێچیرڤان بارزانی سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان سیاسەتێکی زۆر عاقڵانەو حەکیمانەی هەیە و خۆیشی کەسایەتییەکی دیپلۆماتی هەیە و سیاسەتێکی نەرمی پیادە کرد، کە لەگەڵ واقیعی کوردستاندا بگونجێت و پێویستە سەرجەم خەڵکی کوردستانیش و لایەنە سیاسیەکانی هەرێم پشتیوانی لەم سیاسەتە بکەن، چونکە بەهۆی پەیڕەوکردنی ئەم سیاسەتەوە بوو کە هەرێمی کوردستان دوور خرایەوە لە شەڕ و ئاژاوە و ناسەقامگیریی سیاسی و توانرا سەرلەنوێ پەیوەندییەکان لەگەڵ بەغدا و لایەنەکانی دیکە دروست بکرێتەوە.

*** باشە ئێوە چۆن لە ڕەوشی تورکمان لە سایەی حکومەتی هەرێمدا دەڕوانن؟**

- ئێمە دەبێت ئەوە بڵێین کە ڕەوشی تورکمان زۆر باشە، بەڵام کەموکوڕیش هەیە و داواکاریشمان هەیە. من پێمخۆشەوە لە ڕێی گۆڤارەکەتانەوە باس لەوە بکەم کە ئێمە خوازیارین یەکێك لە جێگرەکانی سەرۆکی حکومەت کەسێکی تورکمان بێت، کە پێموایە ئەمە خزمەتی زیاتری ڕەوشی پێکەوەژیان دەکات لەم هەرێمە و تەنانەت ڕەنگدانەوەی دەبێت لەسەر پەیوەندییەکانی هەرێم لەگەڵ دەوڵەتانی دیکە.

**خوازیارین یەکێك لە جێگرەکانی سەرۆکی حکومەت کەسێکی تورکمان بێت، ئەمە خزمەتی زیاتری ڕەوشی پێکەوەژیان دەکات لەم هەرێمە و تەنانەت لەسەر پەیوەندییەکانی هەرێم لەگەڵ دەوڵەتانی دیکە ڕەنگدانەوەی دەبێت**

**پێویستە دۆخی کەرکووکیش هاوشێوەی هەولێر بێت و پرسە سیاسییەکان کاریگەرییان لەسەر تەبایی و پێکەوەژیان نەبێت**

**ئێمە دەرئەنجامی هەڵبژاردنەکەی کەرکووکمان قبووڵ نەکرد، لەبەر ئەوەی پێمانوایە خرووقات و دەستتێوەردان کراوە، ئەمەش کاریگەری خراپی لەسەر ڕەوشی پێکەوەژیانی ئەم شارە دروست کردووە**

# هەڵبژاردنێکی گرنگ و چارەنووسساز لەمەش گرنگتر یەکڕیزی و یەکدەنگیی حزبەکانی کوردستانە

**بە پێچەوانەی ئەوەی پێشتر حزبە ئیسلامییەکان دەنگی باشیان بەدەست دەهێنا، بەڵام هەڵبژاردنی ئەمجارەی عێراق پیشانیدا کە خەڵک لە عێراق و کوردستان سزای حزبە ئیسلامییەکانی داوە**

**ئاستی بەرزی بەشداری لە هەولێر و دهۆک لەم هەڵبژاردنە ئاماژەیە بۆ ئەوەی خەڵکی ئەو ناوچەیە متمانەیان بە حزبەکەیان ماوە، کە پارتی دیموکراتی کوردستانە و دیارە لە روانگەی ئەو خەڵکەوە ئیشی باشی کردووە**

هەڵبژاردنی ئەمجارەی پەرلەمانی عێراق، بۆ کوردستان هەڵبژاردنێکی چارەنووسساز بوو، ئەمەش لەبەر ئەوەیە، ئەم هەڵبژاردنە لە قۆناخی دوای کارەساتی ١٦ی ئۆکتۆبەر و هێرشی هێزەکانی عێراق و حەشدی شەعبی بۆ سەر کەرکووك و ناوچە کوردستانییەکانی دیکە ئەنجامدرا، بەڵام گرنگیی هەڵبژاردنەکە ئاستی بەشداریی خەڵکی کوردستانە بەگشتی، ئەگەرچی لە هەردوو پارێزگای سلێمانی و کەرکووك ئاستی بەشداریکردنەکە وەك پێویست نەبوو. ئەمە لە کاتێکدا دەبوو خەڵك بە حەماس و گڕوتینێکی زیاترەوە بەرەو سندوقەکانی دەنگدان بڕۆشتنایە.

بە بەراورد بە بەشداریی خەڵك لە سلێمانی و کەرکووك، ئاستی بەشداریکردنی هاووڵاتیان لە هەردوو پارێزگای هەولێر و دهۆك لەم هەڵبژاردنە باشتر بوو، بۆیە ئاستی نزمیی بەشداری خەڵك ئەوەمان پیشاندەدات کە خەڵکی سلێمانی لە حزبەکان تووڕەن و متمانەیان بە حزبەکان کەمی کردووە، بەڵام ئاستی بەرزی بەشداری لە هەولێر و دهۆك لەم هەڵبژاردنە ئاماژەیە بۆ ئەوەی خەڵکی ئەو ناوچەیە متمانەیان بە حزبەکەیان ماوە، کە پارتی دیموکراتی کوردستانە و دیارە لە روانگەی ئەو خەڵکەوە ئیشی باشی کردووە.

پرسیاری گرنگ لێرەدا ئەوەیە، ئایا خەڵکی سلێمانی لە کام حزب تووڕەیە و متمانەی بە کام حزب نەماوە؟ بێگومان وەڵامی ئەم پرسیارە ئاکامی دەنگدانەکە دەیداتەوە و ئەو حزبانەی بە ڕێژەیەکی بەرچاو دەنگەکانیان کەمی کردووە، ئەو حزبانەن کە خەڵك لێیان تووڕەن، بۆ ئەمەش ئەگەر سەیری دەنگەکانی بزووتنەوەی گۆڕان بکەین، ئەوا دەتوانین بڵێین بە ڕێژەی نزیکەی ٥٠٪ کەمی کردووە، ئەم کەمکردنەش تۆڵەسەندنەوەی جەماوەری دەڤەری سلێمانییە بەرامبەر ئەو هەموو بەڵێنانەی گۆڕان لە هەڵبژاردنەکانی پێشوو بە خەڵکی داوە، بەڵام نەیتوانیوە جێبەجێی بکەن، ئەو حزبانەی دیکە کە دەنگەکانیان کەمیان کردووە، لەوانە: هەردوو حزبی ئیسلامی (یەکگرتوو و کۆمەڵ)، کەمکردنی دەنگی ئەم حزبە ئیسلامییانە دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی بەشێوەیەکی گشتی رۆڵی حزبە ئیسلامییەکان لە جیهانی ئیسلامیدا بەرەو نەمان دەڕوات، هەتا لەسەر ئاستی عێراقیش ئەمجارە خەڵکی عێراق متمانەیان بەو حزبە ئیسلامییانە نەدایەوە، بۆیە بەپێچەوانەی ئەوەی پێشتر حزبە ئیسلامییەکان دەنگی باشیان بەدەست دەهێنا، بەڵام هەڵبژاردنی ئەمجارەی عێراق پیشانیدا کە خەڵك لە عێراق و کوردستان سزای حزبە ئیسلامییەکانی داوە.

لێرەوە هەر چۆنێك بێت، هەڵبژاردنەکە کرا و ئاکامەکانیشی راگەیەندرا، بۆیە لێرەوە پرسیاری سەرەکی ئەوەیە: ئایا چۆن لەبەر رۆشنایی ئاکامەکانی ئەو هەڵبژاردنە حزب و لایەنە سیاسییەکانی کوردستان مامەڵە لەگەڵ بەغدا دەکەن و پێکەوە هەوڵ بۆ بەدیهێنانی مافە دەستوورییەکانی خەڵکی کوردستان دەدەن؟

سەبارەت بە چۆنیەتی وەڵامدانەوەی ئەم پرسیارە، دوای راگەیاندنی ئاکامەکانی هەڵبژاردن و ئاشکرابوونی کەمکردنی دەنگەکانی هەندێك لایەن،



**د.سیروان کەرکووکی**

**ئەندامی پێشووی پەرلەمانی عێراق**

بۆ گوڵان نووسیویەتی

ئەوا ئێستا ئەو لایەنانەی دەنگیان کەمی کردووە، بە بیانووی ئەوەی دەنگەکانیان دزراوە، دەڵێن بایکۆتی پرۆسەی سیاسی دەکەین و بەشداری ناکەین. بە تێگەیشتنی من بۆ گرنگیی بەشداریی نوێنەرانی کوردستان لە پرۆسەی سیاسیی عێراقدا، بڕیاری ئەو حزبانە هەڵەیە، ئەمەش لەبەر ئەوەیە ژمارەی کورسییەکانی کوردستان لەناو پەرلەمانی عێراق سنووردارە و لە نێوان ٥٨-٦٢ کورسییە، ئەوجا ئەگەر ئەو حزبانە لەبەر کەمیی کورسییەکانیان بایکۆتی پرۆسەی سیاسیی عێراق دەکەن، ئەوا دەتوانن بە بەرنامەیەکی باشەوە لەگەڵ هەردوو لایەنی پارتی و یەکێتی ڕێکبکەون و بەرنامەکەی خۆیان بە ڕێگەی هەموو کورسییەکانی کوردستان لە ناو پەرلەمانی عێراق جێبەجێ بکەن، نەك بە هێزی کورسییەکانی خۆیان، بۆیە لەم چوارچێوەیەدا ئەگەر بەشی زۆری کورسییەکانی کوردستان لەناو پەرلەمانی عێراق، بەر پارتی و یەکێتی کەوتبن، ئەوا پارتی و یەکێتیش بە تەنیا وەك حزب بەو ژمارە کورسییەی کە هەیانە لە ناو پەرلەمانی عێراقدا هیچیان پێ ناکرێت، ئەوانیش دەبێت لەچوارچێوەی نوێنەرایەتیی هەرێمی کوردستاندا داکۆکی لە مافە دەستوورییەکانی هەرێم و خەڵکی کوردستان بکەن کە لە دەستووردا وەك قەوارەیەکی سیاسی ئاماژەی پێکراوە و بە بێ بەشداریی نوێنەرانی کوردستان، پێکهێنانی حکومەتی عێراق کەموکورتی دەبێت و سەرکەوتوو نابێت.

لێرەوە ئەگەر بە ڕوانگەیەکی کوردستانییانە مانای بەشداریکردن لە پەرلەمان و پرۆسەی سیاسیی عێراقدا بخوێنینەوە، ئەوا دەگەینە ئەو ئاکامەی، دەبێت هەموو لایەنەکان بەوانەشی کورسیی کەمیان هێناوە، بە پشت بەستن بە کۆی کورسییەکانی کوردستان، هەروەها بە هەوڵدان بۆ ئەوەی ئەم کورسییانە نوێنەرایەتی قەوارەی سیاسیی هەرێمی کوردستان بکەن و لەسەر ئەو بنەمایە بەشداری بکەن و پشکی هەرێمی کوردستان لەناو پرۆسەی سیاسیی عێراقدا جێگیر بکەن. کەواتە ئەرکی یەکەمی سەرشانی هەموو حزبە سیاسییەکانی کوردستان ئەوەیە، یەکەمجار بەشدارییەکی کارای هاوبەش بکەن و پشکی کوردستان لەناو پرۆسەی سیاسیی عێراقدا دیاری بکەن، بەڵام ئەرکی سەرەکی و دووەم دەبێتە ئەرکی سەرشانی پارتی و یەکێتی و دەبێت هەردوولا بە دڵفراوانی بۆ دابەشکردنی پشکی کوردستان حزبەکانی دیکە بێبەش نەکەن، یان وەك ئەوەی خۆیان بە غەدرلێکراو دەزانن لە ئاکامەکانی سندوقەکانی دەنگدان دەتوانن لە دابەشکردنی پشکەکانی کوردستاندا تۆڵەیان بۆ بکەنەوە.

ئەرکی ئەمجارەی نوێنەرانی کوردستان لە پەرلەمان و پرۆسەی سیاسیی عێراقدا ئەرکێکی هێجگار قورسە و حزبە سیاسییەکان دەبێت لە ئاستی ئەو بەرپرسیارییەدا بن، بارودۆخی ئەمجارەی کوردستان لەگەڵ خولەکانی پێشووی پەرلەمانی عێراقدا زۆر جیاوازە، قۆناخی دوای هێرشکردنی هێزەکانی عێراق و حەشدی شەعبییە بۆ کەرکووك و ناوچە دابڕاوەکانی دیکە، ئەو ناوچانە بە کەرکووکیشەوە لە تێڕوانینی مندا ناوچەی داگیرکراون. ئەگەر سەیری ئێستای کەرکووك بکەین کە پێشتر کورد دەسەڵاتدار بوو تێدا، ئێستا ئەم شارە لەلایەن

**پێش هەموو شت زۆر گرنگە لایەنە کوردستانییەکان جەخت لەسەر دامەزراندنی ئەنجومەنی فیدراڵی بکەنەوە، ئەم ئەنجومەنە هاوشانی ئەنجومەنی نوێنەران، جۆرێک لە هاوسەنگی لەنێوان هەرێمی کوردستان و بەغدا دروست**

**لایەنەکانی شیعەش بە بەراورد بە هەڵبژاردنەکانی پێشتر، لە پێگەیەکی ئەوەندە بەهێزدا نین و ئەوانیش بەسەر چەند لیستێکدا دابەش بوون، بۆیە دەکرێت لایەنە سیاسییەکانی کوردستان سوود لەو خاڵە لاوازەی بەرامبەر وەربگرن و هەوڵبدەن بە وردی کێشەکانی کوردستان لەگەڵ بەغدا دەستنیشان بکەن**

**بە بەراورد بە خولەکانی پێشتر، ئێستا پێگە و شکۆی کورد لە ئاستی پێشاندا نییە و ئەرکی هەموو لایەنە سیاسییەکانە کە بە یەکگرتوویی و لە چوارچێوەی ستراتیژیەتێکی هاوبەشدا ئەو پێگە و شکۆیە بۆ کورد بگێڕنەوە**

**راکان جبووری کە پێشتر جێگری پارێزگار بوو، نەیدەتوانی هیچ قسەیەک بکات، ئێستا کە دوای داگیرکردنی کەرکووک بۆتە پارێزگاری کەرکووک هەر رۆژەی بڕیارێک دژی کوردی کەرکووک دەردەکات و ماڵە کوردەکان دەڕووخێنێت و ئەوەی پێشتر رژێمی بەعس بەرامبەر کورد دەیکرد، ئێستا ئەو جارێکی دیکە زیندووی کردۆتەوە**

**ئەو حزبانە لەبەر کەمیی کورسییەکانیان بایکۆتی پرۆسەی سیاسیی عێراق دەکەن، ئەوا دەتوانن بە بەرنامەیەکی باشەوە لەگەڵ هەردوو لایەنی پارتی و یەکێتی رێکبکەون و بەرنامەکەی خۆیان بە رێگەی هەموو کورسییەکانی کوردستان لە ناو پەرلەمانی عێراق جێبەجێ بکەن**

**ئەو حزبانەی بە رێژەیەکی بەرچاو دەنگەکانیان کەمی کردووە، ئەو حزبانەن کە خەڵک لێیان تووڕەن، بۆ ئەمەش ئەگەر سەیری دەنگەکانی بزووتنەوەی گۆڕان بکەین، ئەوا دەتوانین بڵێین بە رێژەی نزیکەی ٥٠٪ کەمی کردووە**

حاکمێکی عەسکەرییەوە بەڕێوە دەبرێت و راکان جبووری کە پێشتر جێگری پارێزگار بوو، نەیدەتوانی هیچ قسەیەك بكات، ئێستا کە دوای داگیرکردنی کەرکووك بۆتە پارێزگاری کەرکووك هەر رۆژەی بڕیارێك دژی کوردی کەرکووك دەردەکات و ماڵە کوردەکان دەڕووخێنێت و ئەوەی پێشتر رژێمی بەعس بەرامبەر کورد دەیکرد، ئێستا ئەو جارێکی دیکە زیندووی کردۆتەوە.

ئەگەر سەیری پێگە و نفووزی ئێستای کوردستان لەناو پرۆسەی سیاسیی عێراقدا بکەین، دەبینین بە بەراورد بە خولەکانی پێشتر، ئێستا پێگە و شکۆی کورد لە ئاستی پێشاندا نییە و ئەرکی هەموو لایەنە سیاسییەکانە کە بە یەکگرتوویی و لە چوارچێوەی ستراتیژیەتێکی هاوبەشدا ئەو پێگە و شکۆیە بۆ کورد بگێڕنەوە، لەسەر ئاستی دەوڵەتی عێراقیش کە لە دەستووردا بە دەوڵەتێکی فیدراڵی پێناسە کراوە، ئەوا ئێستا لەواقعیدا عێراق دەوڵەتێکی فیدراڵی نییە و دەبێت هەوڵ بدرێت ئەم دەوڵەتە بکرێتەوە بە دەوڵەتێکی فیدراڵی.

لە چوارچێوەی ئەم بارودۆخە سەختەدا، لایەنەکانی شیعەش بە بەرارود بە هەڵبژاردنەکانی پێشتر، لە پێگەیەکی ئەوەندە بەهێزدا نین و ئەوانیش بەسەر چەند لیستێکدا دابەش بوون، بۆیە دەکرێت لایەنە سیاسییەکانی کوردستان سوود لەو خاڵە لاوازەی بەرامبەر وەربگرن و هەوڵبدەن بە وردی کێشەکانی کوردستان لەگەڵ بەغدا دەستنیشان بکەن و بە یەکگرتوویی هەوڵبدەن لەگەڵ لایەنەکانی دیکەدا رێگەچارەیەکی بۆ بدۆزنەوە.

بە بۆچوونی من کێشەکانی نێوان کوردستان و بەغدا چەند کێشەیەکی سەرەکین و ئەوانی دیکە تا رادەیەك لاوەکین، بۆیە ئەگەر کێشە سەرەکییەکان چارەسەر بکرێن، لاوەکییەکان ئاسان دەبن، کێشە سەرەکییەکان برتین لە:

١- پێش هەموو شت زۆر گرنگە لایەنە کوردستانییەکان جەخت لەسەر دامەزراندنی ئەنجومەنی فیدراڵی بکەنەوە، ئەم ئەنجومەنە هاوشانی ئەنجومەنی نوێنەران، جۆرێك لە هاوسەنگی لەنێوان هەرێمی کوردستان و بەغدا دروست دەکات، دەوڵەتی عێراقیش سیمای دەوڵەتێکی فیدراڵی وەردەگرێت.

٢- هەوڵدان بۆ جێبەجێکردنی ماددەی ١٤٠، ئەمەش بەو مانایەی سەرەتا و پێش هەموو شت، دووبارە پێناسەکردنەوەی کەرکووك و تەواوی ناوچە کوردستانییەکانی دیکەی کوردستان، وەك ناوچەی کێشە لەسەر لەنێوان هەرێم و دەسەڵاتی ناوەندا، کە ئەمە کرا، ئەوکات دەبێت ئەم ناوچانە بە هاوبەشی لەلایەن هەرێم و دەسەڵاتەوە بەڕێوە ببرێن و هێزەکانی ئاسایش و پۆلیس و پێشمەرگە بگەڕێنەوە ئەو ناوچانە، بەمەش ئەو بارودۆخە داگیرکارییە کۆتایی دێت، کە ئێستا بەسەر ئەو ناوچانە سەپێندراوە، لەمەش گرنگتر زەمینەیەك دروست دەبێتەوە کە بتوانرێت باس لە جیبەجێکردنی ماددەی ١٤٠ بە هەر سێ قۆناخی ( ئاساییکردنەوە، ئامار و راپرسی ) بێتەئاراوە.

٣- کێشەیەکی دیکەی خەڵکی کوردستان، پەیوەندی بە پشکی هەرێمی کوردستان لە بودجەی عێراق هەیە، خاڵی سەرەکی لەم کێشەیەدا ئەوەیە کە لەسەر حکومەتی فیدراڵیی عێراق (یاسای نەوت و گازی فیدراڵی )یە، ئەگەر لایەنە کوردستانییەکان لە دانوستانەکانیان بۆ پێکهێنانی حکومەتی داهاتووی عێراق، ئەمەش بکەنە خاڵێکی ئەولەوییەت و پێی لەسەر دابگرن کە دەبێت حکومەتی داهاتوو دەرکردنی ئەم یاسایە بکاتە ئەولەوییەتی کارەکانی، ئەوا کێشەی بودجە و بژێوی خەڵکی کوردستانیش چارەسەر دەکرێت.

لەدوای چارەسەرکردنی ئەم کێشە گرنگانە بێگومان هەندێك کێشەی دیکەش هەن وەك مووچەی پێشمەرگە و پارەی گەنمی جووتیاران و چەندین کێشەی هاوشێوەی دیکە، بەڵام کە کێشە سەرەکییەکان چارەسەر کران، ئەوا چارەسەری ئەو کێشانەش ئاسان دەبن.

لە دووماهی ئەم وتارە کورتەدا دەخوازم، هەموو حزبەکانی کوردستان بەشێوەیەکی گشتی لە ئاستی بەرپرسیاریەتی ئەم قۆناخە تازەیە بن و لەسەر بنەمای کوردستانیبوون نەك حزبیبوون سەیری ئایندەی پەیوەندییەکانی نێوان کوردستان و بەغدا بکەن، هەروەها بەشێوەیەکی تایبەتی هیوادارم پارتی و یەکێتی بە ئاستی ئەو متمانەیەی خەڵکی کوردستان بە هەردوو حزبەکەی داوە، بە بەرپرسیاریەتیی سەرشانی خۆیان بزانن و هەموو هەوڵی خۆیان بخەنەگەڕ بۆ ئەوەی ناوماڵی کوردستان رێکبخەنەوە لە چوارچێوەی وەفدێکی نیشتمانیی کوردستانیدا بچنە ناو دانوستاندنەکانی پێکهێنانی حکومەتی عێراق و دڵی ئەو حزبانە ئاشت بکەنەوە کە ئێستا هەست دەکەن، غەدریان لێکراوە، لەم قۆناخەدا زۆر گرنگە ماڵی کورد یەکڕیز و یەکهەڵوێست بێت، ئەم ئەرکەش بە پلەی یەکەم ئەرکی سەرشانی پارتی و یەکێتی دەبێت.

# (١٢)ی ئایار و هەوڵەکانی پێکهێنانی حکومەتی عێراق



**نەدا مێرگەسۆری**

پەرلەمانتارو بڕیاردەری فراکسیۆنی پارتی دیموکراتی کوردستان لە ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق

بۆ گوڵان نووسیویەتی

دوای ئەنجامدانی پرۆسەی هەڵبژاردنەکانی خولی چوارەمی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق کە لە (١٢)ی ئایاری ئەم ساڵ ئەنجام درا، هەروەها پاش راگەیاندنی ئەنجامەکانی کۆتایی لەلایەن کۆمیسیۆنی باڵای هەڵبژاردنەکانی عێراقەوە، نارەزایی چەندین لایەنی سیاسیی عێراقی و کوردستانی لێکەوتەوە و لە هەمانکاتیشدا چەندین لایەنی تری سیاسیش توانییان رێژەیەکی بەرچاوی کورسیی پەرلەمانی بەدەست بێنن و ببنە براوەی هەڵبژاردن.

کاتێك لە دەستپێکی ساڵی (٢٠١٨) هەمواری یاسای هەڵبژاردنەکانی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراقی ساڵی (٢٠١٣)مان کرد، گفتوگۆیەکی جددی و زۆر لەسەر یاساکە کرا، تا وای لێ هات، بابەتی نوێی تێدا جێگر کرا، سیستەمی سانت لیگۆ کرا بە (١,٧) و بە کۆی دەنگ پەسەند کرا، هەروەها گۆڕانکاریی ریشەیی لە چۆنیەتی ئەنجامدانی پرۆسەی دەنگدان و جیاکردنەوەو هەژمارکردنی دەنگەکان کرا.

بۆ یەکەم جار ئامێری ئەلیکترۆنی بەکارهێنرا بۆ ئاسانکردنی پرۆسەی جیاکردنەوەو ژماردنی دەنگەکان، ئەو کاتە کە دەنگ لەسەر ئەم ماددانە دەدرا، جگە لە هەندێك تێبینیی لاوەکی هیچ تێبینییەکی جددی نەبوو لەسەر بەکارهێنانی ئەم ئامێرە، بگرە هەموو فراکسیۆنەکان بە هەنگاوێکی باشیان لە قەڵەم دەدا بۆ رێگەگرتن لە ساختەکاری و دەستکاریکردنی دەنگەکان، بەڵام ئێستاو دوای ئەوەی ئەنجامی هەڵبژاردنەکان راگەیەنراون، (هەرچەند کە هێشتا لە لایەن دادگای باڵای فیدراڵی پەسەند نەکراون) و دوای ئەوەی هەر یەکەو حەجمی خۆی لەم هەڵبژاردنە وەرگرت، کەچی هەندێك لایەن نارازین و سکاڵایان تۆمار کردووە و گومان دەخەنە سەر کۆی پرۆسەکە.

بێگومان پرۆسەیەکی وا کە بۆ یەکەم جار ئامێری ئەلیکترۆنی بۆ دەنگدان بەکاربێت، بێ گرفت نابێت، ئێمە ناڵێین پرۆسەکە بێ خەوش بووە و پێشێلکاری نەکراوە، بەڵام رێکاری یاسایی هەیە بۆ گرتنەبەری هەر گومانێك کە هەر

**ئەو پەرتەوازییەی کە لە نێومالّی شیعە هەیە، باشترین دەرفەتە بۆ کوردستانییان کە بە یەکڕیزی لە بەغدا بن و گلەییەکانی خۆیان نەبنە ئەو دیو حەمرین، بۆ ئەوەی کیان و شکۆی کوردستان پارێزراو بێت و کورد لە کابینەی داهاتووی عێراقیش پێگەی بەهێزی هەبێت، بۆ داواکردنی مافە دەستوورییەکانی گەلی کوردستان**

**ئەگەر بە راستی ئەو لایەنانە مەبەستیان پۆست و پایە نییە و دەیانەوێت خزمەت بە گەلی کوردستان و داهاتووی هەرێمی کوردستان بکەن، دەکرێت یەکڕیز و هاودەنگ و پێکەوە تەنیا لە پێناو خۆشترکردنی ژیانی هاوولاتیانی کوردستان لە بەغدا کار بکەن**

لایەنێك هەیەتی و ناکرێت لەبەرخاتری ئەوەی کە ژمارەی کورسییەکانی هەندێك لایەن لە پەنجەکانی دەستێك تێپەڕی نەکردووە، گومان بخەیە سەر هەموو پرۆسەکە، هەروەها ناکرێت بە قەبارەیەکی بچووك و پێگەیەکی لاوازی جەماوەری و باکگراوندێکی چەواشەکاری و خۆلّکردنە چاوی خەلّك داوای یەکەمێکی بێ رکابەر بکرێت.

ئەوەی جێگەی سەرنجە، دوای راگەیاندنی ئەنجامی هەلّبژاردنەکان، لەسەر ئاستی عێراق و بەتایبەتیش لە نێو مالّی شیعە زۆر لایەن تووشی شۆك بوون کە بینییان لیستی سائیرونی موقتەدا سەدر بە بردنەوەی (٥٤) کورسی لە ریزبەندی یەکەمی لیستەکانەو لە پێش لیستی (فەتح)ی هادی عامری و لیستی (نەسر)ی حەیدر عەبادی-یەوە دێت، کە هەر یەکەو (٤٧) و (٤٢) کورسییان بۆ خۆیان مسۆگەر کردووە.

ئەم سەرسوڕمانییە لەوە سەرچاوە دەگرێت کە هەر یەکە لە هادی عامری بە پشت بەستن بە حشدی شەعبی و حەیدەر عەبادی پشتگەرم بەوەی کە گوایە رزگارکەری عێراقە لە دەستی رێکخراوی تێروریستی داعش و پالّەوانی جێبەجێکردن و سەپاندنی دەسەلاتەی ئیتیحادییە، وایان دانابوو کە دەنگی زۆر دێنن و قەت هزری ئەوەیان نەدەکرد ببنە لیستی دووەم و سێیەم، ئەوان خۆیان بە براوەی هەلّبژاردنەکان دەزانی و لەو هزرە بوون کە یەکەمی هەلّبژاردنەکان دەبن، بەلام وا دەرنەچوو.

هادی عامری بوو بە دووەم و حەیدەر عەبادی بوو بە سێیەم، ئەمە لە کاتێکدایە کە (دەولّەتی یاسا)ی نوری مالیکی کورسییەکانی لە پاشەکشەدان و (ئەنجومەنی بالای ئیسلامی)یش لە پاشەکشەیەکی یەکجار زەق بوو و (رەوتی حیکمە)ی عەممار حەکیم-یش ئەو کورسییانەی بەدەست نەهێنا کە چاوەڕوانی بوو.

سەرکەوتنی لیستی سائیرون بە سەر لیستەکانی دیکەدا، بە بۆچوونی من چاوەڕوانکراو بوو، چونکە دروشم و هەنگاوەکانی رێبەری رەوتی سەدر (موقتەدا سەدر) لەو چوار سالّەی رابردوو بۆ چاکسازی و رووبەڕوونەوەی گەندەلّکاران و گەندەلّی و دروشمی حکومەتی تکنۆکرات و وروژاندنی شەقامی ناوەڕاست و باشوور بۆ داواکردنی خزمەتگوزاری و چاکسازی، هۆکاری سەرەکی بوون بۆ بەهێزبوونی پێگەی ئەو، ئەمە جگە لەوەی کە موقتەدا سەدر بە راشکاوانە دژی دەستوەردانی ئێران و ئەمریکا و بگرە ولاتانی تریشە لە عێراق، کە ئەمەش هۆکارێکی ترە لەوەی هاوولاتی عێراقی هەست بەوە بکات، موقتەدا سەدر کەسێکی بەهێزە کە دەتوانێت بە بیرێکی عێراقییانەو دوور لە ئەجێندای دەرەکی کاریگەری لەسەر داهاتووی عێراق هەبێت.

بەلام نابێت لەبیرمان بچێت کە هەردوو ولاتی ناوهێنراو کاریگەری سەرەکییان هەیە لەسەر ئیدارەدانی عێراق و پێکهێنانی حکومەت و دەستنیشانکردنی سەرۆك وەزیرانی داهاتوو. رەنگە ئەمریکا بە سەرکەفتنی موقتەدا سەدر هێندە کەیفخۆش نەبووبێت و لە قوولایی دلّەوە حەز نەکات، داهاتووی عێراق بکەوێتە دەست رەوتی سەدر، چونکە لەسەروبەندی ئازادکردنی عێراق موقتەدا سەدر دوژمنی سەرسەختی ئەمریکا بووە و ژمارەیەکی زۆری سەربازانی ئەمریکی لەسەر دەستی میلیشیاکانی ئەو کوژران. بەلام بۆچوونم وایە، لەم قۆناغەدا کە عێراقی پێ تێپەڕدەبێت، سەدری پێ باش دەبێت، بۆ ئەوەی هەژموونی ئێران لە عێراق کەم ببێتەوە، چونکە سەدر زۆر حەز لە بوونی ئێران لە عێراق ناکات و دژایەتی خۆی بۆ ئێران بە راشکاوانە دەربڕیوە.

بێگومان سەدر کورسیی زۆری هێناوە، بەلام بەشی پێکهێنانی حکومەتی داهاتوو ناکات، بۆیە ئێستا گفتوگۆکان بۆ لێك نزیكبوون و پێکهینانی کوتلەی مەزن بۆ پێکهێنانی حکومەت دەستی پێکردووەو زۆربەی هەرە زۆری لیستەکان سەردانی سەدریان کردووە، زۆربەی هەرە زۆریشیان، لێك تێگەیشتوون کە چییان دەوێت و ئایا سەدر چییان بۆ دەکات و چی ناکات. هەن ئەو لیستانەی کە ئاسوودە نین بە چوونە ناو کوتلەی سەدر و خودی کوتلەی سەدریش ئاسوودە نییە بە هێنانە ناوەوەی هەندێك لیست بۆ نێو کوتلەی زۆرینەی خۆی.

وەك گوتمان کە لیستی سائیرون بە تەنیا ناتوانێت حکومەتی داهاتوو پێك بێنیت، هەر بۆیەش موقتەدا سەدر بە دوای ئەو لیستانە دەگەڕێت کە هاوکار بن بۆ جێبەجێکردنی بەرنامەکەی ئەو، ئەو بەرنامەیەی کە ئەمە چوار سالّە هاواری بۆ دەکات و دوای نوێژی هەینی جەماوەری لە گۆڕەپانی ئازادیی بەغدا بۆی کۆدەکردەوە، بۆ ئەوەی بە گوێی حکومەتی حەیدر عەبادی بگەیەنێت کە خەلّك داواکاری هەیەو دەبێت داواکارییەکانیان بە هەند وەربگیرێت،

بەڵام تا هەموو لایەنەکان رێك بکەون و بگەن بە یەك، کاتی دەوێت و قەناعەتی جددیشی دەوێت بۆ رازیبوون.

بۆیە نێوماڵی شیعە ئێستا لە هەموو کاتێك زیاتر پەرتەوازەیە، بینیمان کە ئەو هاوپەیمانییە نیشتمانییەی کە لە هەڵبژاردنەکانی تر بە یەك لیست دابەزی، ئێستا بۆتە چەند لیستێك و چەند سەرکردەیەك کە هەموویان چاویان بڕیوەتە پۆستی سەرۆك وەزیران، ئەمە جگە لەوەی کە هەر یەکێکشیان پشت ئەستورە بە هەندێك وڵاتی دەرەکی کە کاریگەریی بەرچاویان هەیە لە سیاسەتی نێو عێراق و لە داهاتووی عێراق رۆڵ دەگێڕن.

نێوماڵی شیعە پەرتەوازەیە، بەڵام ئەوەی جێگەی داخە، ئەوەیە کە نێوماڵی کوردیش پەرتەوازەیە، ئەم پەرتەوازەییەش کاریگەریی نەرێنی هەیە لەسەر پێگەو سەنگی کوردستانیان لە بەغدا.

پارتی دیموکراتی کوردستان وەك براوەی یەکەم لە سەر ئاستی هەرێم و بگرە حزبی براوەش لە سەر ئاستی عێراق کە زۆرترین دەنگ و کورسیی پەرلەمانی بەدەست هێناوە، پێش هەڵبژاردنەکانیش لە پێناو یەکڕیزی و بەهێز بوونی پێگەی کوردستان داوای لە هەموو پارتە سیاسییەکانی کوردستان کرد کە بایکۆتی هەڵبژاردنەکانی (١٢) ی ئایار بکەن، بەڵام پارتەکانی تر رازی نەبوون، داوای کرد کە بە یەك لیست بەشدار بن، بەڵام هەر رازی نەبوون. دوای راگەیاندنی ئەنجامەکانی هەڵبژاردنیش هەر داوای یەکڕیزی و یەکدەنگی کردووە، بەڵام لایەنەکانی تر تا ئێستاشی لەگەڵ بێت، بە پیر ئەم داخوازییە نەهاتوون، ئەگەر ئەو لایەنە سیاسییانەی تری کوردستان بە چاوێکی کوردستانییانە سەیری داهاتووی کوردستانیان کردبایەو دوور لە بەرژوەندیی تەسکی حزبی و بە دوورمەودایی لە بەرژەوەندیی گەلی کوردستانیان بڕوانیبایە و سەنگ و پێگە و شکۆی کوردیان لە بەغدا پێ گرنگ بوایە، ئەوا بە پیر ئەم پێشنیارانەی پارتی دیموکراتی کوردستان دەهاتن و بە یەکڕیزی دەچوونە بەغدا و گفتوگۆیان لەگەل لیستە براوەکان دەکردو پێگەی خۆیان و کوردستانیشیان بەهێز دەکرد. بەڵام مخابن وا بیرناکەنەوە.

ئێستاش هیچی لێ نەچووە، ئەگەر بە راستی ئەو لایەنانە مەبەستیان پۆست و پایە نییە و دەیانەوێت خزمەت بە گەلی کوردستان و داهاتووی هەرێمی کوردستان بکەن، دەکرێت یەکڕیز و هاودەنگ و پێکەوە تەنیا لە پێناو خۆشترکردنی ژیانی هاووڵاتیانی کوردستان لە بەغدا کار بکەن.

هەرچەند کە چوار ساڵی رابردوو مەگەر بۆ هەندێك بابەتی کەم نەبووبێت، ئەگینا ئەو یەکڕیزییەمان لێ بەدی نەدەکردن، هەر بۆیەش بڕوا ناکەم ئەم چوار ساڵەش لە عینادیی خۆیان بێنە خوارەوەو دڵنیام هەر سازەکەی خۆیان لێدەدەن، بەڵام ئەوەی جێگەی دڵخۆشییە ئەوەیە کە ئەم جارە زیاد لە قەبارەی خۆیان مەزن ناکرێن و بە گوێرەی ئیستحقاقی ئینتخابی خۆیان مامەڵەیان لەگەڵ دەکرێت و کورد گوتەنی، (ئەو بابە مرد) کە بە دوو سێ کورسیی پەرلەمانی ببنە سەرۆك پەرلەمان و جێگری سەرۆك پەرلەمان و وەزیر لەسەر حیسابی پارتی دیموکراتی کوردستان بۆ خۆیان ببەن.

چونکە چەند ساڵی رابردوو تەنیا لە پێناو یەکڕیزی نێوماڵی کوردی زۆر لە حەجمی خۆیان گەورەتر کران، بەڵام نەك یەکڕیزییان نەپاراست، بەڵکو بوونە هۆی تێکدانی یەکڕیزی و هۆکار بوون بۆ دروستبوونی زۆری قەیرانی دارایی و بگرە بوونە هۆی ئەوەی کە مەترسییان لەسەر سڕینەوەی کیانی هەرێمی کوردستانیش دروست کرد، بە هۆی ئەو پێشنیارەی کە بە حکومەتی فیدراڵیان دەدا بۆ مامەڵەکردن بە پارێزگاکان، ئەمە جگە لەوەی ئەو پۆستانەی کە بە سەدەقە پێیان درابوو، خستیانە خزمەتی حزبی و لە بیریان چوو کە ئەم پۆستانەی لە بەغدا بەوان دراوە، دەبێت لە خزمەت و بەرژوەندیی گەلی کوردستان بەکاربهێنرێت، نەك لە بەرچاوی ئەوان سزای گەلی کوردستان بدرێت و نقەیان لێوە نەهێت. ئەوان بە جۆرێك کەوتبوونە دژایەتیکردنی کیانی هەرێمی کوردستان کە قەزییەی کوردیان هێندە بچووك کردبوو کە تەنیا لە مووچە و تەعاملی پارێزگاکانیان دەبینییەوە.

هەر بۆیە ئەو پەرتەوازییەی کە لە نێوماڵی شیعە هەیە، باشترین دەرفەتە بۆ کوردستانییان کە بە یەکڕیزی لە بەغدا بن و گلەییەکانی خۆیان نەبنە ئەو دیو حەمرین، بۆ ئەوەی کیان و شکۆی کوردستان پارێزراو بێت و کورد لە کابینەی داهاتووی عێراقیش پێگەی بەهێزی هەبێت، بۆ داواکردنی مافە دەستوورییەکانی گەلی کوردستان.

**پارتی دیموکراتی کوردستان وەک براوەی یەکەم لە سەر ئاستی هەرێم و بگرە حزبی براوەش لە سەر ئاستی عێراق کە زۆرترین دەنگ و کورسیی پەرلەمانی بەدەست هێناوە، پێش هەڵبژاردنەکانیش لە پێناو یەکڕێزی و بەهێز بوونی پێگەی کوردستان داوای لە هەموو پارتە سیاسییەکانی کوردستان کرد کە بایکۆتی هەڵبژاردنەکانی (١٢)ی مایس بکەن**

**موقتەدا سەدر بە راشکاوانە دژی دەستوەردانی ئێران و ئەمریکا و بگرە وڵاتانی تریشە لە عێراق، کە ئەمەش هۆکارێکی ترە لەوەی هاووڵاتی عێراقی هەست بەوە بکات، موقتەدا سەدر کەسێکی بەهێزە کە دەتوانێت بە بیرێکی عێراقییانەو دوور لە ئەجێندای دەرەکی کاریگەری لەسەر داهاتووی عێراق هەبێت**

دیمانەی تایبەت



چارلس گوردون مەکدۆناڵد پرۆفیسۆری پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکانە لە زانکۆی فلۆریدای نێودەوڵەتی، هاوبەڕێوەبەری سەنتەری دیراساتی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستە لە هەمان زانکۆ، وانەبێژی چەند بوارێکی گرنگە، وەك پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکان، یاسای نێودەوڵەتی و پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست. بۆ تاوتوێکردنی سیاسەتی ئیدارەی ئەمریکا لە ئاست ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و دەرهاویشتە و ئاکامەکانی بڕیارەکەی دۆناڵد ترەمپ بۆ دەستەبەرداربوون لە ڕێککەوتنە ئەتۆمییەکە لەگەڵ ئێران و چەند پرسێکی دیکەی پەیوەندیدار، گوڵان دیمانەیەکی لەگەڵدا ئەنجامدا و ئەویش بەم شێوەیەی خوارەوە وەڵامی پرسیارەکانی دایەوە.

## چارلس گوردون مەکدۆناڵد

پسپۆڕی پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکان بۆ گوڵان:

# هەڵگیرسانی شەڕ لە نێوان ئیسرائیل و ئێراندا حەتمی نییە، بەڵام ئیسرائیل دەتوانێت بەرژەوەندییەکانی ئێران لە سووریادا بکاتە ئامانج

*** ئاشکرایە زۆرجار سەرۆکی ئەمریکا (دۆناڵد ترەمپ) باسی لەوە کردووە کە ئەمریکا خەرجییەکی زۆری لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا بە هەدەر داوە، بە بێ ئەوەی بەرهەمەکەی بچنێتەوە، بەڵام ئایا لە ئێستادا ئەمریکا سیاسەتێکی روون و دیاریکراوی هەیە لە ئاست رۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا کە بتوانین ئاماژە بە رەهەند و خەسڵەتەکانی بکەین؟**

- پێش ئەوەی باسی سیاسەتی ئێستای ئەمریکا بکەین لە ئاست رۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا، بە پێویستی دەزانم چەند وشەیەك بڵێم لەبارەی رێچکەی سەرۆك ترەمپ لە ئاست پرسە سیاسییەکاندا بە شێوەیەکی گشتی. سیاسەتی ئێمە لە بەرامبەر رۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا سیاسەتی خودی ترەمپە لە بەرامبەر ئەم ناوچەیەدا. تا رادەیەك سەرۆك ترەمپ سەرکەوتنی بەدەست هێناوە لە زۆرێك لە هەوڵەکانیدا لە رێی گرتنەبەری دوو رێگاچارەی کارکردنەوە: ١) لایەنگیرکردن لەو پرس و مەسەلانەی مشتومرێکی گەرمیان لەسەر دەکرێت، کە خۆی لە خۆیدا ئەمە دەبێتەهۆی دەستەبەرکردنی پشتیوانی و پاڵپشتی بۆی. ٢) راگەیاندنی ئامانجی گەورە و ئیجابی، کە سەرنجی زۆر کەس بەلای خۆیدا رادەکێشێت، وەك دروشمی گێڕانەوەی شکۆ و مەزنێتی بۆ ئەمریکا. ئەم دوو جۆرە رێگاچارەی کارکردنەش رەنگدانەوەیان هەبووە لەو سیاسەتەدا کە لە بەرامبەر رۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا گرتوویەتەبەر. تاوەکو ئێستا، سەرۆك ترەمپ خۆی ئەندازیاری سەرەکیی سیاسەتی ئەمریکایە لە بەرامبەر رۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا. بەڵام یەکێك لە کێشە سەرەکییەکانی لایەنگیرکردن ئەوەیە کە سیاسەت لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا زۆر ئاڵۆزە. لایەنگیرکردن لە پرسێکی دیاریکراودا رەنگە پشتیوانیکردن بێت لە هەندێ بەرژەوەندیی تایبەت لە نێو وڵاتەکەیدا، بەڵام بۆی هەیە پەیوەندییەکانمان لەگەڵ هاوپەیمانە گرنگەکانمان لە دەرەوە لاواز بکات. بە هەمان شێوە، کاتێك لە سەرەتادا رایگەیاند کە ئیدارەکەی دەرفەتێکی زۆر باشی لەبەردەمدایە بۆ ئەوەی پرۆسەی ئاشتی عەرەب - ئیسرائیل بە سەرکەوتن بگەیەنێت، سەرنجی زۆرکەسی بەلای خۆیدا کێشکرد، بەڵام ئەمە بانگەشەیەکی بێ ناوەرۆك بوو.

*** بەڵام هەر لە پەیوەندی بە سیاسەتی ئیدارەی ئێستای ئەمریکاوە لە ئاست رۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا، تێبینی ئەوە دەکرێت کە ئەم ئیدارەیە زۆر پەرۆش نییە بۆ پەرەپێدانی دیموکراسی و بنیادنانی نەتەوە لە دەوڵەتانی ئەم ناوچەیەدا، پرسیارەکە ئەوەیە ئایا ئەمە تا چەند سیاسەتێکی ژیرانە و سەرکەوتووە؟**

- بە دڵنیاییەوە پرسی پەرەپێدانی دیموکراسی و بنیادنانی نەتەوە بەشێك نییە لە تێڕوانینی ئیدارەی ترەمپ. سەرۆك ترەمپ پتر بایەخ بە پرسەکانی پەیوەست بە هێز و ئاسایش دەدات، نەك بە پێشخستنی توانای کەسەکان، یان بنیادنانی رۆژهەڵاتێکی ناوەڕاستی نوێ کە پرۆسەی دیموکراسی تێدا بەرجەستە دەبێت. هەرچۆنێك بێت، تاکە ئومێدی ئێمە ئەوەیە دۆخی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست بەرەوپێش بچێت.

*** پێشتر رەخنەی ئەوە لە ئیدارەی ئۆباما دەگیرا، کە پشتی کردۆتە هاوپەیمانەکانی لە ناوچەکەدا و پتر لە رکابەرەکانی نزیك بۆتەوە، ئایا ترەمپ توانیویەتی هاوپەیمانەکانی ئەمریکا لەم ناوچەیەدا دڵنیا بکاتەوە و بەرپەرچی رکابەرەکانی بداتەوە؟**

- بە داخەوە، ئەمریکا تا رادەیەك سەرکەوتوو نەبووە لە پەرەپێدانی پەیوەندی و رایەڵی بەهێز لەگەڵ هاوپەیمانە تەقلیدییەکانیدا. بە پێچەوانەوە، ئاڵۆزیی کێشەکان بۆتەهۆی لاوازبوونی متمانە بە ئەمریکا وەك هاوپەیمانێکی پشت پێ بەستراو. ئەمریکا و هاوپەیمانەکانی توانییان بەر بە بەرفراوانبوونی داعش بگرن، بەڵام نادڵنیاییەکی زۆر هەیە لە نێو گەنجانی رۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا لەبارەی ئەوەی ئایا دەکرێت لە ئایندەدا پشت بە ئەمریکا ببەسترێت. گواستنەوەی باڵیۆزخانەی ئەمریکا بۆ قودس (کە ئاشکرایە لەم کەیسەدا سەرۆك ترەمپ لایەنگیری کرد لە ئاست ناکۆکییەکی درێژخایەندا) زەنگی ئاگادارکردنەوە بوو بۆ زۆرێك لە هاوپەیمانەکانمان. بە هەمان شێوە، بڕیارەکەی بۆ کشانەوە لە رێککەوتنە ئەتۆمییەکەی ئێران بەرجەستەبوونی لایەنگیرکردنی سەرۆك ترەمپ بۆ بەرژەوەندی ئەو کەسانەی دژ بە ئێرانن. کە بێگومان ئەمەش کاریگەریی گەورەی دەبێت لەسەر ئامادەیی زۆرێك لە حکومەتەکانی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست بۆ ئەنجامدانی رێککەوتن لەگەڵ ئەمریکا لە ئایندەدا.

*** ئاماژەت بە کشانەوەی ئەمریکا لە رێککەوتنە ئەتۆمییەکەی ئێران کرد، پرسیارەکە ئەوەیە، هۆکار و پاڵنەری سەرەکیی دەستبەرداربوونی ئەمریکا لەم رێککەوتنە چییە و ئایا بە دیاریکراوی چ دەرهاویشتەیەکی دەبێت؟**

- سەرۆك ترەمپ هەڵوێستێکی زۆر توندی گرتۆتەبەر بۆ ئێران، ئەمەش لایەنگیرکردنە لە ئاست کێشەیەکی ئاڵۆزدا. سەرۆك ترەمپ

**شۆڕشی ئێران ئەو پەیوەندییانەی کردە ئامانج کە شای ئێران هەیبوو لەگەڵ ئیسرائیلدا. ئەو دۆخەی لە سووریادا هەیە، رەهەندێکی دیکەی بۆ ناکۆکی و شەڕەکە دروست کردووە. ئیسرائیل ناخوازێت ئێران ببێتە خاوەنی هێزی ئەتۆمی، بەڵام دەتوانێت کار لەگەڵ ئێرانێکی پراگماتیدا بکات**

**ئەمریکا تا رادەیەک سەرکەوتوو نەبووە لە پەرەپێدانی پەیوەندی و رایەڵی بەهێز لەگەڵ هاوپەیمانە تەقلیدییەکانیدا. بە پێچەوانەوە، ئاڵۆزیی کێشەکان بۆتەهۆی لاوازبوونی متمانە بە ئەمریکا وەک هاوپەیمانێکی پشت پێ بەستراو**

**پرسی پەرەپێدانی دیموکراسی و بنیادنانی نەتەوە بەشێک نییە لە تێڕوانینی ئیدارەی ترەمپ. سەرۆک ترەمپ پتر بایەخ بە پرسەکانی پەیوەست بە هێز و ئاسایش دەدات**

سیاسەتێکی گرتۆتەبەر کە بە ڕادەیەکی بەهێز دژ بە ئێرانە. وەزیری نوێی دەرەوە، مایك پۆمپیۆ بۆ چەندین ساڵ بوو بە ئاشکرا ڕەخنەی لە ڕێککەوتنە ئەتۆمییەکەی ئێران دەگرت. ئەگەر پرسیاری ئەوەش بکەین، بۆچی سەرۆك ترەمپ لەم ڕێککەوتنە کشایەوە؟ ئەوا وەڵامەکەی زەحمەتە، بەڵام بە دڵنیاییەوە زۆربەی جیهان بەرهەڵستی ئەم بڕیارەی ئەمریکایان کرد. چونکە هاوپەیمانەکانی ئێمە واژوویان لەسەر ئەو ڕێککەوتنە کردبوو و زۆربەی وڵاتانی جیهانی لەگەڵ ئەم هەنگاوەی ئێمەدا نەبوون. هەروەها دەبێت چاوەڕێ بکەین و ببینین ئایا دەرئەنجامی ئەم بڕیارەی ئەمریکا چی دەبێت. بەڵام بێگومان پەڵە کەوتە سەر وێنەی ئەمریکا لە جیهاندا. بەڵام هەندێ کەس لە ئەمریکا باوەڕیان وایە ئەمە هەنگاوێکی ڕاست و دروست بوو. بەڵام بە تێڕوانینی من، پێویستە ئەمریکا لە نزیکەوە و بە شێوەیەکی ئیجابییانە کار لەگەڵ هاوپەیمانەکانماندا بکات، نەك نیگەرانییەکانیان نادیدە بگرێت.

*** باسی هەڵوێست و تێڕوانینەکانی مایك پۆمپیۆ-ت کرد لە ئاست ئێران و ڕێککەوتنە ئەتۆمییەکە لەگەڵ ئەو وڵاتەدا، ئایا لێکدانەوە و شرۆڤەت چی بوو بۆ ئەو گوتارەی لە دامەزراوەی هێریتەیجدا پێشکەشی کرد کە هەڵوێستی توندی لە دژی ئێران لە خۆگرت؟**

- گومانی تێدایە نییە کە گوتارەکەی وەزیری دەرەوە پۆمپیۆ ڕەخنەیەکی زۆر لە ئێران و لە نیازەکانی ئێران لەخۆگرت. هەروەك ئاماژەم پێکرد، ئەو پێشتریش ڕەخنەی لە ڕێککەوتنە ئەتۆمییەکە دەگرت. هەروەها لەبەر ئەوەی کەسانێك هەبوو پێشوازییان لە لێدوانەکانی دەکرد، ئەوا ئەویش هیچ هەوڵێکی نەدا بۆ دروستکردنی پردی پەیوەندی لەگەڵ ئێراندا. هەرچۆنێك بێت، دۆخەکە لە ئێراندا زۆر لەوە ئاڵۆزترە وەك لەوەی هەندێ لە ڕەخنەگرەکان بیری لێدەکەنەوە. چونکە لە ئێراندا کەسانێك هەن دۆستی ئەمریکان، هەروەك چۆن کەسانێکیش هەن لەو وڵاتەدا دوژمنی ئەمریکان. کێشەکە لەوەدایە ئەم گوتارە توندە دەبێتەهۆی دوورخستنەوەی دۆستەکانمان. بە هەمان شێوە، مەترسیی ئەوە هەیە کە لە ئایندەدا ئەنجامدانی ڕێککەوتن لەگەڵ ئێراندا قورس بێت، هەم بۆ ئێران و هەم بۆ ئەمریکاش، بە چاوپۆشین لەوەی کێ لە دەسەڵاتدایە لە هەر یەك لەم دوو وڵاتەدا.

*** ئێستا کە ئەمریکا تاکلایەنە لە ڕێککەوتنە ئەتۆمییەکە کشاوەتەوە، ئایا پێتوایە پەرچەکرداری ئێران چی دەبێت؟ ئایا بژارەکانی بەردەمی ئێران بۆ وەڵامدانەوەی ئەم بڕیارەی ئەمریکا چین؟**

- پێموایە ئێران پشتیوانی زیاتر بەدەست دەهێنێت لەلایەن هاوپەیمانەکانمانەوە، کە ڕەنگە زۆریان پێیانوابێت ئەمریکا هەڵەی کردووە لە ئاست ئێراندا. لە هەمان کاتدا، پێگەی کەسە توندڕەوەکانی نێو ئێران بەهێز دەبێت. لەگەڵ ئەوەشدا، ڕوون نییە کە تا چ ڕادەیەك ئێران پەرە بە پەیوەندییەکانی دەدات لەگەڵ دوژمنەکانمان و هەروەها هاوپەیمانەکانماندا.

*** هەروەك دەزانن کە زۆر باس لە ئەگەری هەڵگیرسانی شەڕێکی ئیقلیمی دەکرێت لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا، بەتایبەتی لەنێوان ئیسرائیل و ئێراندا، پێتوایە ڕوودانی ئەم شەڕە شتێکی حەتمییە بە لەبەرچاوگرتنی ئەو گرژی و هەڵکشانەی ئەم دواییە لە نێوانیاندا ڕوویدا لە نێو خاکی سووریادا؟**

- ئەوە ڕوونە کە ئێران و ئەمریکا بۆ چەندین ساڵە پێکناکۆکن. شۆڕشی ئێران ئەو پەیوەندییانەی کردە ئامانج کە شای ئێران هەیبوو لەگەڵ ئیسرائیلدا. ئەو دۆخەی لە سووریادا هەیە، ڕەهەندێکی دیکەی بۆ ناکۆکی و شەڕەکە دروست کردووە. ئیسرائیل ناخوازێت ئێران ببێتە خاوەنی هێزی ئەتۆمی، بەڵام دەتوانێت کار لەگەڵ ئێرانێکی پراگماتیدا بکات. هەڵگیرسانی شەڕ لەنێوان ئیسرائیل و ئێراندا شتێکی حەتمی نییە، بەڵام ئیسرائیل دەتوانێت بەرژەوەندییەکانی ئێران لە سووریادا بکاتە ئامانج.

*** دوایین پرسیارمان لەبارەی پێشبینییەکانتانە بۆ ئایندەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست؟**

-ڕەنگە خراپترین سیناریۆ بۆ ئەمریکا ئەوە بێت کە چەند وڵاتێکی سەرەکیی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست پشت بکەنە ئەمریکا و وەك بەدیلێك بۆ ئەمریکا ڕووبکەنە ڕووسیا، یاخود تەنانەت وڵاتانی ئەورووپا. باشترین سیناریۆش ئەوەیە کە ژیریی باڵادەست بێت و سیاسەتی ئەمریکا و ئەورووپا پتر گونجاو بن لەگەڵ یەکدا لەبارەی کێشەکانی ئەم ڕۆژگارەوە. ئەوەی پەیوەندی بە وڵاتانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستەوە هەبێت، ئەوا بۆی هەیە ڕاپەڕینە ناوخۆییەکانی چەشنی بەهاری عەرەبی، ببنەهۆی ئەوەی چەند وڵاتێك لە نێویاندا ئێران پتر بەرەو توندڕەوی و تەنانەت شەڕی بەوەکالەت بڕۆن (بە چەشنی شەڕی ناوخۆیی سووریا) و بۆی هەیە ئەو شەڕانە هەم لە نێو خودی وڵاتەکاندا ڕووبدات و دەکرێت لە دژی یەکتریش هەڵبگیرسێن.

**بۆی هەیە ڕاپەڕینە ناوخۆییەکانی چەشنی بەهاری عەرەبی، ببنەهۆی ئەوەی چەند وڵاتێک لە نێویاندا ئێران پتر بەرەو توندڕەوی و تەنانەت شەڕی بەوەکالەت بڕۆن**

دیمانەی تایبەت




**جۆزێف ئۆلمەرت**

**پسپۆڕی کاروباری رۆژهەڵاتی ناوەڕاست بۆ گوڵان:**

# ئەمریکا بژارەی بەخۆداچوونەوە یان تیاچوونی خستۆتە بەردەم ئێران

**جۆزێف ئۆلمەرت پرۆفیسۆرە لە زانکۆی ئەمریکی لە واشنتۆن دی سی، پێشتریش پرۆفیسۆری دیراساتی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست بووە لە زانکۆکانی تەل ئەبیب، هیبرو و بار-ئیان. بە هەمان شێوە وانەبێژ بووە لە چەند زانکۆیەکی دیکەی وەك زانکۆی کۆرنیل و زانکۆی یۆرك. سەرەڕای کاری وانەبێژی، چەند پۆستێکی باڵای هەبووە لە حکومەتی ئیسرائیلدا، وەك بەڕێوەبەری پەیوەندییەکان لە سەردەم سەرۆك وەزیران ئیسحاق شامیر و راوێژکاری سیاسی بووە بۆ وەزیری بەرگری مۆشی ئارێنس. بەشداری کردووە لە کۆنفرانسی ئاشتیی مەدرید لە ساڵی ١٩٩١ و گفتوگۆکانی ئاشتی دواتری نێوان ئیسرائیل و سووریا. گوڵان لە میانەی دیمانەیەکدا چەند پرسێکی لەگەڵدا تاوتوێکرد، کە بە شێوەیەکی سەرەکی تەوەرەکانی پەیوەست بوون بە سیاسەتی ئیدارەی سەرۆك دۆناڵد ترەمپ لە ئاست رۆژهەڵاتی ناوەڕاست و بڕیاری کشانەوەی ئەم ئیدارەیە لە رێککەوتنە ئەتۆمییەکە لەگەڵ ئێران و ئەو دەرهاویشت و ئاکامانەی بە دوای خۆیدا دەهێنێت، ئەویش بەم شێوەیەی خوارەوە وەڵامی پرسیارەکانی دایەوە.**

*** زۆر باس لەوە دەکرێت کە ئیدارەی نوێی ئەمریکا سیاسەتێکی تۆکمە و روون و جێگری لە ئاست رۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا نییە، ئایا بە تێڕوانینی ئێوە ئەم رەخنانە تا چەند راست و دروستن و ئایا ئەمریکا هیچ سیاسەتێکی روونی نییە کە رواڵەتەکانی لە ئاست ئەم ناوچە گرنگەدا دیار و ئاشکرا بن؟**

- بە تێڕوانینی من سیاسەتی ئەمریکا لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا هێشتا لە پرۆسەی گەڵاڵەبووندایە، ئەگەرچی چەند ئاماژەیەکی روون و ئاشکراش بەدی دەکرێت، کە دەتوانین بڵێین لە پەیوەندی بە دوو پرس و بابەتەوە خەریکە سیاسەتێکی جێگیر و تۆکمە دێتەئاراوە. یەکێکیان پەیوەستە بە ناکۆکیی فەلەستین-ئیسرائیلەوە، کە تێیدا ئیدارەی ترەمپ لەسەروبەندی ئەوەدایە پلانێکی پێشنیارکراوی ئاشتی بخاتەڕوو، کە رەنگە بە رادەیەکی بەهێز تای تەرازووەکە بەلای ئیسرائیلدا بشکێنێت. ئەم ئیدارەیە بە رادەیەکی گەورە دژ بە بزووتنەوەی حەماسە و پێدەچێت چیتر ئارامگرتن و دانبەخۆداگرتنی نەمێنێت لە ئاست مەحموود عەباس. گواستنەوەی باڵیۆزخانە بۆ قودس ئاماژەیەکە لەم رووەوە کە ئیدارەی ترەمپ ئامادەیە سەرکێشی بکات بۆ گۆڕینی سیاسەتە جێگیرەکان و گرتنەبەری گوتارێکی نوێ. ئەم پلانە نوێیەی ئاشتی بێ مەترسی نییە بۆ ئیسرائیل، بەڵام پێدەچێت سەرۆك وەزیران نەتنیاهۆ و سەرۆك ترەمپ پەرەیان بە تێگەیشتن و پەیوەندییەکی دۆستانەی بەهێز دابێت. ترەمپ دەخوازێت، نەتنیاهۆش هاوڕایە، کە سعودیە و میسر رۆڵی گەورەتریان هەبێت لە دۆخی فەلەستیندا. ئیسرائیلییەکانیش پتر مەیلیان هەیە بۆ ئەم رێگاچارەیە، لەبەر ئەوەی پەیوەندییەکی جێی بایەخپێدانیان دروست کردووە لەگەڵ عەرەبستانی سعودیە، ئەویش لە سایەی دەسەڵاتی شازادەی نوێیدا. کەواتە دەتوانین بڵێین ئەمریکا سیاسەتێکی جێگیری هەیە لە ئاست ئێراندا، کە سیاسەتێکە بە روون و ئاشکرایی لەلایەن وەزیری دەرەوە (مایك پۆمپیۆ ) گەڵاڵەکراوە. لە کۆتاییدا، دەکرێت بڵێین ئەمە سیاسەتێکە کە بە بێ ئەوەی بە چەندین دەستەواژە گوزارشتی لێبکەین، ئەوا لە بنەڕەتدا بۆ بەرەنگاربوونەوە و بەرپەرچدانەوەی رژێمی ئێرانە لە رێی بژارەیەکی سادە و روونەوە- واتە ئەو بژارەیە خراوەتە بەردەم ئێران، دەست لە یاسادەرچوون هەڵگرە، ئەگەرنا رووبەڕووی تیاچوون دەبیتەوە بەهۆی فشارەکانی ئەمریکا و بێزاریی روو لە زیادی خودی گەلی ئێران.

**ئێران دەتوانێت پەنا بباتەوەبەر پیتاندنی یورانیۆم، بەڵام ئەمەش مەترسیی ئەوەی لێدەکرێت کە ئەمریکا لەبەرامبەر ئەم هەنگاوەدا پەرچەکرداری هەبێت و گورزێکی سەربازیی تێکشکێنەر لە ئێران بسرەوێنێت. لە سووریاشدا، ئێران رووبەڕووی فشارێکی سەربازیی توندی ئیسرائیل دەبێتەوە**

*** سەرۆك دۆناڵد ترەمپ لە سەروەختی هەڵمەتەکانی هەڵبژاردندا باسی لەوە کرد کە ئەمریکا خۆی سەرقاڵ ناکات بە پەرەپێدانی دیموکراسی و مافەکانی مرۆڤەوە، پێتوایە ئەمە چ کاریگەرییەکی لێدەکەوێتەوە و ئایا ئەمە تا چەند سیاسەتێکی سەرکەوتووە؟**

- لە راستیدا ئیدارەی ترەمپ دەستی لە رێگاچارەکەی بوش هەڵگرتووە کە پەیوەست بوو بە پەرەپێدانی دیموکراسی لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا، لەبری ئەوە هەوڵدەدات پارێزگاری لە رژێمە پرۆ رۆژئاواییەکان بکات و بەهێزیان بکات. هەرچۆنێك بێت، ئیدارەی ترەمپ تێڕوانینێکی ئیجابی هەیە لە ئاست ئەو کەسانەی کە ئامادەییان هەیە بۆ ئەوەی شەڕبکەن و بەرگری

لە خۆیان بکەن، لەبەر ئەوەی ترەمپ بە هیچ شێوەیەك لەگەڵ ئەوەدا نییە کە ئەمریکییەکان لەو شەڕ و ناکۆکییانەدا بکوژرێن کە راستەوخۆی پەیوەست نین بە بەرژەوەندییەکانی ئەمریکاوە.

*** باس لەوە دەکرێت کە دڵنیاکردنەوەی دۆستەکان کارێکی زەحمەتترە لە بەرپەرچدانەوەی رکابەرەکان، ئایا ئەدای ئیدارەی ئەمریکا لەم روەوە چۆن هەڵدەسەنگێنیت و پێتوایە لەم رووەوە سەرکەوتوو بووە؟**

- لێرەدا دەکرێت ئاماژە بەوە بکەین کە ئیدارەی ئەمریکا کێشەی لەگەڵ یەك هاوپەیماندا هەیە، یاخود ئەوەی گریمانەی ئەوە دەکرێت هاوپەیمانی ئەمریکا بێت، ئەویش تورکیایە لە سایەی ئەردۆغانی دیکتاتۆر و دەسەڵاتخوازدا. ئەمە پەیوەندییەکی زۆر ئاڵۆزە و رەنگە ئەردۆغانیش ئاگاداری ئەوە نەبێت کە بێ متمانەیی لە نێوان خۆی و ئەمریکادا لە هەڵکشاندایە، هەروەها هەستێك هەیە کە دەبێت سیاسەتی ئەمریکا لە ئاست تورکیادا بگۆڕدرێت. بە هەمان شێوە ئەو کەلێنەی لە نێوان تورکیا و ئیسرائیلدا هەیە، لە دژی ئەردۆغان شکایەوە لە ئەمریکادا، لەبەر ئەوەی دۆستەکانی ئیسرائیل لە کۆنگرێس بیر لەوە دەکەنەوە کە هەنگاوی دژ بە تورکیا هەڵبگرن، وەك دانپێدانان بە کۆمەڵکوژیی ئەرمەنییەکان و هەنگاوەکانی دیکە.

*** ئاماژەت بە ئیسرائیل کرد، کە هەمیشە ئەو وڵاتە دووپاتی دەکاتەوە کە هەرگیز رێگا نادات ئێران ئامادەبوونێکی سەربازیی گەورەی لە سووریادا هەبێت و لەم رووەوە چەندین جار پێگەکانی ئێرانی لەو وڵاتەدا کردۆتەئامانج، شیکردنەوە و لێکدانەوەی ئێوە لەم رووەوە چییە؟**

- من پێموایە ئیسرائیل کارێکی باش دەکات بۆ بەرەنگاربوونەوەی بوونی سەربازیی ئێرانی لە سووریا، ئەوەش ئاشکرایە کە ئیسرائیل باڵادەستییەکی روونی هەواڵگری و تەکنەلۆژی و سەربازی هەیە. رەنگە قاسم سولەیمانی لە هەندێ شوێنی دیکە وەك پاڵەوان لێی بڕوانرێت، بەڵام بەراورد بە ئیسرائیل تواناکانی مایەی پێکەنینن.

*** دوای کشانەوەی ئەمریکا لە رێککەوتنە ئەتۆمییەکە لەلایەن ئیدارەی ترەمپەوە، وەزیری دەرەوەی ئەمریکا لە گوتارێکدا باسی لەوە کرد کە ئەمریکا سزای زیاتر بەسەر ئێراندا دەسەپێنێت و چەند مەرجێکی بۆ ئێران دانا، خوێندنەوەی ئێوە بۆ بڕیارەی ئەمریکا و بۆ ئەم هەنگاوانەی ئیدارەی ئەمریکا چییە؟**

- من پێموایە ئێران دوچاری کێشە و ئازارێکی زۆر دەبێت بەهۆی سزا قورسەکانی ئەمریکاوە. لەم رووەوە ئاماژەی روون هەن کە کۆمپانیا گەورەکانی ئەورووپاش سزاکان جێبەجێ دەکەن، یەکێتی ئەورووپاش ناتوانێت رێگرییان لێبکات.

*** ئەی پێتوایە پەرچەکرداری ئێران چی دەبێت، یاخود ئایا بژارەکانی ئێران چی دەبێت بۆ وەڵامدانەوەی بڕیاری ئەمریکا بۆ کشانەوە لە رێککەوتنەکە و سەپاندنەوەی سزا بەسەر ئێراندا؟**

- ئێران دەتوانێت پەنا بباتەوەبەر پیتاندنی یورانیۆم، بەڵام ئەمەش مەترسیی ئەوەی لێدەکرێت کە ئەمریکا لەبەرامبەر ئەم هەنگاوەدا پەرچەکرداری هەبێت و گورزێکی سەربازیی تێکشکێنەر لە ئێران بسرەوێنێت. لە سووریاشدا، ئێران رووبەڕووی فشارێکی سەربازیی توندی ئیسرائیل دەبێتەوە، لەبەرامبەردا ئێران دەتوانێت حزبوڵا لە لوبنان بەکار بهێنێت. حزبوڵا دەتوانێت گورزی کاریگەر لە ئیسرائیل بوەشێنێت، بەڵام کاردانەوەی ئیسرائیلیش کوشندە دەبێت. کەواتە بژارەکانی بەردەم تاران زۆر بەرفراوان نین. چونکە ئەوان لەسەروبەندی ئەوەدان کە رژێمەکەیان رووبەڕووی گەورەترین تەحەددی ببێتەوە لە دوای ساڵی ١٩٧٩وە.

*** ئەگەر لە روانگەی پەرەسەندنەکانی ئێستاوە لە ئەگەرەکانی ئایندە بڕوانین، ئایا پێتوایە باشترین سیناریۆ چییە کە چاوەڕێی ئەم ناوچەیە بکات و خراپترین سیناریۆ چییە کە بۆی هەیە رووبدات؟**

- داکشانی دەستڕۆیشتوویی و کاریگەریی ئێران هەواڵێکی باش دەبێت بۆ رۆژهەڵاتی ناوەڕاست. هەروەها ئەگەر ئەردۆغانیش دوچاری شکست ببێتەوە، بە هەمان شێوە هەڵکشانی هاوکاریی نێوان سعودیە و میسر، ئیدی بە ئاشکرا بێت، یان بە پەنهانی، هەواڵێکی باش دەبێت. هەواڵە ناخۆشەکەش ئەوەیە دۆناڵد ترەمپ ئارامگرتن و دانبەخۆداگرتنی نەمێنێت و سیاسەتە راگەیەندراوەکانی لە دژی ئێران جێبەجێ نەکات، با ئومێدی ئەوە بخوازین کە ئەمە روونەدات.


**ئێران دوچاری کێشە و ئازارێکی زۆر دەبێت بەهۆی سزا قورسەکانی ئەمریکاوە. لەم رووەوە ئاماژەی روون هەن کە کۆمپانیا گەورەکانی ئەورووپاش سزاکان جێبەجێ دەکەن، یەکێتی ئەورووپاش ناتوانێت رێگرییان لێبکات**

**ئیسرائیل باڵادەستییەکی روونی هەواڵگری و تەکنەلۆژی و سەربازی هەیە. رەنگە قاسم سولەیمانی لە هەندێ شوێنی دیکە وەك پاڵەوان لێی بڕوانرێت، بەڵام بەراورد بە ئیسرائیل تواناکانی مایەی پێکەنینن**

**ئەمریکا سیاسەتێکی جێگیری هەیە لە ئاست ئێراندا، کە سیاسەتێکە بە روون و ئاشکرایی لەلایەن وەزیری دەرەوە (مایک پۆمپیۆ) گەڵاڵەکراوە**

# خونوێکردنەوەی سەدر

## لە سەرکردەی میلیشیایەکی تایفەگەرییەوە بۆ جەنگاوەرێکی پۆپۆلیستی و بەدەستهێنانی سەرکەوتنێکی چاوەڕواننەکراو لە هەڵبژاردنەکاندا



**نووسینی: محەمەد بازی**

سەرچاوە: سایتی فۆرن ئەفێرز

لە مانگی نیسانی ساڵی ٢٠١٤دا، سوپای ئەمریکا لە دژی چەند گرووپێکی یاخیگەر دەجەنگا، بەرپرسانی ئەمریکا یاداشتی دەستگیرکردنی موقتەدا ئەل سەدریان دەرکرد، کە پیاوێکی ئایینیی گەنج و لەخۆبایی بوو و ئەمریکییەکان و هاوپەیمانەکانی هەراسان کردبوو. پۆل بریمەر، کە لەو کاتەدا باڵاترین بەرپرسی ئەمریکا بوو لە بەغدا، رایگەیاند کە سەدر لە یاسا یاخی بووە. بۆیە سەرۆك جۆرج بوش بە دوژمنی ئەمریکای ناوزەد کرد.

یاداشتەکە، کە چەند مانگێك پێشتر لەلایەن دادوەرێکی عێراقییەوە دەرکرابوو، تۆمەتی هاندانی کوشتنی پیاوە ئایینییە رکابەرەکەی لە مانگی نیسانی ٢٠٠٣دا خستەپاڵ سەدر، کە پارچە پارچە کرا، تاوەکو مردنی لە شاری نەجەف، کە پیرۆزترین شارە لای شیعەکان. سەدر خۆی حەشاردا و پشتیوانکارەکانیشی بۆ چەند مانگێك لە باشووری وڵاتەکە و گەڕەکە شیعەنشینەکانی بەغدا شەڕیان لە دژی سوپای ئەمریکا کرد. چەند ساڵێك دواتریش، سەدر وەك پیاوێکی ئایینی و فەرماندەیەکی جەنگی دڵڕەق ترسی لای ئەمریکا دروست کرد. لە ساڵی ٢٠٠٦دا بەرگی گۆڤاری نیوزویك سەدری بە مەترسیدارترین کەسی عێراق لە قەڵەم دا.

لە ١٢ی ئایاردا و کاتێك عێراقییەکان دوای ١٥ ساڵ لە داگیرکاریی ئەمریکا، لە دوایین هەڵبژاردنی پەرلەمانی وڵاتەکەیاندا دەنگیان دا، وێنەیەکی نوێی سەدر دەرکەوت: پیاوێکی ئایینی دەم بە خەندە بە ریشێکی بەفرئاساوە و پەنجەی بە مەرەکەب رەنگکراوی بەرزکردۆتەوە، دوای ئەوەی لە نەجەف دەنگی دا و بە دەستی چەپیشی ئاڵایەکی پلاستیکی عێراقی بەدەستەوە بوو.

دژبەریی نێوان ئەم دوو وێنەیە ئەو راستییە روون دەکاتەوە کە چۆن بە شێوەیەکی سەرسوڕهێنەر سەدر توانیویەتی خۆی نوێ بکاتەوە لە ماوەی دەیەی رابردوودا -لە سەرکردەی میلیشیایەکی تایەفەگەرییەوە کە سەرپەرشتیی کوشتنی هەزاران عێراقی کردووە، بۆ جەنگاوەرێکی پۆپۆلیستی و ناسیۆنالیستی و دژ بە گەندەڵی-. هاوپەیمانێتییە سیاسییەکەی سەدر، کە تێکەڵێکە لە (ئیسلامییە شیعەکان، پارتی کۆمۆنیستی عێراق و چالاکە عەلمانییەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی و بزنسکارە سوننە دیارەکان) بە شێوەیەکی چاوەڕواننەکراو هەڵبژاردنە پەرلەمانییەکەی بردەوە و زۆرترین دەنگی بەدەست هێنا، کە ٥٤ کورسییە لە کۆی ٣٢٩ی کورسیی پەرلەمان. هێشتا سەدر زۆری ماوە کە بتوانێت زۆرینە بەدەست بهێنێت، کە ١٦٥ کورسییە، بۆ دیاریکردنی سەرۆك وەزیران و پێکهێنانی حکومەت.

سەرکەوتنی سەدر مایەی سەرسوڕمانی ئەمریکا، ئێران، سعودیە و تەنانەت زۆرێك لە عێراقییەکانیش بوو. لە ناوچەیەکەدا کە بە هۆی شەڕەوە کاولکاری بەسەردا هاتووە و پاشا و پیاوە بەهێزکان زاڵن بەسەریدا، ئەم دەنگدانە بەراوردێکی جێی

**داگیرکارییەکەی ئەمریکا لە ساڵی ٢٠٠٣ کە ئامانج لێی رووخاندنی سەدام حوسێن بوو، دەرگای بۆ دەستڕۆیشتوویی ئێران بەسەر عێراقدا واڵاکرد و ئێرانیش بە رەوتێکی خێرا دەستیدایە بەهێزکردنی هاوپەیمانێتی لەگەڵ سەرجەم لایەنە سەرەکییەکانی شیعەی عێراقدا**



پێشوازیلێکردنی بۆ دەستەبەرکردین: ئەنجامدانی هەڵبژاردنێکی تا رادەیەك ئازاد و دادپەروەرانە لە جیهانی عەرەبیدا، کە تێیدا دەرئەنجامەکان پێشوەختە دیاری دەکرێن و بەلای کەمەوە لەم هەڵبژاردنەدا وا دەرکەوت کە پۆپۆلیزم جێی تایفەگەری گرتبێتەوە، وەك هێزی زاڵ و باڵادەست لە سیاسەتی عێراقیدا.

بەڵام ئەم هەڵبژاردنە رووداوێکی زەمینلەرزەئاسا نەبوو کە ببێتە هۆی گۆڕینی سیاسەت لە عێراقدا، کە هێشتا دەردەدارە بە دەست گەندەڵی، چەقبەستوویی و دەستتێوەردانی دەرەکییەوە. لە راستیدا، چەندێك لەم دەردانەش بەشداربوون لە سەرکەوتنەکەی سەدردا، بێئومێدی عێراقییەکان لە ئاست چینە سیاسییەکەدا سەریکێشا بۆ ئەوەی بە کەمترین رێژە بەشداری بکەن، لە سەدا ٤٤، لە دوای یەکەم هەڵبژاردنی پەرلەمانییەوە، لە ساڵی ٢٠٠٥دا و دوای داگیرکارییەکەی ئەمریکاوە. (رێژەی بەشداربوون لە هەڵبژاردنەکانی پێشوودا لە سەدا ٦٠ نەهاتەخوارەوە).

رێژەی کەمیی بەشداریکردن لەم هەڵبژاردنانەدا بۆ بەرژەوەندی سەدر بوو. بە چەشنی گرووپە ئیسلامییەکانی دیکە لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا، بزووتنەوەی سەدریش رێکخراوێکی کۆمەڵایەتی و سیاسی بەهێزی بنیادناوە کە دەتوانێت دەنگی بۆ دەستەبەر بکات. هەروەها سەدر سەرکەوتووانە خۆی وەك کەسێکی ناسیۆنالیستی عێراق خستەڕوو کە پشتیوانی لە حکومەتێکی نوێ دەکات کە پێکهاتبێت لە کەسانی تەکنۆکرات و گەندەڵیی بەربڵاو چارەسەر بکات. یەکێك لە جەماوەریترین دروشمەکانی بزووتنەوەکەی بریتییە لە «گەندەڵی تیرۆریزمە.»، لەبەر ئەوەی پەرلەمانتار و وەزیرەکانی خودی سەدر بە تۆمەتی گەندەڵی لەکەدار کرابوون، ئەوا لە پێش هەڵبژاردنەکاندا رێگەی لە ٣٤ پەرلەمانتاری بلۆکی پەرلەمانی پێشوی گرت و رێگەی نەدان دووبارە خۆیان کاندید بکەنەوە، ئەمەش وەك ئاماژەیەك لێکدرایەوە کە سەدر پلانی پاکسازیکردنی هەیە. لە سەرەتای مانگی ئایاردا، دامەزراوەی پیرۆزی شیعە، بە رێبەرایەتی ئایەتوڵای مەزن عەلی ئەل سیستانی، رێزلێگیراوترین پیاوی ئایینی عێراق، داوای لە شوێنکەوتووانی کرد کە لەسەر بنەمای تایفەگەری دەنگ نەدەن و بیریخستنەوە کە گەندەڵی چینی سیاسی وڵاتەکەی دەردەدار کردووە. هەروەها سیستانی بە دەنگدەرانی راگەیاند کە خۆی و دامەزراوەی ئایینی لە نەجەف پشتیوانی لە هیچ لایەن و کاندیدێك ناکەن.

**دوای دەرئەنجامە چاوەڕواننەکراوەکان، خامنەئی، سەرۆکی یەکەی ئۆپەراسیۆنە دەرەکییەکانی سوپای پاسداران (قاسم سولەیمانی)ی، بۆ رێکخستنی هاوپەیمانەکانی ئێران رەوانەی بەغدا کرد**

لە دوای ئەوەی لە ناوەڕاست مانگی ئایاردا ئەنجامە سەرەتاییەکانی هەڵبژاردنەکان راگەیەنراوە، سەدر رۆڵی شادروستکەری گێڕاوە، کە لەگەڵ بلۆکە پەرلەمانتارییەکانی دیکەدا گفتوگۆ دەکات لەبارەی پێکهێنانی هاوپەیمانێتی حوکمڕانییەوە. ئەو ئاماژەی بەوە کرد، کە ئەگەری زۆرە هاوپەیمانێتی لەگەڵ سەرۆك وەزیران، حەیدەر عەبادی بکات، کە چاوەڕوان دەکرا، هاوپەیمانێتیەکەی سەرکەوتن بەدەست بهێنێت، بەڵام بە پلەی سێیەم هات.

هەروەها سەدر چاوی بە هادی عامری کەوت کە پلەی دووەمی بەدەست هێناوە و سەرکردەیەکی میلیشیایی بەهێز و هاوپەیمانی ئێرانە کە سەرۆکایەتی هاوپەیمانێتییەك دەکات کە هێزەکانی حەشدی شەعبی لەخۆ دەگرێت و ئەو میلیشیا شیعەیانەی هاوپەیمانن لەگەڵ حکومەتدا کە رۆڵێکی سەرەکییان بینی لە شەڕی دوورخستنەوەی چەکدارانی داعش لە عێراقدا. بە هەمان شێوە سەدر گفتوگۆ لەگەڵ پارتە کوردییەکان و گرووپە ناسیۆنالیستە عێراقییەکانی دیکەدا دەکات کە کورسییەکی کەمتریان لە پەرلەماندا هەیە.

ململانێی سیاسی لەبارەی پێکهێنانی حکومەتی نوێیەوە قورس و دژوار دەبێت، لە بەشێکیدا لەبەر ئەوەی ئەو پارت و سیاسەتمەدارە عێراقییانەی کە بەرژەوەندیی قووڵیان هەیە لە درێژەپێدانی سیستمی دابەشکاری تایفەگەری کە تێیدا وەزارەتەکانی حکومەت و ئیمتیازاتەکانی دابەش دەکرێن. هەروەها ئەم سیستمە دەرفەت بۆ دەستێوەردانی دەرەکی دەخولقێنێت، بەتایبەتی بۆ ئێران، و بە رادەیەکی کەمتر بۆ ئەمریکا، کە نزیکەی ٥٠٠٠ سەربازی هەیە کە هاوکاربوون لە راوێژپێدان و راهێنانی هێزەکانی عێراق لە ماوەی شەڕێکی سێ ساڵەدا بۆ دەرکردنی میلیشیاکانی داعش لە شارەکانی عێراقدا. لە کاتێکدا کە ئیدارەی ترەمپ بە رادەیەکی گەورە خۆی لە لێدوانی گشتی بە دوورگرتووە لەبارەی هەڵبژاردنەکەوە، گەورە یاریدەدەرێکی سەدر رایگەیاند کە بەرپرسەکانی ئەمریکا لە رێی میانگیرەکانەوە هەوڵیانداوە پەیوەندی لەگەڵ ئەندامەکانی هاوپەیمانە سیاسییەکەی سەدردا دروست بکەن، لە دوای ئەوەی سەرکەوتنی بەدەست هێنا.

سەدری تەمەن ٤٤ ساڵ، کە رۆژێك لە رۆژان هاوپەیمانی ئێران بووە و لە سەروەختی شەڕی ناوخۆیی عێراقدا بۆ ماوەیەکی زۆر لەوێ ژیاوە، ئێستا رەخنەیەکی زۆر دەگرێت لە پشتیوانیی تاران بۆ لایەنە شیعەکانی عێراق لەم ساڵانەی دواییدا. ئەو بەردەوام ئەوەی دووپات کردۆتەوە کە ناچێتە نێو حکومەتێکی هاوپەیمانێتییەوە لەگەڵ هاوپەیمانەکانی ئێراندا، بەڵام پەیوەندی لەگەڵ عامریدا دروست کردووە کە نزیکترین هاوپەیمانی ئێرانە لە عێراقدا، هەروەها لەگەڵ سەرکردەیەکی دیکەی شیعەدا، عەممار حەکیم کە ئەویش لەلایەن ئێرانەوە پشتیوانی دەکرێت. لە سەروبەندی هەڵبژاردنەکاندا، ئێران بێ پێچ و پەنا ئاماژەی بەوە کرد، رازی نابێت بە حکومەتێك هاوپەیمانەکانی سەدر سەرۆکایەتی بکەن. عەلی ئەکبەر وەلایەتی، راوێژکاری باڵای رابەری باڵای ئێران، ئایەتوڵڵا عەلی خامنەئی لە مانگی شوباتدا و لە کاتێکدا لە عێراقدا هاوپەیمانێتییەکان بۆ هەڵبژاردنەکان پێکدەهێنران، رایگەیاند کە «رێگە نادەین لیبراڵ و کۆمۆنیستەکان حکومڕانیی عێراق بکەن.» بەڵام دوای دەرئەنجامە چاوەڕواننەکراوەکان، خامنەئی، سەرۆکی یەکەی ئۆپەراسیۆنە دەرەکییەکانی سوپای پاسداران (قاسم سولەیمانی)ی، بۆ رێکخستنی هاوپەیمانەکانی ئێران رەوانەی بەغدا کرد.

رژێمی ئێران چەند بەرژەوەندییەکی هەیە لە پشتیوانیکردن لە حکومەتێکی دۆست لە بەغدا، عێراق قووڵاییەکی ستراتیژی و بەربەستێکی بۆ دەخولقێنێت لە بەرامبەر سعودیە و وڵاتانی دیکەی سوننە کە لەگەڵ ئێراندا ململانێ دەکەن لەسەر باڵادەست بوون بەسەر ناوچەکەدا. هەروەها تاران دەخوازێت زامنی ئەوە بکات هەرگیز عێراق نابێتەوە بە هەڕەشەیەکی وجوودی لەسەر بەرژەوەندییەکانی ئێران، بە چەشنی ئەوەی سەرۆکی پێشووی عێراق، سەدام حوسێن کردی لە کاتی داگیرکارییەکەیدا بۆ ئێران لە ساڵی ١٩٨٠. سەدام حوسێن لەلایەن دەوڵەتە عەرەبییە سوننەکان و هێزەکانی رۆژئاواوە پشتیوانی لێکرا لە ماوەی هەشت ساڵی شەڕی عێراق و ئێراندا کە کاولکاری بەسەر هەردوو وڵاتەکەدا هێنا.

داگیرکارییەکەی ئەمریکا لە ساڵی ٢٠٠٣ کە ئامانج لێی رووخاندنی سەدام حوسێن بوو، دەرگای بۆ دەستڕۆیشتوویی ئێران بەسەر عێراقدا واڵاکرد و ئێرانیش بە رەوتێکی خێرا دەستیدایە بەهێزکردنی هاوپەیمانێتی لەگەڵ سەرجەم لایەنە سەرەکییەکانی شیعەی عێراقدا. بۆ چەندین ساڵ دوای داگیرکارییەکەی ئەمریکا، سەدر دەستڕۆیشتووییەکی زیاد لە قەبارەی خۆی هەبوو بەسەر سیاسەتی وڵاتەکەوە. ئەو توانیویەتی بە چەشنێك جەماوەری شیعە بجووڵێنێت کە چەند سەرکردەیەکی کەمی دیکەی عێراق توانییان هاوشانی بن، شوێنکەوتووەکانی، یەکێك لە بەهێزترین میلیشیاکانیان لە سەروەختی شەڕی ناوخۆیی عێراقدا دروستکرد و رۆڵی شادروستکەریان بینی لە دەستنیشانکردنی سەرۆك وەزیرەکان و پێکهێنانی حکومەتە هاوپەیمانێتییەکان.

**یاریدەدەرێکی سەدر رایگەیاند کە بەرپرسەکانی ئەمریکا لە رێی میانگیرەکانەوە هەوڵیانداوە پەیوەندی لەگەڵ ئەندامەکانی هاوپەیمانە سیاسییەکەی سەدردا دروست بکەن، لە دوای ئەوەی سەرکەوتنی بەدەست هێنا**

**سەرکەوتنی سەدر مایەی سەرسوڕمانی ئەمریکا، ئێران، سعودیە و تەنانەت زۆرێک لە عێراقییەکانیش بوو. لە ناوچەیەکەدا کە بە هۆی شەڕەوە کاولکاری بەسەردا هاتووە و پاشا و پیاوە بەهێزکان زاڵن بەسەریدا**

کاتێك هاتە گۆڕەپانەکەوە، تەمەنی سەدر هێشتا ٣٠ ساڵ نەبوو، چەندین دەیەی مابوو بۆ ئەوەی نازناوی ئایەتوڵا بەدەست بهێنێت. سەدر پێگەیەکی ئایینی وەهای نەبوو کە ببێتە مەرجەع، و شوێنکەوتەی هەبێت. بەڵام ئەو تەنیا کوڕی رزگاربووی ئایەتوڵای مەزن موحەمەد باقر سەدر-ە، کە لە ساڵی ١٩٩٩دا لەلایەن رژێمی عێراقەوە کوژرا. کە ئەم زانا گەورەیەی شیعە، بە پێچەوانەی سیستانییەوە، پشتیوانی لەوە دەکرد، پیاوانی ئایینی رۆڵێکی سیاسیی گەورەیان هەبێت. سەدری گەنج میراتی سیاسیی باوکی بۆ مایەوە وەك سەرکردەی بزووتنەوەی سەدر.

سەرەڕای میراتی خێزانی، سەدر بانگەشەیەکی دیکەی سەرکردایەتی هەیە کە شوێنکەوتووانی بەکاری دەهێنن بۆ زاخاودانی شەرعییەتەکەی لە بەرامبەر سەرکردەکانی دیکەی عێراقدا. ئەو لە سەروەختی حوکمڕانیی دڵڕەقانەی سەددام حوسێندا عێراقی جێنەهێشت بۆ ئەوەی لە تاراوگە بژێیت. دوای رووخانی دەسەڵاتی سەددام و پشتیوانکارەکانی ئیدانەی داگیرکارییەکەی ئەمریکا و پلانی ئیدارەی بوش-یان کرد بۆ دامەزراندنی حکومەتێکی کاتی کە بە شێوەیەکی سەرەکی پێکهاتبێت لە سیاسەتمەدارە پەسەندکراوەکانی تاراوگە، وەك ئەحمەد چەلەبی و ئەیاد عەلاوی. شوێنکەوتوانی سەدر دەستیان بەسەر نەخۆشخانە، قوتابخانە و مزگەوتەکانی چەند شوێنێکی بەغدا و نەجەف و کەربەلادا گرت. لە غیابی حکومەتدا خزمەتگوزاریی کۆمەڵایەتیان دەستەبەر کرد. پۆستەرەکانی سەدر دیوارەکانی گەڕەکە شیعەنشینەکانیان داپۆشی و ئەو بە دەیان هەزار کەسی کۆکردەوە لە میانەی گردبوونەوەکان و لە کاتی نوێژی هەینیدا. ئەو توانی چەند هەزار چەکدار کۆبکاتەوە کە زۆربەیان گەنجانی گەڕەکە هەژارەکانی بەغدا و باشووری عێراق بوون، بۆ ئەوەی پەیوەندی بە میلیشیا نوێیەکەی (سوپای مەهدی) بکەن.

دوای ئەوەی سەرۆك ئۆباما لە کۆتایی ساڵی ٢٠١١دا دوایین سەربازی ئەمریکی لە عێراق کشاندەوە، سەدر بڕیاری دا بچێتە خەڵوەتەوە و خۆی لە سیاسەت بە دوورگرت، بەڵام پشتیوانەکانی بەردەوام بوون لە خۆکاندیدکردن بۆ پەرلەمان و کۆنترۆڵکردنی چەند وەزارەتێکی سەرەکی. سەدر دەستیکرد بە خستنەڕووی خۆی وەك جەنگاوەرێکی ناسیۆنالیستی و دژە گەندەڵی. ئەو لە چاوەڕوانیدا بوو بۆ دەرفەتێکی دیکە بۆ ئەوەی رۆڵی فریادڕەس ببینێ.

**بە چەشنی گرووپە ئیسلامییەکانی دیکە لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا، بزووتنەوەی سەدریش رێکخراوێکی کۆمەڵایەتی و سیاسی بەهێزی بنیادناوە کە دەتوانێت دەنگی بۆ دەستەبەر بکات**

لە هاوینی ساڵی ٢٠١٤دا، سەدر ساتەوەختی خۆی دۆزییەوە، کاتێك چەکدارانی داعش شاری موسڵیان لە باکوور داگیرکرد. سێ رۆژ دواتر، سیستانی داوای چەکهەڵگرتنی کرد و لە ماوەی چەند هەفتەیەکدا، بە دەیان هەزار لە خۆبەخشە شیعەکان ناوی خۆیان تۆمار کرد بۆ پەیوەندیکردن بە سوپای عێراق، یان بە میلیشیا شیعەکانەوە. لە کاتێکدا شوێنکەوتووانی پەیوەندییان کرد بە شەڕی دژ بە داعشەوە، سەدر داوای هاوپەیمانێتییەکەی نوێی لەگەڵ سوننەدا کرد. لە ساڵی ٢٠١٥دا، سەدر پەیوەندی بە هاوپەیمانێتیی عەلمانی و کۆمۆنیستە عێراقییەکانەوە کرد کە هەڵمەتیان لە دژی گەندەڵی و بژارەی سیاسی دەستپێکردبوو. لە شوباتی ساڵی ٢٠١٦دا، سەدر دەستی بە هەڵمەتێکی بەرفراوان کرد لە بەغدا بە ئامانجی کۆتاییهێنان بە گەندەڵی و خراپ ئیدارەدانی دارایی نێو حکومەت. لە دیمەنەکانی چەشنی پایتەختە عەرەبییەکانی دیکە، بۆ ماوەی دوو مانگ سەدر، دەیان هەزار عێراقی هێنایە سەر شەقامەکانی بەغدا. ئەم پیاوە ئایینییە داوای لە عەبادی کرد بەڵێنەکانی خۆی (هەڵوەشاندنەوەی هەر سێ جێگری سەرۆکایەتی، کەمکردنەوەی خەرجی و هەڵگرتنی بەشکاری تایفەگەری لە میانەی دامەزراندنە سیاسییەکاندا)، جێبەجێ بکات. دوای چەند مانگێك لە خۆپیشاندان و لە کۆتایی مانگی نیساندا، سەدان پشتیوانکاری سەدر هەڵیانکوتایە سەر پەرلەمان لە ناوچەی سەوزی پارێزراوی بەغدا. دوای ٢٤ کاتژمێر خۆپیشاندەرەکان کشانەوە، بەڵام سەدر هەڕەشەی ئەنجامدانی خۆپیشاندانی بەرفراوانی دیکەی کرد. هێزە ئەمنییەکان بە رادەیەکی گەورە تەماشاکار بوون، رێگەیان بە سەدر و شوێنکەوتووەکانی دا بۆ ئەوەی بچنە نێو ناوچەی سەوزەوە.

**سەدر سەرکەوتووانە خۆی وەك کەسێکی ناسیۆنالیستی عێراق خستەڕوو کە پشتیوانی لە حکومەتێکی نوێ دەکات کە پێکهاتبێت لە کەسانی کرد کە لەسەر بنەمای تایفەگەری دەنگ نەدەن و بیربخستنەوە کە گەندەڵی چینی سیاسی وڵاتەکەی دەردەدار کردووە**

وێنەی ئەو رۆژە پێگە نوێیەکەی سەدری چەسپاند وەك جەنگاوەرێکی ناسیۆنالیستی دژە گەندەڵی و وەك یەکێك لەو سەرکردە دەگمەنانەی کە ئامادەن بەرەنگاری دەستڕۆیشتوویی ئێران بەسەر عێراقدا ببنەوە. ئەمەش هۆکارێك بوو بۆ سەرکەوتنە چاوەڕواننەکراوەکەی لە هەڵبژاردنەکاندا. بەڵام لە ئێستادا و بۆ ئەوەی دەرفەتێکی راستەقینەی هەبێت بۆ چاکسازی، ئەوا دەبێت سەدر سیاسەت بکات و رووبەڕووی ئەو هێزانە ببێتەوە کە ساڵانێك بوو رەخنەی لێدەگرتن.



**خالید هادی چاوشلی**

**سەرۆکی دیوانی چاودێریی دارایی هەرێمی کوردستان، لەم دیدارەیدا لەگەڵ گۆڤاری گوڵان، تیشک دەخاتەسەر پرۆژە یاسای چاکسازی و کار و بەدواداچوونی دیوانی چاودێریی دارایی هەرێمی کوردستان.**

**ئەو ئەرک و ئیمتیازاتەی بە کەرتی تایبەت دراوە، کە دەبێت بە شێوەیەک بێت، گەنجینەی حکومەتی هەرێمی کوردستان بپارێزرێت**

**بەشێکی زۆری وەزارەتەکان گرێبەستە گرنگە واژووکراوکان لەگەڵ کۆمپانیا ناوخۆیی و دەرەکییەکانیان بۆ ئێمە نەناردووە**

*** یەکێک لە دەستکەوتەکانی حکومەتی هەرێمی کوردستان، پڕۆژە یاسای چاکسازییە، وەکو شارەزا و پسپۆڕێکی بواری چاودێری تا چەند ئەم پڕۆژەیە بە گرنگ دەزانن؟**

- دەتوانین بڵێین ئەم پڕۆژەیە یەکەم هەنگاوی راستەقینەی کەمکردنەوەی باری گەنجینەی حکومەتی هەرێمی کوردستانە لە رێگای ئامرازی دارایی و یاسایی و کارگێڕیی دادپەروەرانە. لەبەر ئەوەی کە گشت هەنگاوەکانی رابردووی حکومەتی هەرێمی کوردستان لە کاتی بڕینی بودجەی حکومەتی هەرێم لە ساڵی ٢٠١٤ لەلایەن حکومەتی فیدراڵەوە و دواتر قەیرانی دارایی، کە گشتیان دانیان بە واقیعی ئێستای وەزیفی وەکو خۆی ناوە، بەوەی کە هیچ جیاوازییەکی لە نێوان فەرمانبەران و خانەنشینانی یاسایی و نایاسایی نەدەکرد و ئامرازەکانی کۆنترۆڵی قەیران لە ماوەی رابردوو بریتی بوون لە پاشەکەوتی مووچە و زیادکردنی رسومات و باج، ئەمەش کاریگەری زۆر نەرێنی هەبوو لەسەر جووڵەی ئابووری لە بازاڕەکانی هەرێمی کوردستان و لەگەڵیشیدا ئیفلیجکردنی زۆربەی کەرتەکان لە ماوەی رابردوودا.

*** بۆچی ئەم پڕۆژە یاسایە ئەوەندە قسەوباسی لەسەر کرا؟ ئایا دەکرێت پڕۆژەی چاکسازی، بخرێتە ناو بواری موزای یدەی سیاسی و ململانێی حزبییەوە؟**

- ئەگەر تەنیا پێوەری دادپەروەری و یاسا و بەرژەوەندیی گشتی کاریگەری لەسەر ئەو کەسانە هەبوایە، کە دەسەڵاتی دەرکردنی ئەم یاسایەیان هەیە، چ لە کاتی ئامادەکردنی پڕۆژەکە و چ لە کاتی تاوتوێکردنی و دەنگدان لەسەر بڕگەکانی، دەبوایە ئەم یاسایە ئەولەوییەتی لەسەر گشت پڕۆژە یاساکانی تر هەبوایە و شانبەشانی هەر پڕۆژە یاسایەك بەرەو بەرزکردنەوەی ئاستی دامەزراوەیی لە سیستەمی حوکمدارییەتی هەرێمی کوردستان ببوایە، دیارە کە هەندێك لە فشارەکانی دواخستنی دەرکردنی ئەم یاسایە پەیوەندی بە هەڵبژاردەکانی عێراق و هەرێم و هەروەها زەرەرمەندبوونی بەشێك لەو لایەنانە بوو کە کۆمەڵێك لە ئەندامەکانیان لەم واقیع حاڵەی ئێستا لە بوارەکانی خانەنشینی یاسایی و وەرگرتنی پلەی زیاد لە دەرەوەی یاسا و هەژمارکردنی خزمەتی نایاسایی سوودمەند بوون.

*** تا چەند گرنگە کورد لە پێناو چارەسەرکردنی کەموکورتی و نەهێشتنی گەندەڵیدا، یەکڕیز و یەکدەنگ بێت؟**

- بێگومان بەهێزکردنی توانای ئابووری لە هەر کۆمەڵگەیەك لەگەڵ هەبوونی دادپەروەری و یەکسانی لە ماف و ئیمتیازات و ئەرکەکانی، دەبێتە بنەمایەکی پتەو بۆ یەکڕیزی و زیادکردنی ئاستی بەرخۆدان لە پێناو پاراستنی دەستکەوتەکان گەل و کوردستانیش بەو پێوەرە بۆ هەنگاوە نەتەوەییەکانی دیکەی لە ئایندەدا بەتوانا دەبێت.

*** لە رووی یاسایی و تەشریفاتی دەستوورییەوە تا چەند سزادانی گەلی کوردستان و بڕینی بودجەی هەرێم و مووچە بە پێچەوانەی بنەما و بڕگە و خاڵە دەستوورییەکانی عێراق بووە؟**

- بێگومان بڕینی بەشە بودجەی حکومەتی هەرێمی کوردستان لەناکاو و لە کاتی دەستپێکردنی قەیرانی دارایی لە ساڵی ٢٠١٤ کارێکی نادادپەروەرانە و نادەستووری بوو. بەڵام لە هەمانکاتدا دەبوایە لەسەر هەردوو وەزارەتی دارایی هەرێمی کوردستان و فیدراڵ لە سەرەتادا و دوای ساڵی ٢٠٠٣ بنەمایەکی دامەزراوەییان بۆ پێناساندن و رێکاری هەژمارکردنی بڕگە جیاوازەکانی ماف و ئیلتیزاماتی هەر لایەك بە شێوەی یاسایی و رێنمایی لەژێر چوارچێوەی دەستووری عێراقی رێکبخستایە و رێگەیان نەدایە بە فاکتەری ئیجتیهادیی تاکەکەسی و کەڵەکەبوونی کێشەکان وەکو ئەوەی کە تا ئێستا روویداوە.

*** تا چەند بەدواداچوون بۆ کەیسەکانی گەندەڵی کراوە؟**

**خالید هادی چاوشلی**

**سەرۆکی دیوانی چاودێریی دارایی هەرێمی کوردستان بۆ گوڵان:**

# ئەگەر دادپەروەری و بەرژەوەندی گشتی ڕەچاوبکرایە دەبوو ئەولەویەتی هەموو لایەنەکان پەسەندکردنی یاسای چاکسازی بوایە

- ئەرکی وردبینی و چاودێری لە چوارچێوەی یاسای دیوانی چاودێری دارایی ساڵی ٢٠٠٨ ڕێکخراوە و لەماوەی ئەم چوار ساڵەی ڕابردوودا دیوان بە سەدان ڕاپۆرت و نووسراو و پڕۆژەی چاکسازی ئامادە کردووە و خستوویەڕوو، بەدواداچوونی کارایشی بۆ پاکتاوکردنی ئەم کەیسانە کردووە و هەندێکیان کەوتوونەتە ئەستۆی داواکاری گشتی و دەستەی دەستپاکی، لەگەڵ ئەمەشدا شایەنی باسە، کە چەند کۆسپ و بەربەستێك لە پێش دیوانمان هەبووە، تاکو بتوانین ئامانجەکان بەو شێوەی کە هیوامان بۆ دەخواست، جێبەجێ بکرێت، ئەمانەش:

١. دانەمەزراندنی بەڕێوەبەرە گشتییەکانی دیوان، کە پۆستەکانیان بەتاڵە، هەروەها دانەمەزراندنی فەرمانگەی مەڵبەندی و جوگرافییەکان.

٢. دەرنەکردنی یاسای بودجە لە هەرێمی کوردستان لە ساڵانی ڕابردوو، بووە بە هۆیەکی هونەری و یاسایی و بەشی سەرەکی لە پێوەر و چوارچێوەی یاسایی داهات و تێچوون نەماوە، کە دیوان ئەنجامی وردبینییەکانی پێ بەراورد دەکرد.

٣. بەشێکی زۆری وەزارەتەکان گرێبەستە گرنگە واژووکراوکان لەگەڵ کۆمپانیا ناوخۆیی و دەرەکییەکانیان بۆ ئێمە نەناردووە، لەوانە گرێبەستی دابینکردن (تجهیز) و مساتەحە و سپاردنی ئەرکی حکوومی بە کەرتی تایبەت و هەروەها پڕۆژەکانی خزمەتگوزاری و بەشداریکردن و هاوبەشیکردن لەگەڵ کەرتی تایبەت.

*** یەکێك لە خاڵەکانی پڕۆژەی چاکسازی، چاکسازییە لە بواری وەزیفی و کارگێڕیدا، هەروەها کێشەی دوو مووچەیی و پلەبەرزکردنەوەی نایاسایی، ئەم خاڵانە چەند گرنگە بۆ ئابووری کوردستان؟**

- هەر وەکو لە سەرەتای ئەم دیدارە باسمان کرد، ئەم پڕۆژەیە تەنیا هەنگاوێکە لە هەنگاوەکانی ڕاستەقینە و دادپەروەرانەی چاکسازی و پێویستە هەنگاوەکانی دواتر بایەخی زۆرتری پێبدرێت، کە ئەم بوارانەی خوارەوە لەخۆ دەگرێت:

١. بەدواداچوونی هەیکەل و قەبارەی کارگێڕیی حکومەتی هەرێمی کوردستان لەسەر بنەما و فەلسەفەیەکی نوێ.

٢. کاراکردنی سیستەمی بانکی لە هەرێمی کوردستان کە دەبێتە بنەمایەك بۆ ڕێگاگرتن لە گەندەڵی و بەرزکردنەوەی ئاستی دراوی پێویست لە مامەڵەی بازرگانی و پەیڕەوکردنی سیستەمی حوکمداری و چاودێری و وردبینیی ئەلیکترۆنی.

٣. چاکسازی لە سیستەمی کارکردن و خانەنشینی بە شێوەیەك کە ڕێگا بگرێت لە تێکەڵبوونی کارمەند و کات و ئیمکانییاتی کەرتی تایبەت و کەرتی گشتی و بە ڕەچاوکردن و زەمینەسازکردنی هەمان ماف و ئەرکەکان بە کونسیبت و یاسایەکی نوێ، بەتایبەت لە بوارەکانی تەندروستی و پەروەردە و خوێندنی باڵا و بوارەکانی تر بە پێی ڕێکار و یاسای تایبەت بەم باسە.

٤. بەدواداچوونەوەیەکی جددییانە بۆ گشت گرێبەستەکانی سپاردنی ئەو ئەرك و ئیمتیازاتەی بە کەرتی تایبەت دراوە، کە دەبێت بە شێوەیەك بێت، گەنجینەی حکومەتی هەرێمی کوردستان بپارێزرێت. هەروەها هەمووارکردنی یاسای وەبەرهێنان و چەسپاندنی باجی جۆراوجۆر و ڕسوماتی گومرگی لەسەر گشت ئەم پڕۆژانە کە ماوەیان بەسەرچووە لە ڕۆژی مۆڵەت، نەك لە ڕۆژی تەواوبوونی پڕۆژەکە. لەبەر ئەوەی وشەی تەواوبوونی پڕۆژە، مانای جۆراوجۆر دەدات و دەیان ساڵ درێژەی پێدەدرێت.

٥. چاکسازی لە سیستەمی باجی دەرامەت و VAT - بەهای زێدەکی- بەتایبەت لەسەر کۆمپانیا زەبەلاحەکان جێبەجێ بکرێت، بە شێوەیەك کە ڕێگا بگرێت لە لاوازیی داتا و تۆماری ئەم کۆمپانیایانە.

**دەبوایە لەسەر هەردوو وەزارەتی دارایی هەرێمی کوردستان و فیدراڵ لە سەرەتادا و دوای ساڵی ٢٠٠٣ بنەمایەکی دامەزراوەییان بۆ پێناساندن و ڕێکاری هەژمارکردنی بڕگە جیاوازەکانی ماف و ئیلتیزاماتی هەر لایەک بە شێوەی یاسایی و ڕێنمایی لە ژێر چوارچێوەی دەستووری عێراقی ڕێکبخستایە و ڕێگەیان نەدایە بە فاکتەری ئیجتیهادیی تاکەکەسی و کەڵەکەبوونی کێشەکان وەکو ئەوەی کە تا ئێستا ڕوویداوە**

# زانستی سیاسەت دیارترین بیرمەندی لەدەست دەدات


## شێرزاد نەجارِ هاوخەمی بۆ کۆچی دوایی پرۆفیسۆر هاینریچ شنایدەر (Heinrich Schneider)ی مامۆستای دەردەبڕێت

**پەیمانگەی سیاسەتی ئەورووپی: ئێمە خەمبارین بە کۆچی دوایی شنایدەر کە لە تەمەنی ٨٨ ساڵاندا کۆچی دوایی کرد، هەمیشە لە یادماندا وەک کەسایەتییەکی گرنگی تژی لە سۆزی سیاسی دەمێنێتەوە، وەک ئەندامێکی بەرنامەی IEP و هاوبەشی گرێبەستەکان، تەنانەت سەرۆکی فەخریی شاری زانستیمان، بەو پێیەی کە زانایەکی دیاری سیاسییە، هەروەها لەمیانی پابەندبوونی تەواوی بە ئەورووپاوە، ئەو نموونەیەکە شوێن پێی هەڵدەگیرێت و لە سیاسەتی ئەورووپاشدا دەنگێکی سەرەکی دەبێت**

لەم ماوەیەی دواییدا زانستی سیاسەت ژمارەیەك لە پێشەنگ و بیرمەندو مامۆستاکانی لەدەست دا، بۆ نموونە: ڤیدیڤید ئیستن (٢٠١٤-١٩١٧ )؛ جابرییل ئەلموند (١٩١١-٢٠٠٣)، جیوڤانی سارتۆری (١٩٢٤-٢٠١٦)، مۆریس دۆفرجێە (١٩١٧-٢٠١٤)،جاك هوارد(١٩٣١-٢٠١٧ )،نۆرمان رۆف (١٩٢٩-٢٠١٧)، تیدکیر(١٩٣٦-٢٠١٧)، لەئێستاشدا ئەم زانستە ناودارترین بیرمەند (هاینریچ شنایدر Heinrich Schneider)ی لەدەست دا، کە لە جەژنی قیامە لە رۆژی یەکەمی نیسانی ساڵی ٢٠١٨ لە تەمەنی ٨٨ ساڵیدا کۆچی دوایی کرد. بە لەدەستدانی ئەو بیرمەندە زانستی سیاسەتی نەمسایی (هەروەها ئەڵمانی) بە رادەیەکی زۆر قەرزاری ئەو زانایە بوون، چونکە دامەزرێنەرو مامۆستایەکی بەتوانای پەیمانگەی زانستە سیاسییەکان بوو لە زانکۆی ڤیەننا.

پرۆفیسۆر شنایدەر لە ١٠ی ئابی ١٩٢٩ لە براندنبۆرگ/ هافیل لە ئەڵمانیا لەدایکبووە، یەکەم جار فەلسەفەو دیراساتی شانۆیی و ئەدەبی ئەڵمانی و سایکۆلۆجی خوێندووە، دواتر زانستە سیاسییەکان و کۆمەڵناسی لە زانکۆکانی بامبرج و میونیخ و کلیفلاند(ئۆهایۆ) لە ئەمریکا. لە ساڵی ١٩٥٥ دکتۆرای لە زانکۆی میونیخ بەدەستهێناوە، دوای دەرچوونی بۆ چەند ساڵێك لە (بزووتنەوەی فیدراڵیی ئەورووپی) وەك وانەبێژ لە ئەکادیمیای پەروەردەی سیاسی کاری کردووە، لە ساڵی ١٩٦٣ تا ساڵی ١٩٦٧ پرۆفیسۆر شنایدەر بۆتە مامۆستای زانستە سیاسییەکان لە کۆلێجی پەروەردەی هانۆڤەر، لە ساڵی ١٩٦٧ بە مامۆستای فەلسەفەی سیاسی و رەخنەی ئایدیۆلۆجی لە کۆلێجی ئادابی زانکۆی ڤیەننا دامەزراوە. دوای چاککردنەوەی هەیکەلبەندیی دیراسەی زانستە سیاسییەکان لە زانکۆکانی نەمسا و لە ساڵی ١٩٧٧ ناوی (پەیمانگەی تیۆرە سیاسییەکان) کە لە ساڵی ١٩٧١ بە سەرۆکایەتیی پرۆفیسۆر شنایدەر دامەزرا بۆ (پەیمانگەی زانستە سیاسییەکان) گۆڕا و هەر بە سەرۆکایەتیی شنایدەر، ئەو تاکە پرۆفیسۆری پەیمانگەکە بوو تا ساڵی ١٩٨١، دواتر سەرۆکی پەیمانگەکە بوو تا ساڵی ١٩٨٦، لە ساڵی ١٩٩١ خانەنشین کرا، بەڵام وەك مامۆستایەکی شارەزا لە پەیمانگەکە هەر بەردەوام بوو و وانەشی لە زانکۆکانی ئاخنی ئەڵمانی و دانوبی شاری کریمسی نەمسایی دەگوتەوە.

توێژینەوەو نووسینەکانی پرۆفیسۆر شنایدەر بە شێوەیەکی فراوان بڵاو بوونەوە، بۆیە هەمیشە



# د. شێرزاد نەجار

تایبەت بۆ گوڵان نووسیویەتی

بانگهێشت دەکرا بۆ گوتنەوەی وانە لە چەندین وڵات، هەروەها لە چەندین لیژنەی زانستیی نێودەوڵەتی بەشدار بووە، وێڕای چەندین کتێب و وتار دەربارەی مێژوو و تیۆری فیکری سیاسی و پەروەردەی سیاسی.

پرۆفیسۆر شنایدەر هەر لەسەرەتای لاوییەوە گرنگیداوە بە کێشەکانی تەواوکاری و یەکێتیی ئەڵمانیا، لە ماوەی نێوان ساڵانی ١٩٥٥ تا ١٩٥٨ بۆتە سەرۆکێکی فیدراڵیی فیدراڵییە گەنجەکانی ئەوروپا، وێڕای ئەمەش، لە ساڵی ١٩٤٩ وە بۆتە ئەندام لە یەکێتیی ئەوروپا لە ئەڵمانیا و جێگری سەرۆکی یەکێتییەکە لە ١٩٥٥ تا ساڵی ١٩٧١.

بەشداریکردنەکانی پرۆفیسۆر شنایدەر زۆر سەرکەوتوو و بەرچاو بوون، بەتایبەتیش لە بوارەکانی ئاسایش و بەرگری و سیاسەتی ئاشتی و سیاسەتی ئەوروپادا، بە شێوەیەکی بەرچاو بەشداریکردووە لە پەرەپێدان و پێگەی یەکێتیی ئەوروپا لە هەشتاکان و نەوەدەکاندا، ئەو کاتەی نەمسا خەریك بوو دەچووە نێو یەکێتیی ئەوروپاوە، لە ١٩٧٣-٢٠٠١ بۆتە سەرۆکی کاروباری زانستی لە پەیمانگەی بەرلین بۆ سیاسەتی ئەوروپا،دواتر بۆتە سەرۆکی فەخریی پەیمانگەکە، لە ساڵی ١٩٨٧ تا ٢٠١٨ سەرنووسەری گۆڤاری (تەواوکاری Integration) ی پەیمانگەکە بووە.

پرۆفیسۆر شنایدەر تا رادەیەکی زۆر چالاك بوو لە بابەتەکانی زانستە سیاسییەکان و لە پێشکەشکردنی ئاستێکی باڵای شارەزایی بەرز لە راوێژی پەیوەست بە سیاسەت، پرۆفیسۆر شنایدەر چەندین پۆستی وەرگرتووە لە (کۆنگرەی ئاسایش و هاوکاری لە ئەوروپا KSZE) دواتر بوو بە (رێکخراوی ئاسایش و هاوکاری لە ئەوروپا OSZE)، هەروەها ئەندام بووە لە لیژنەی ئەسقەفییەتی نەمسایی بۆ دادپەروەری و ئاشتی Iustitia et Pax و سەرۆکی ئەنجومەنی ئەمیندارانی ئەکادیمیای کۆمەڵایەتیی کاسۆلیکی لە نەمسا، هاوکات جێگری سەرۆکی کۆمەڵەی دیراساتی ستراتیجیی سیاسیی نەمسایی بووە، ئەندامیش بووە لە شاندی ئەڵمانی (دواتر لە شاندی نەمسایی) لە رێکخراوی یۆنسکۆ UNESCO، هەروەها ئەندامی ئەنجومەنی زانستیی پەیمانگەی سیاسەتی نێودەوڵەتی نەمسایی بووە، دواتریش ئەندام بووە لە ئەنجومەنی سەرۆکایەتیی گرووپی کار بۆ یەکبوونی ئەوروپا. بۆ ماوەیەکی زۆریش سەرۆکی لیژنەی زانستەکان بووە لە وەزارەتی بەرگریی فیدراڵیی نەمسا، وەك مامۆستای

**ڤاتیکان هاوخەمی بۆ کۆچی پرۆفیسۆر شنایدەر دەردەبڕێت و لە ماڵپەڕی خۆیدا دەنووسێت: پرۆفیسۆر هاینریچ شنایدەر زانای سیاسیی بەناوبانگ لەسەر ئاستی جیهان و توێژەری ئاشتی و راوێژکاری فاتیکان، لە جەژنی قیامەو لە رۆژی یەکی نیسانی ٢٠١٨ لە تەمەنی ٨٨ساڵیدا کۆچی دوایی کرد**

سیاسەتی ئاسایش وانەی گوتووەتەوە، بۆ چەند ساڵێکیش وانەبێژ بووە لە ئەکادیمیای بەرگریی نیشتمانیی هێزە چەکدارەکانی نەمسا، هەروەها بۆتە سەرۆکی لیژنەی پەروەردەی سیاسی لە وەزارەتی پەروەردەی فیدراڵیی نەمسا.

پرۆفیسۆر شنایدەر لە یەکێك لە موحازەرەکانیدا لە (پەیمانگەی سیاسەتی ئەوروپا)دا روونی کردەوە کە یەکەم پەیوەندیی ئەو لەگەڵ فیکری نەتەوەیی ئەوروپا لە سەرەتای چلەکان بووە، کە ئەو کاتە فیکرێکی تازە بووە، بەڵام دوای کارەسات و شەڕوشۆڕەکانی ئەوروپا کاتی پرۆتستۆیەکی تازەو پاساوێکی بەهێز هاتووە بۆ ژێرخانێکی رێکخراوەیی سەرووی نیشتمانپەروەریی ئەوروپا. بزووتنەوەی تازەی سیاسیی ئەوروپی هاندەر بووە بۆ پرۆفیسۆر شنایدەر تاکو بێتە نێو فیکری یەکێتیی ئەوروپاوە ئەویش لە رێی رێکخراوی لاوانی سەر بە یەکێتییەکە: لاوانی فیدراڵیخوازی ئەوروپا (ئەو کاتە بە ناوی: یەکێتیی لاوانی ئەوروپا، BEJ)، بەم شێوەیە پرۆفیسۆر شنایدەر یەکەم هەنگاوی هاویشتووە بەرەو بایەخدان بە یەکگرتنی ئەوروپا، لە میانی ئەو ساڵانەی سیاسەتی ئەوروپادا خۆبەخشین لە کاری یەکگرتوویی ئەوروپادا بە نیسبەت پرۆفیسۆر شنایدەر بوو بە پێشەگەریی و پیشە، دوای ماوەیەکی کەم بە کردەنی لە سەرۆکایەتیی یەکێتیی ئەوروپادا کاری کردووە.

یەکێك لە راوبۆچوونەکانی پرۆفیسۆر شنایدەر دەربارەی بارودۆخی ئێستای یەکێتیی ئەوروپا، ئاماژە بەوە دەکات کە بەدەست پاشکۆیەتییەوە دەناڵێنێت، بۆیە پێویستە تواناکانی فراوان بکرێن بۆ ئەوەی چاکتر بیربکاتەوە - نابێ تەنیا قەیرانەکە بەردەوام بێت، بەڵکو دەبێت بەرنامەگەلێکی تازە دابنرێت کە لە وانەکانی ئەو قەیرانانە هەڵێنجرا بن و پێویستیشە حکومەتێکی ئابووری پێکبهێنرێت، ئەمەش زۆر پێویستە بۆ دەربازبوون لە قەیرانەکانی داهاتوو.

پرۆفیسۆر شنایدەر جەخت لە پێشەنگانی یەکبوونی ئەوروپا دەکاتەوە: جان مۆنێە و رۆبێرت شومان بیرۆکەیەکی بلیمەتیان بۆ تەواوکاریی ئابووری دارشتووە، ئەویش بە دامەزراندنی رێکخراوی خەڵووز و پۆڵای ئەوروپی (ECSC) ١٩٥١. لەگەڵ ئەوەشدا، ئەمرۆ گریمانەی تەواوکاریی ئابووری دەرهاویشتەی نەرێنی هەیە لەوەتەی بەربەستە ئابوورییەکان هەڵگیراون و لە جیهانێکی گلۆبالیزمدا کە زۆر جار ترس زاڵە بەسەر ئەنجامدانی ئەرکەکان، بۆیە لەگەڵ دامەزراندنی کۆماری پێنجەم لە فەرەنسا لە ١٩٥٨ ئاسان نەبوو کە تەواوکاریی زیاتری سیاسی جێبەجێ بکرێت.

پرۆفیسۆر شنایدەر لەبەر چالاکی و خزمەتگوزارییە زانستییەکانی چەندین خەڵاتی بەدەستهێناوە لەوانە: (مەدالیای زێڕینی یەکێتیی ئەوروپا لەگەڵ ئەستێرەیەك)، (مەدالیای باڵای زیوینی خزمەتگوزارییەکانی کۆماری نەمسا)، (خاچی فیدراڵیی کۆماری ئەڵمانیای فیدراڵ لە پلەی یەکەم)، (خەڵاتی ئەکادیمیای نەمسا بۆ زانستەکان)، لە ساڵی ١٩٩٦دا پرۆفیسۆر شنایدەر (خەڵاتی باڵای کاردینال ئینیتزری) وەرگرت، لە ساڵی ٢٠٠٤دا (خاچی گەورەی لە سیستەمی جلیۆری پاپا) بەدەستهێنا، هەروەها بە میدالیای (کاردینال ئۆبیلیۆی رووسی) خەڵات کراوە.

پرۆفیسۆر شنایدەر لە توێژینەوەو نووسینەکانیدا تەرکیزی کردۆتە سەر سیاسەتی نێودەوڵەتی و تەواوکاریی ئەوروپی و سیاسەتی ئەمنی و خوێندنی سیاسی، وێڕای تیۆرو مێژووی فیکری سیاسی، زیاتر لە ٥٠٠ بڵاوکراوەی هەیە لە کتێب و توێژینەوە و وتار.

لەنێو زانکۆشدا پرۆفیسۆر شنایدەر نموونەیەکی دیاری مامۆستای پابەند بووە بە فێرکردن و بەرزکردنەوەی ئاستی ئەو زانایانەی کە تازە دەستیان پێدەکرد، هەروەها ئەم پابەندبوونە ئەولەویەتێکی زۆری لە رووی کاتەوە پێ بەخشی، ئەو پابەندبوونەی شنایدەر بە فێرکردن تا ئەمڕۆش لەلایەن قوتابییەکانیەوە (لەوانیش من) تا ئەمڕۆش هەر باس دەکرێت، هەروەها ئەو ژمارە زۆرەی نامەو تێزی دکتۆرا کە سەرپەرشتی کردوون، بەڵگەی روونن کە چەند بۆ ئەو گرنگ بوون، بایەخێکی زۆریشی خستبووە سەر هاندان و پاڵپشتیکردنی سەربەخۆیی قوتابیان و کاندیدانی دکتۆرا لە پەرەپێدانی کارامەیی زانستە سیاسییەکان.

چەندین دامەزراوە هاوخەمییان بۆ پرۆفیسۆر شنایدەر دەربڕی، لەوانە:

**ئەو ژمارە زۆرەی نامەو تێزی دکتۆرا کە سەرپەرشتی کردوون، بەڵگەی روونن کە چەند بۆ ئەو گرنگ بوون، بایەخێکی زۆریشی خستبووە سەر هاندان و پاڵپشتیکردنی سەربەخۆیی قوتابیان و کاندیدانی دکتۆرا لە پەرەپێدانی کارامەیی زانستە سیاسییەکان**

**پرۆفیسۆر شنایدەر لە توێژینەوەو نووسینەکانیدا تەرکیزی کردۆتە سەر سیاسەتی نێودەوڵەتی و تەواوکاریی ئەوروپی و سیاسەتی ئەمنی و خوێندنی سیاسی، وێڕای تیۆرو مێژووی فیکری سیاسی، زیاتر لە ٥٠٠ بڵاوکراوەی هەیە**

**پرۆفیسۆر شنایدەر لەبەر چالاکی و خزمەتگوزارییە زانستییەکانی چەندین خەڵاتی بەدەستهێناوە لەوانە: (مەدالیای زێڕینی یەکێتیی ئەوروپا لەگەڵ ئەستێرەیەک)، (مەدالیای باڵای زیوینی خزمەتگوزارییەکانی کۆماری نەمسا)، (خاچی فیدراڵیی کۆماری ئەڵمانیای فیدراڵ لە پلەی یەکەم)، (خەڵاتی ئەکادیمیای نەمسا بۆ زانستەکان)، لە ساڵی ١٩٩٦دا پرۆفیسۆر شنایدەر (خەڵاتی باڵای کاردینال ئینیتزری) وەرگرت، لە ساڵی ٢٠٠٤دا (خاچی گەورەی لە سیستەمی جلیۆری پاپا) بەدەستهێنا، هەروەها بە میدالیای (کاردینال ئۆبیلیۆی رووسی) خەڵات کراوە**



د. شێرزاد نەجارِ لەگەڵ مامۆستاکەی پرۆفیسۆر هاینریچ شنایدر

پەیمانگەی زانستە سیاسییەکان- زانکۆی ڤیەننا: هاوخەمی بۆ کۆچی دوایی پرۆفیسۆر شنایدەر دەردەبڕێت و رایدەگەیەنێت کە: ئێمە بە مەمنوونییەت و شەرەفەوە هەر یادی دەکەینەوە و هاوسۆزیشمان بۆ خانەوادە و کەسوکاریەتی.

ڤاتیکان هاوخەمی بۆ کۆچی پرۆفیسۆر شنایدەر دەردەبڕێت و لە ماڵپەڕی خۆیدا دەنووسێت: پرۆفیسۆر هاینریچ شنایدەر زانای سیاسیی بەناوبانگ لەسەر ئاستی جیهان و توێژەری ئاشتی و راوێژکاری فاتیکان، لە جەژنی قیامەو لە رۆژی یەکی نیسانی ٢٠١٨ لە تەمەنی ٨٨ساڵیدا کۆچی دوایی کرد، تەرمەکەشی لە ١٣ی نیسان لە شوێنی لەدایکبوونی لە دارستانەکانی ڤیەننا بەخاك سپێردرا.

پرۆفیسۆر شنایدەر بۆ چەند ساڵێك جێگری سەرۆکی نێردەی شاندی ڤاتیکان بووە لە (کۆنگرەی ئاسایش و هاوکاری لە ئەورووپا CSCE) دواتر لە رێکخراوی ئاسایش و هاوکاری لە ئەورووپا . لە قۆناخی گەرمی وتوویژەکانی کۆنگرەی ئاسایش و هاوکاری لە ئەورووپادا تێگەیشت کە یەکێتیی سۆڤییەتی جاران رەزامەند بووە لەسەر تێپەڕاندنی ئازادیی ئایینی.

پەیمانگەی سیاسەتی ئەورووپی، دەڵێت: ماڵئاوا هاینریچ شنایدەر و ئێمە خەمبارین بە کۆچی دوایی شنایدەر کە لە تەمەنی ٨٨ ساڵاندا کۆچی دوایی کرد، هەمیشە لە یادماندا وەك کەسایەتییەکی گرنگی تژی لە سۆزی سیاسی دەمێنێتەوە، وەك ئەندامێکی بەرنامەی IEP و هاوبەشی گرێبەستەکان، تەنانەت سەرۆکی فەخریی شاری زانستیمان، بەو پێیەی کە زانایەکی دیاری سیاسییە، هەروەها لەمیانی پابەندبوونی تەواوی بە ئەورووپاوە، ئەو نموونەیەکە شوێن پێی هەڵدەگیرێت و دەنگێکی سەرەکیش دەبێت لە سیاسەتی ئەورووپادا.

**زانستی سیاسەتی نەمسایی (هەروەها ئەڵمانی) بە رادەیەکی زۆر قەرزاری ئەو زانایە بوون، چونکە پرۆفیسۆر شنایدەر دامەزرێنەرو مامۆستایەکی بەتوانای پەیمانگەی زانستە سیاسییەکان بوو لە زانکۆی ڤیەننا**

# له رۆژی جیهانیی ژینگەدا با دروشمەکان بکەین بە پرۆژە

لە (٥)ی حوزیرانی هەموو ساڵێکدا، جیهان بە گشتی و ژینگەدۆستان بەتایبەتی، یادی بۆنەی رۆژی جیهانیی ژینگە بەرز رادەگرن، ئەو رۆژەی کە نەتەوە یەکگرتووەکان لە کۆنگرەی (ستۆکهۆڵم)ی تایبەت بە ژینگە لە ساڵی (١٩٧٢)دا، هێنایەئاراوەو، هەر لەو رۆژەشدا (بەرنامەی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ ژینگە) (UNEP) دامەزرا.

ئەم رۆژە بۆنەیەکە بۆ هۆشیاریی زیاتر لە بواری ژینگە و بۆ سەرنجراکێشانی سیاسەتمەدارو بڕیار بە دەستانی جیهان بەلای ژینگەدا و، دروستکردنی بایەخ پێدانێکی جیهانیی بە ژینگە و پێکهێنەرەکانی. هەروەها ئاماژەیەکیشە بۆ برەودان بە رۆڵی کۆمەڵگە لە گۆڕینی هەڵوێستەکان بە ئاراستەی پاراستن و چاککردنی ژینگە و دروستکردنی هەستێکی جیهانیی لای دانیشتووانی گۆی زەوی بەو بەیەکەوە بەستنەوەیەی کە چارەنووسی هەموویانی بە یەکەوە گرێداوە.

لە رۆژی جیهانیی ژینگەدا، پێویستە لە بیری ئەوەدا بین کە دابینکردنی پێداویستییەکانی مرۆڤ لە رووی ژینگەییەوە لە مافە سەرەکییەکانی خۆیەتی وەك بەشێك لە مافەکانی مرۆڤ بەگشتی. هەروەها پێویستە ئەو راستییەش بزانین کە بەسەربردنی ژیان و گوزەران لە ژینگەیەکی سەلامەتدا مافێکی دەستووریی هەموو تاکێکی ئەم وڵاتەیە، بەپێی ماددەی (٣٨)ی دەستووری عێراقی فیدراڵ.

ئەوەش گرنگە بزانرێت کە دەستکەوتنی ئاوی خاوێنی خواردنەوەو بوونی سیستمێکی گونجاو بۆ ئاوەڕۆکان و بوونی میکانیزمێکی بێ زیان بۆ رزگاربوون لە پاشماوەو پاشەڕۆکان، هەروەها زیادکردنی رووبەری سەوزایی و دووبارە دارِشتنەوەی دیزاینی شارەکان بە ئاراستەی کەمکردنەوەی قەرەباڵغی و پاراستنی زیندە جۆرەکان و ، هەڵگرتنەوەی مینی چێنراو و.. هتد، لە مافە سەرەکیی و بنچینەییەکانی هەر مرۆڤێکن.

دیارە بۆ زامنکردن و دەستەبەرکردنی هەموو ئەمانەش، هەبوونی ئیرادەیەکی بەهێزی سیاسی و ئیدارەیەکی زانستییانەی ژینگەیی زۆر گرنگن بۆ جێبەجێکردنی رێککەوتنامە نێودەوڵەتییەکانی تایبەت بە ژینگە و، هەماهەنگی و هاوکاریی نێودەوڵەتی و ، کەمکردنەوەی رێژەی هەژاری و ، کۆنترۆڵکردن و کۆتاییهێنان بە شەڕ و جەنگەکان و ، پەیڕەوکردنی سیاسەتی پەرەپێدانی هەمیشەیی و بەردەوام. هەموو ئەمانە هەنگاوی زۆر گرنگن کە کار دەکەنە سەر گۆڕینی چالاکییەکان لە وشەوە بۆ کردار، لە درووشمەوە بۆ پرۆژە.

لە رۆژی جیهانیی ژینگەدا نەتەوە یەکگرتووەکان داوا دەکات لە دەوڵەت و هەرێمەکانی جیهان کە رۆژی نیشتمانیی و هەرێمایەتیش بۆ ژینگە دیار بکەن، لەپاڵ هەبوونی رۆژی جیهانیی بۆ ژینگە، بۆیە رۆژی جیهانیی ژینگە هۆکارێکیشە کە بە هۆیەوە ئەمرۆکە گەلان رۆژی تایبەتیان بۆ ژینگەی لۆکاڵیی خۆیان دیاری کردووەو،



عەبدولڕەحمان سدیق

بۆ گوڵان دەینووسێت

تیایـدا لەسـەر ئاسـتی هەرێمایەتـی و نیشـتمانی و لـە پێنـاوی پاراسـتن و چاککردنـی ژینگـەدا، چالاکیـی جۆراوجـۆر ئەنجام دەدەن.

ژینگـە وەك دیاردەیەکـی بابەتـی پەیوەسـت بـە مـرۆڤ و ژیـان و چالاکییـە بەردەوامەکانـی مرۆڤـەوە، بـەردەوام پێویسـتی بـە چاودێریکـردن و چاککردنـی بـەردەوام هەیـە، چونکـە مـرۆڤ بـەردەوام لـە چالاکیدایـەو، بـە چالاکییەکانیشـی، پەرەپێدانێـك ئەنجـام دەدات، بـەڵام پیسـبوونێك لـە ژینگـەدا بەجێدەهێڵێـت.

ژینگـە خـۆی دوای سـەدان سـاڵ سیسـتمێکی تایبـەت بـە خـۆی بەرهـەم هێنـاوە، بـە شـێوازێکی ڕێکوپێك و بـە پێـی یاساو ڕێسـایەکی گەردوونی کار دەکات، بـەڵام بـە زیادبوونـی ڕۆڵـی مـرۆڤ و فشـاری زۆری کۆمەڵگـە بـە بەردەوامیـی لەسـەر پێکهاتەکانـی ژینگـەو زیـادەڕەوی لـە بەرکاربردنـی دەرامەتەکانـی، گرفتـی زۆری ژینگەیـی هاتۆتەئـاراوە.

کارکـردن بـۆ ژینگەیەکـی سـەلامەت، لـە پێـش هەمـوو شـتێکدا هەوڵدانـە بـۆ پاراسـتنی باڵانـس و هاوسـەنگیی ژینگەیی، کە لە ناوەڕاسـتی سـەدەی بیسـتەمەوە هەتـا ئەمـڕۆ بـە شـێوازێکی زۆر تونـد ئـەو هاوسـەنگییە ڕوو لـە تێکچوونـە .

هەروەکـو لـە تـەواوی بابەتەکانـی تایبـەت بـە ژینگـە و پەرەپێدان ئاماژە بـە ژینگـە دەکرێت، وەك بوارێکی پەیوەست بە بـواری کارو چالاکیی گشت وەزارەتەکانی ترەوە، کە ئەوانیش بەکارەکانیان ڕۆڵی نێگەتیڤ لەسەر ژینگە بەجێدەهێڵن؛ بۆیە جێگەی خۆیەتی لە پاراستن و چاککردنی ژینگەدا هەموو جـۆرە ڕێـگاو چالاکییـەك بگرینەبـەر و تەنیـا بـە یـەك شـێواز کار نەکەیـن، چونکە پاراستنی ژینگـە کاری زۆر و جۆراوجـۆری دەوێت، کـە لـە دواجـاردا لەسـەر یەکدی کەڵەکە دەبـن و ، دەبنـە بنەمایەکی دیـارو دروست بـۆ کارکردنـی بـەردەوام.

ژینگـە بابەتێکـە پەیوەسـتە بـە زۆر بـواری ئابـووری و کۆمەڵایەتـی و ڕۆشـنبیری و سیاسـییەوە، وەکـو زانسـتیش ڕۆژ لـە دوای ڕۆژ بـەرەو پسـپۆڕیتی هەنـگاو دەنێـت و ، تەنانـەت ئێسـتا ژینگـە لـە پسـپۆڕێتییەوە بـەرەو پسـپۆڕێتیی ورد هەنگاو دەنێت، ئەمـەش ئەوەمـان لێداەخوازێت کـە لـە پاراسـتنی ژینگـەدا ئاگامـان لـە بنەمـا گشـتییەکان بێـت و ، هـەر یەکەشـمان لـە بوارێکـی پسـپۆڕیتی ورد و تایبەتـدا ئاگاداریـی تایبەتمـان هەبێـت لـە دواگۆڕانکارییەکانـی ژینگـە و پاراسـتن و چاککردنـی.

لەگـەڵ ئاماژە بـە زۆرلایەنـی ژینگـەو پەیوندیی لەگەڵ بوار و کاری دەزگاکانی دیکـەداو، کردنەوەی دەروازەیـەك بـۆ ژینگـە ڕۆشـنبیری، پێویسـتە سـاڵ لـە دوای سـاڵ بـوارو جـۆری چالاکییەکانمـان نـوێ بکەینـەوەو، بـە شـێواز و جـۆری جیاجیـای سـەردەم و ، بـە شـێوازیی کاری کـورت خایـەن و درێژخایـەن و ، بـە نووسـینی گۆشـە، یـان بـاس و توێژینـەوە و نووسـینی تایبـەت ؛ درێـژە بـە ژینگـە ڕۆشـنبیری بدەیـن و، شـێوازی نـوێ و کاریگەرتـر دابهێنیـن بـۆ پاراسـتنی ژینگـەو، لـە تیـۆر و قسەشـەوە بـەرەو پراکتیـك و پـڕۆژە هەنـگاو بنێیـن.